کامۆ

# کەوتن

ئەلبێر کامۆ

وەرگێڕانی: توانا ئەمین

بەراوکردنی بە دەقی فەرەنسی:

بەیان سەلمان

AWER
Nawandi Awer

ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
ژمارەی بڵاوکراوە: ٢٤١

- ناوی کتێب: کەوتن
- بابەت: نۆڤلێت
- وەرگێڕانی لە فارسییەوە: توانا ئەمین
- بەراوردکردنی بە دەقی فرەنسی: بەیان سەلمان
- تیراژ : (١٠٠٠) دانە
- چاپ : دووەم (٢٠١٥)
- نرخ: (٥٠٠٠) دینار
- لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٩٧٤)ی ساڵی ٢٠١٤ پێدراوە.

ناوەندی ئاوێر
بۆچاپ و بڵاوکردنەوە
ناونیشان: هەولێر-پشت پارێزگا-بەرانبەر دەرگای قەڵات

ژمارەی موبایل: 07504209495 - 07504242101

ئیمەیل : Nawendi.awer@yahoo.com
فەیس بووک: www.facebook.com/nawendi Awer

# گەوتن

ئەم وەرگێڕانە کوردییە لە کۆمەڵێ سەرچاوەوە وەرگێڕدراوە، سەرەکیترینیان ئەم سەرچاوەیەیە:

**کامو، آلبر**

**سقوط**

ترجمة: شورانطیز فرخ
چاپ: ششم ١٣٨٦
انتشارات: نیلوفر- تهران

---

ئەم وەرگێڕانە کوردییە بەراورد کراوە بەم سەرچاوە فەرەنسییە:

**Albert Camus**
**LA CHUTE**
**Récit**
**Edition, Gallimard,Paris, 1956**

Till Antina...

پێشکەشە بە ئەنتینا...

# شتێک وەک پێشەکی

## لە بارەی ئەم ڕۆمانەوە...

خوێنەری خۆشەویست.. ئێستا تۆ لەبەردەم کتێبێکدایت، کە کتێبی خۆتە، ژیانت، هەڵویستەکانت، ڕامانەکانت لە میتافیزیک، لە شوێن، لە هەموو ئەوانەش گرنگتر؛ پەیوەندی خەڵکی تر بە تۆوە و تۆ بەخەڵکی ترەوە، دەتوانیت بەشێکی باشی خۆت لەم کتێبەدا بناسیت و بخوێنیتەوە.. ئەم کتێبە ئاوێنەی ڕۆژگاری ئێستایە،

کتێبێکه مرۆڤ زۆر دڵخۆش ناکات، ئەو شتانەت بیر دەهێنێتەوە کە لەوانەیە لە بیرت کردبێت، باسی بەهای مرۆڤت بۆ دەکات، دووڕووی خەڵک، لەوانەیە دووڕووی خۆشت..! کامۆ هەم فەیلەسووفە و هەم سایکۆلۆژیست، ڕۆماننووسێکی وردە،، لەم کتێبەدا سەری چاڵی تاریک.. بیری قووڵی ناوخۆمان بەدەستی خۆمان هەڵدەداتەوە.. (کەوتن) کتێبی ئەوانە نییە کە لە تاڵیی دونیا و بێهێزی خۆیان هەڵدێن..

ئەم کورتە ڕۆمانە سەختە؛ ململانێیەکی دەروونبێژە، خۆکارە، توێژەرکار و ئاکارناسانەیە، لەسەر ئاستی فۆرم هەم سادەیە و هەم ئاڵۆز؛ سادەیە چونکە لەبەردەم تەکنیکێکی فلات داین و یەک گێڕەرەوەمان هەیە، ئاڵۆزە چونکە لە دوادواییەکاندا دەزانی تۆی خوێنەر، لەسەرەتاوە کاراکتەرێکی کتێبەکەیت!..

لە ساڵی ١٩٥٦ دەقی کتێبی "کەوتن" بە چاپ گەیەنراوە، لەسەر کتێبەکە نووسراوە نۆڤێلیست نەک ڕۆمان، لە فەرەنسیدا بە "récit-ڕیسی" ناوبراوە. ئەگەرچی تیۆریزانە ئەدەبییەکان دەڵێن کە ئەمە لە خودی خۆیدا هەڵەیە، چونکە ئەریستۆ لە کتێبی "poétique-شعرییەت"دا ، واتای "diégésis –دییژێسیس" (پانتایی دەقی خەیاڵی، نۆڤلیست) دژ بە واتای "mimésis-میمێسیس" (کە

لاسـاییکردنەوەی ڕاسـتی و قسـەی نێـو شـانۆگەریی دەگـرێتەوە) دادەنێـت، بەم مانـایەش نووسـینی "ڕیسـی" لەسـەر کتێـبەکە نادروسـتە، چونکـو زۆریـنەی دەقەکە لە سـەرەتاوە تـا کۆتـایی گوتـارێکی تـێکەڵە، ڕەنگە خواسـتی کامۆ خۆشی بووبێ کە وەهـا لەسـەر دەقەکە بنووسـێ لەبەر ئەوەی پێناسـەی تـری نەبـووە بـۆ ئەم تێهەڵکێشـانی قسەکردن و گێڕانەوەیە.

ئەلبێـر کـامۆ بـۆ ئەم کتێـبە بیـری لە ناونیشـانی تـریش کردبووەوە، بە تایبەتی "هاوار" ئەمەش وەک هاوارێـک دژی کۆمەڵگـا و دژ بە بوونگەراکـانی ئەوکـاتە. ناونیشـانی "کەوتن" ڕەهەندێکی مۆڕاڵی، کۆمەڵایەتی، فیزیکـی، ئاینی، ژیـوگرافی و بێگومـان ئەدەبیشـی هەیە، لە پـێش هەمـوو شـتێکدا ئەمە کەوتنێکـی جەسـتەییە، خۆکوشـتنی کچێکـی گەنـجە بە کەوتنـی لە سـەر "پـردی ڕۆیـاڵ"وە، ئەم خۆکوشتنەش، دەبێتە ئاکامی کەوتنی کلامانس (کـاراکتەری سـەرەکی نۆڤلێسـەکە) لە ڕووی کـۆمەڵایەتی و ئاکارییەوە. کلامـانس بـۆی دەرئەکەوێ کە کەسـێکی دوو ڕووە، لێـرەوە دەقەکە کارێکی ورد لەسەر ئەم کەسایەتیە ئـاڵۆزە دەکـات، کە هێندەی بە تەنزەوە باسـی لە خـۆی و مـرۆڤ دەکـات بە بەها و بەیاخەوە نایکات.

کلامانس خۆی وەها دەناسێنێ کە دادوەرێکی تۆبەکارە، بێ ئەوەی بڵێ تۆبەی لەچی کردووە..! دەچێتە بارێک لە هۆڵاندە بەناوی مەکسیکۆسیتی و لەوێ خۆی دەشارێتەوە، بەو پلەیە (دادوەری تۆبەکار) کلامانس دەبێتە دادوەری خۆی و سزای خۆی دەدات لەسەر ئەوەی ئەو کچەی ڕزگار نەکردووە و بەوەش کەوتنی خۆی مسۆگەر کردووە. هەروەها ئەمە کەوتنێکی ژیوگرافیشە، چونکە کلامانس دەچێتە ئەمستردام کە جێیەکی نسرمە، نزمیشە بەراورد بە جێیەکی بەرزی وەک پاریس کە کلامانس پێشتر لێی دەژیا، لە خوێندوەیەکی خێرادا ئەمە وەک هێمایەکە بۆ دۆزەخ دەردەکەوێت، ئەمستردام ئەو شارە تەختەیە کە لە خوارووی ئاستی ڕووی دەریاوەیە.

ئینسان بوونەوەرێکی تەنیایە.. ئینسان بوونەوەرێکی گوناهبارە.. کورتەی مانفێستی گشتی کامۆیە لەم کتێبەدا، بەیادخستنەوەی ئەوەی گوناهباری لای کامۆ، شتێک نییە هێزێکی میتافیزیکی دابێتی بەشانیدا وەک ئەوەی لە ئەفسانەی سیزیفدا وێنای دەکات، بە پێچەوانەوە لەم کارەدا مرۆڤ خۆی تاوان لە کۆڵی خۆی و هاوچەشنەکانی دەنێت، بەجۆرێ لە کۆتاییدا هەمووومان پێش زەمینەین بۆ تاوانی کەسێکی تر و بەم جۆرە لە ڕوودانی هەر تاوانێکدا دەستی هەمووومان وەکو هێڵێکی مائیل هەیە.

له ڕووی ئایینیشەوە کتێبەکە کۆمەڵێک هێمای گەورەی تێدایە، وەک ئاماژەکردن بە کەسایەتی پیاوچاکی کلامانس- کە هەمان ژان باتس کلامانس واتە یەحیای سەرانسۆکارە-، کەوتنی ئادەم و حەوا و ئەبلیس لە بەهەشت. دوا وشەی ڕۆمانەکە بەمە کۆتایی دێت: "خۆشبەختانە" وشەی خۆشی لە پاش ئەو هەموو قسە و دڵگرانەوەییەی کە لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە دەستی پێکرد تا کۆتایی تەنها خۆشیەکە لە کەوتنی بۆ ناو زەلکاوێک.

بەکارهێنانی فۆرمی دیالۆگیش لە دەقەکە جەختکردنە لەسەر تێوەگلانی خوێنەر لەو کەشوهەوا توندو تیژەی کلامانس تێیکەوتووە. لە ڕاستیشدا مۆنۆلۆگن و بە تەکنیکێک لە فۆرمی دیالۆگدا دەرئەکەون تاکو ببنە چوارچێوەی ئەو گوتارە یەک لایەنەیەی کلامانس کە لەگەڵ خۆیدا دروستی دەکات. سەرجەمی دیالۆگەکانیش تاک لایەنەیە، کلامانس خۆی و خۆیەتی و قسەکان لە نێو خۆیدا دەگۆڕێتەوە هەموو قسەکانی لەگەڵ بەرامبەرەکەی ناڕوونە، تەنها دەبیستین قسە ئاراستە دەکات بێ ئەوەی لەبەرابەردا کەسێک وەڵامی بداتەوە.

هەر بۆیە کاتیش ڕۆڵی کەشوبایەکی هەیە، ئەوەندەی ئاگاداری باران و تەم و مژین ئەوەندە بە چاکیی ناچینە ناو کاتێکی دیاریکراو. ئەوە نەبێ کە کاتی ئێستا (ئەمستردام

و هـــاودژیی خـــۆی) دژ بە کـــاتی ئەوســـا (پـــاریس، لە خۆبپارێزیبوون و بە خۆزلزانینی)؛ کـاتی (کەوتـن، گێـڕانەوەی هەمـوو بەدکارییەکـانێتی) دژ بە کـاتی (ســەرکەوتن، وەک پـارێزەرێکی لێهـاتوو لە پێشـوودا). ئەمسـتردام لە خۆیـدا دەبێتە تاراوگە، دەبێـتە ئەو سـەکۆییەی لە ڕێـی گێـڕانەوەی ڕووداوەکـــانی پێشـــوو لێـــیەوە دەچیـــنەوە بـــۆ ڕابـــردوو، ڕابـردوویەک کە کلامـانس بە خواسـتی خـۆی مەبەسـتێتی ئاشکرای بکات و دڵـی تێـدا بکاتەوە، وەک بـیەوێ هەنـدێک لەو بارە قورسەی شانی بە ئێمەی خوێنەر کەم بکاتەوە.

دواجـــار گرنگـــی ئەم دەقە لەوەشـــدایە کە ســـەرجەمی ڕووداوەکان بە زمانێک نووسراوە کە دابەزینـێکە لە سەرەوە بـۆ خـوارەوە. پـلەی ئەم دابەزیـنەش لەوێـدا زۆر بەرزە کە کلامانس کچە کە ڕزگار ناکات لە مـردن، بەڵـکو جێهێشـتنی بۆ چارەنووس جۆرێکە لە جێهێشتنی خۆی بـۆ چارەنووسـی کەسـێکی خیانەتکـار، داوێـن پـیس، تەنـانەت کاتێـک وەک هێمایەک باسی بازنەکانی دۆزەخی دانتێ دەکـات، ئاماژە بە بازنەی نۆهەم دەکات کە خیانەتکارەکانی لێن. خایینێک کە دەســتێکی شـــاراوەی هەبـــووە لە کـــۆمەڵێ مەســـەلە و لە ڕاســتیدا کردارەکـانی بە پـێچەوانەوە بـوون. بەو شـێوەیە کەوتـن ئەو دابەزیـنەیە کە ڕەوتـی کەسـایەتیەکەمان پـێ نیشاندەدات، ئەو خلیسکان و دابەزینەیە کە ڕەنـگە سـەرەتا

بە هێوری بێت، دواتر بە خۆکوشتنی کچەکە بە ڕێژەیەکی خێرایش کلامانس دەکەوێتە خوارەوە و "خۆشبەختانە" لە وشەیەکی تاڵ تێناپەڕێ کە هونەری فریودان لە کۆتایی کتێبەکەدا دەیسەپێنێتە سەری.

هەرچی سەبارەت بە وەرگێڕانی ئەم کتێبەیە دەبێت بڵێم؛ من 'توانا' ئەگەرچی نۆڤڵێتەکەم لە فارسییەوە و لەبەر هەردوو وەرگێڕانە فارسییەکەی (شورانگیز فرخ) و (امیر لاهوتی)دا وەرگێڕاوە، بەڵام بۆ پاراستنی هێڵە لوژیکییەکانی دەقەکە و لەهەندێ جێگاشدا، ڕوونکردنەوەی ئیدیۆم، ڕستەیەک کە قورس یان ناجۆربووە لەبەرچاوم، پەنام بۆ سەیرکردنی نوسخەی ئینگلیزی بەتەرجەمەی Justin Obrin و نوسخەی سویدی بە تەرجەمەی EvaAlexanderson بردووە، بەتایبەت لە ڕوونکردنەوەی پەراوێز و ناوی تابلۆ و شوێنەکان سویدییەکە کۆمەکی باشی ئەم وەرگێڕانە کوردییەی کردووە، بەڵام لە کۆتایدا هەروەک دیارە؛ بڕیاری یەکلایەنە دەقە ئۆرگیناڵەکە داوێتی کە فەرەنسییە. بۆیە زۆرجار لێرەو لەوێ جیاوازی لەگەڵ وەرگێڕانە جیاوازە فارسییەکاندا دەبێ کە بە پێی سەلیقەی وەرگێڕەکان و توانای خۆبەدەستەوەدانی ڕۆمانەکە بۆ زمانی دووەم کاری تێدا کراوە، سەرەنجام ئەم ئیشەم لای من بەخاوی کراوە و لانی

کەم دووســاڵی خاپانـدووە.. ئێســتا ئەم پێشــەکییە هــیچ نیــازێکی بە گێــڕانەوەی چیرۆکــی نۆڤلێســتەکە نیــیە، لە کۆتــایی کتێــبەکەدا بڕێ زانیــاری زیاترمــان لەســەر ژیــان و بەرهەمەکــانی کــامۆ بــۆ ئامــادەکردوون. ئێــرە وێســتگەی جیهێشتنی ئێمەیە و پەیوەندی گرتنتــانە لەگەڵ (کەوتــن)، لە کەموکوڕیی کە بێبەش نین لێی، ئومێدمان هەر عەفووە.

بەیان سەلمان- توانا ئەمین

پاریس — ستۆکهۆڵم

2013

بەڕێــز، دەتــوانم خزمەتێکتــان بــکەم بــێ ئەوەی بــبمە بــار بەسەرتەوە؟ ئاخر خەمی ئەوەمە نەتـوانی ئەو گـورێلا فەنیـیە حــاڵی بکەیــت کە دەســتی بەســەر ئێــرەدا گرتــووە. ئەو لە هۆڵەندایيش بترازێ زمانی تر هەر نـازانێ، مەگەر خـۆت ڕێـگەم بدەیت ببمە پارێزەرت، ئەگینا هەر نازانێ کە تـۆ (ژینیـۆڤێ)* دەخۆیتەوە، ئەها، ئەوێرم ئەو ئومێـدە بەدڵـی خـۆم بـدەم کە مەبەســتەکەم حــاڵی بـوو. ئەو ســەر لەقانـدنە ئەبــێ چەنـد مانـایەکی هەبــێ کە بە ڕای مـن یەکیـان؛ خۆبەدەسـتەوەدانە، ئەوا هەنگاوی نا، ئەرێ وەڵا، هەتا بشـڵێی بە شـێنەییەکی پـڕ حیکمەت پێ هەڵـدەگرێ، بەختـت هەیە کە بۆڵەبـۆڵی نەکـرد، دەنا کە نەیەوێ کەسێک خزمەت بکات، ئەوە بـۆڵەیەکی لێـوە دێـت، ئیتـر کەس لەســەر مەسـەلەکە سـوورنابێ، خـۆ هەمـوو کەســیش نــاتوانێ خــۆی بگــرێ، ئەمە خەســڵەتی ئــاژەڵە زەبەلاحەکــانە. مــن ئیتــر دەبــێ بــڕۆم، خۆشــحاڵم ئەگەر

---

* Geniévre خواردنەوەیەکی ئەلکەولییە لە جۆرێک بەری ستۆبەری کێوی ئامادەدەکرێت.. بەلام لە کۆنتێکستی ئەم پاراگرافەی سەرەوەدا هەم بە مانای (جن) دێت کە ئەویش خواردنەوەیەکی ئەلکەولییە و هەم بەمانای ڕۆحی جنۆکە دێت کە گوزارشتە لە شتێکی مەحاڵ و دەستنەکەوتە. و.ک

خــزمەتێکم کردبێتـــی، ســـوپاس. ڕازیـــش دەبـــووم ئەگەر دڵنیابوومایە نابمە مایەیی سەرئێشە بۆت، جەنابت لوتفیشت هەیە، هەر لەبەر ئەوە پەرداخەکەی خۆشـــم دەهێـــنم و لە تەنیشت ئەوەی تۆوە دایدەنێم.

تۆ ڕاست دەفەرمووی، خامۆشییەکەی ئەو گوێ کەڕ دەکات، بە بێـــدەنگی ئەو جەنـــگەڵە ســـەرەتاییانە دەچـــێ؛ کە پـــڕ هەڕەشەن و ئەو بەو شێوەیە دەریـدەبڕێ، جارجـار سـەرم لەو قیرسیچمەیی و بێ بایەخییەی ئەو دۆستە کەمدووەی خۆمـان سوور دەمێنێت، کە لەئاست زمانە پێشکەوتووەکاندا هەیەتی.

هەمـوو ئیشـەکەی ئەوەیە؛ لەم مەیخـانەی ئەمسـتردامەدا کە هێشـتا کەس نـازانێ بـۆ نـاوی مەکسیکۆسـیتییە! دەریـاوانی هەمـوو میللەتەکـانی دونیـا لەخـۆی خڕبکـاتەوە، بەو هەمـوو ئەرکەشـــەوە وای بـــۆ نـــاچی کە ناحـــاڵیبوونەکەی جـــۆرە گەمژەییەک بێت؟ بیهێنە بەرچـاوت بونیـامی (کرۆمـایۆن)* لە بورجی بابلدا* زیندان کرابـێ! بێگومـان هەر هـیچ نەبێ دڵـی

---

* Cro-Magnon کرۆمایۆن: ناوی ڕەگەزێکی مرۆڤی بەر لە مێژووە کە ٢٠ هەزار ساڵ پێش زایین لە ئەورووپا ژیاوە. و.ک.

* بورجی بابل: ئەم بورجە بەپێی ئەفسانەکان نەوەکانی نوح هەڵیان چنیووە بۆ دەستگەیشتن بە ئاسمان، هەروەک لە سیفری دروستبوون لەتەوراتدا هاتووە، یەهوە {خودا} بەهۆی ئەو سەرکێشییەیانەوە و بۆ ئەوەی دەستیان نەگاتە ئاسمان، زمانیان دەگۆڕێ و بەجۆرێ کەس لە کەس تێناگات، ئەم منارەیە دەکەوێتە پارێزگای بابل {حلەی ئێستا} ٩٢کم

سەغڵەت دەبێ. ئەمە نازانێ دەردی دووریی چییە، کەسێکە هەست بە نامۆیی ناکات، ملی رێی خۆی گرتووە و هیچ شتێک پەرێشانی ناکات، لەو رستە کەمانەشی لێم بیستووە ئا ئەمەیە: "ئەتەوێ بتەوێ ناتەوێ نەتەوێ" ئەوە چ شتێکە دەبێ بتەوێ یا نەتەوێ؟ بێگومان ئەوە خودی دۆستەکەی خۆمانە، لەبەردەمی جەنابتاندا پێی لێدەنێم کە من هۆگری ئەو بوونەوەرە قسەلەروو و نەکلۆکانەم، هەرچ کەسێکیش بایەخ بە ئەسڵی مرۆڤدا بدات، ئیدی ئەمە پیشەی بێت یان هەر خولیاییەک بێت، روودەدات کە مەیلی گەرانەوەی بۆ سەردەمی ئەو مرۆڤە سەرەتاییانە دەبێ، بۆ قۆناغی مەیموون، لایەنی‌کەم ئەوان بیرۆکەی شاراوە لەسەریاندا نەبوو.

راستیت دەوێ؛ خانەخۆێکەی ئێمەش ئەگەرچی بە تەرزێکی لێڵ دەریدەخات، لێ دروست هەمان دەردی هەیە، ئا لێرەشەوە، عانێ تێنەدەگێشت لەو شتانەی لە بەردەمیدا دەوترا رقبەرقێی دەکرد، وەک بڵێی بە گومان بێ، یان هەر هیچ نەبێ هەستی کردبوو کە بەنیئادەم کێماسییەک لەکاریاندا هەیە.

خوارووی بەغدا. دەستەواژەکە بۆ وەسفی جێگایەکی قەرەباڵغ بەکاردێ کە کەس لەکەس نەگات. و.ک

ئەم مەیلەش وەها دەکات: هەر گفتوگۆیەک پەیوەندی نەبێ بە کارەکەیەوە ئاسان نەبێ، بۆ نموونە تەماشای ئەو جێی لاکێشە بەتاڵەی سەر دیوارەکەی سەرووی سەرییەوە بکە، ئەوە جێی خاڵیی تابلۆیەکە کە لێکراوەتەوە. تا بڵێی تابلۆیەکی دانیسەقە بوو، هەر شاکارێک بوو بۆ خۆی. ئەو کاتەی خاوەنی شوێنەکە وەریگرت من ئامادەبووم، ئەو کاتەشی دەستی لێهەڵگرت هەر لەوێ بووم، لە هەردوو جاریشدا بە هەمان گومانەوە. پاش چەند هەفتەیەک لە دوودڵی و تێرامان، ئەوجا دایگرتە خوارەوە، دەبێ ددان بەوەشدا بنێین کە کۆمەڵگا برێ لە سادەیی سروشتی و بێ پێچوپەنایی ئەوی گۆڕیووە.

باش سەرنج بدە: من دادگایی ئەو ناکەم، من بۆ ئەو بەدگومانییە پاساوهەڵگرەی ئەو رێزم هەیە، و ئەگەر سروشتی خەڵقوخووی من تەماشا بکەیت لەگەڵ ئەودا دژایەتییەکی وای نییە، بەوپەڕی ئارەزووەوە لەو رەشبینییەی ئەودا پشکێکم هەیە. بەداخەوە من زۆربڵێم! بەئاسانی پێشنیاری دۆستایەتی بۆ خەڵک دەکەم، هەرچەندە دەزانم نێوانێک کە پێویستە، چۆن بپارێزم. بەڵام هەر بوارێکم بۆ رەخسا رەتی ناکەمەوە. وەختێک کە لە فەرەنسا بووم قەت نەبووە کەسێکی مێشک

کراوه ببینم و هەر زوو پەیوەندی لەگەڵدا نەبەستم، ئاهـ، سەرنج دەدەم ئەوەت بەلاوە سەیرە کە دەڵێم: ئەگەر! ددان بەوەدا دەنێم کە ئەمە شێوازە قسەکردنی لاوازە و بە گشتی مەیلم لە قسەی ڕازاوەیە، باوەڕبفەرموو خۆم لەبوونی ئەمەدا سەرزەنشت دەکەم، هۆشم بەوەیە کە لەبەرکردنی ئاوریشم ناکاتە ئەوەی کە پاشێڵمان پیسە، پۆشینی ئاوریشم ڕێگرنیە لە خاوێنی. لەگەڵ ئەوەشدا شێوازی قسەکردن وەک ئاوریشمی پاراو وایە زۆرجار پۆخڵی دەشارێتەوە. دواجار دڵی خۆم بەوە خۆش دەکەم کە ئەوانەی زمانیان دەیگرێ ئەوانیش هەر بە زمانێکی پاراو قسەناکەن. ئەی چی، لێگەڕێ با (ژینیۆڤێ)یەکەمان بخۆینەوە.

زۆر لە ئەمستردام دەمێنیەوە؟ شارێکی جوانە، وانییە؟ دلڕفێنە؟ ئەمەش پەسنێکە کە من سەردەمانێکە نەم بیستووە، ڕێک لەوکاتەوەی پاریسم جێهێشتووە، عەیامێکە. بەڵام دڵیش بۆ خۆی یادەوەری خۆی هەیە؛ من لە پایتەختە قەشەنگەکەمان و کەنار ڕوبارەکەی هیچ شتێکم فەرامۆش نەکردووە. بە ڕاستی پاریس تراوێلکەی چاوە، تابلۆیە، بە دیکۆری پڕشکۆیەوە کە چوار میلیۆن تارمایی تێدا نیشتەجێیە، نزیک بە پێنج میلیۆن، لە دوا سەرژمێریدا؟

باشـــه، کەواتە منداڵیـــان خســـتۆتەوە، لەم بـــابەتەدا ســـەرم ناســـــورمێ، هەمیشـــــە بەوجـــۆرە تێگەیشـــــتووم کە؛ هاونیشـتیمانییەکانی مـن دڵیـان بـۆ دوو شـت دەفـڕێ: یەکەم بیروباوەڕ و ئایدیا، دووەم شەڕواڵپیسیی، ئیتر لەهەرکوێیەک بن، دەسبەرداری ئەم دوو فیعلە نابن.

هەڵبەتە وا باشترە خۆمان لە مەحکومکردنی خەڵک ببوێرین، هەر ئەوان نـین هەمـوو ئەوروپـا بەدەست ئەمەوە دەنـاڵێنێ. هەندێ جار خەون بەوەوە دەبینم دەبێ مێژوونووسانی داهاتوو چیمـان لەسـەر بنووسـن، هەسـت دەکەم لەبـارەی مرۆڤـی ئێسـتاوە یەک ڕسـتە بەسـە: "ئەو؛ گـان دەکـات و ڕۆژنـامە دەخوێنێتەوە" دوای ئەو ڕونکردنەوەیە ئەگەر بوێرم بڵـێم ئیتـر وێژەر هیچی بۆ وتن نامێنێتەوە.

هوڵەنـدییەکان؟ ئاهــ، نـــا، ئەوان زۆر کەمتـــر نوێخـــواز و سەردەمییترن! کاتیان زۆرترە، تەماشایان بکە، چـی دەکەن؟ دەبا من پێت بڵێم؛ ئا ئەو پیـاوە بەڕێـزانە مشـەخۆرن بەسـەر ئائەم ژنانەوە. هەر هەمووشیان بە نێر و مێوە بـوونەوەرێکی چینی ناوەڕاستن، ڕاهـاتوون بێـنە ئێرە، ئیـدی ئەم هـاتنە بە پاڵپشـتی درۆیەکـی زل بێـت، یـاخود تەنهـا گەمژەیـی بێـت. بەکـورتی، کەم تـا زۆر بەهانـدانی خەیاڵیـان هـاتوون. جـار

ناجارێکیش ئەو پیاوە بەڕێزانە خۆیان بە شەڕە چەقۆ و دەمانچەوە خەریک دەکەن، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی ئیشیان ئەوەبێ، تەنها ڕۆڵەکەیان ئەوەی پێ کردوون. ئائەوەتا، هەموویان، هەر بە تەقانی دوا فیشەکیان لە ترسانا زەندەقیان دەچێ.

لەگەڵ ئەوەشدا، من ئەمانەی لە نێو خۆیاندا خێزانی خۆیان دەکوژن بە ڕەوشتتر دادەنێم لەوانی دیکە. تێبینی ئەوەت نەکردووە کە کۆمەڵەکەمان لەسەر ئەو جۆرە یەکتری بڕانەوەیە ڕێکخراوە؟ بێگومان ئەوەشت بیستووە کە لە ڕووبارێکی بەرازیلدا؛ جۆرە ماسییەک دەژی، وەختێ مەلەوانێک ڕێی وێڵ دەبێ بە هەزارانیان هێرش دەکەنە سەری و گازی بچووک و خێرای لێ دەگرن، ئیتر هەر بە چاو تروکانێک لە ئێسکی سپی زیاترهیچی لێ نامێنێتەوە. دەبا بیخۆن، کۆمەڵی ئەوان ئا ئەمەیە: "ژیانێکی خاوێنت دەوێ وەک هەموو خەڵکی؟" دەڵێی بەڵێ، ئەمەش ئاسایە. ئەوجا چۆن دەڵێ نەخێر؟ "دە باشە تاکو دوا ئێسکت دەخۆین، فەرموو ئەوە خێزان، ئەوە ئیش، ئەوەش خۆشگوزەرانی کۆمەڵ." ئەوەتانێ داتە وردەکان هێرشە دەکەنە سەر گۆشتەکەت و لە ئێسک بەولاوە هیچت لێ نامێنێتەوە. بە

ڕاستی منیش ناڕەوا بڕیار دەدەم، دواجار نابێ بڵێین ئەوە کۆمەڵی ئەوانە، ئەوە کۆمەڵی ئێمەیە. مەبەستیش ئا لەمەیە: کێ زووتر ئەویدی تەواو دەکات؟ سەرنجام ژینیۆڤێی بۆ هێناین، بەخۆشیتان، بەڵێ گۆریلاکە دەمی ترازان تا من بە دکتۆر گازکا، خۆلەم مەملەکەتەدا هەموو ئۆمەتی خوا یا دکتۆرن یا مامۆستا، ئەمانە لە خۆشمەشرەفی و خاکەڕایی خۆیانەوە حەزدەکەن ڕێز بنوێنن، لایەنیکەم لای ئەمان بێ ماریفەتیی سمبولێکی نەتەوەیی نییە! بەهەرحاڵ ئەگەر دەشتەوێ بزانی، من دکتۆر نیم، پێش ئەوەی بێمە ئێرە پارێزەر بووم، ئێستاش دادوەرێکی تۆبەکارم.

ڕوخسەت بدە خۆم بناسێنم: ژان باتیست کلامانس، بچووکی جەنابت. خۆشحاڵم بەناسینت، هەڵبەت جەنابت خەریکی بازرگانیت..؟ تەقریبەن..؟! وەڵامێکی بێ وێنەیە! تەواویشە؛ ئێمە لەهەمووشتێکدا (تەقریبەن!)ین، زۆرباشە، دە ڕێمبدە با هەڵیهێنم، تۆ تەقریبەن هاوتەمەنی منیت، سیمای لووتبەرزی پیاوێکی بازرگانی چل ساڵەت هەیە، کە تەقریبەن هەموو شتێکی تاقیکردۆتەوە، تۆ تەقریبەن جلی جوانت هاوشێوەی ئەوەی لە وڵاتی ئێمەدا لەبەردەکرێت پۆشیووە، دەستێکی

نەرم و ناسکت هەیە، کەواتە تەقریبەن خانەدانی، بەڵام خانەدانێکی پاڵێوراو!

ئەو خەندەیەشت لە کاتی بەکارهێنانی وشەی (ئەگەر)یش لە ڕاستیدا دووجار نیشانەی ئەوەیە کە تۆ تێگەیشتنت هەیە، یەکەم لەبەر ئەوەی خەڵک چاک دەناسی، ئەوجا لەبەرئەوەی بەسەریاندا زاڵی. پاشان من خۆشحاڵت دەکەم، ئەمەش بێ خۆهەڵکێشان نیشانەی مێشک کراوەییتانە، لەبەر ئەوە جەنابتان تەقریبەن، بەڵام هیچ گرنگ نییە!

ڕوخسەتم بدە دوو پرسیارتان لێ بکەم و ئەگەر بەخۆ تێهەڵقورتانتان نەزانی وەڵامم بدەنەوە: هیچ سەروەتێکت هەیە؟ باکەمیش بێت؟ باشە، ئایا لەگەڵ هەژاراندا بەشت کردووە؟ نەخێر. کەواتە تۆش لەو سەدوقی* یانەی کە باوەڕیان بەقیامەت نەبوو، ئەگەر پەیڕەوی کتێبی پیرۆزتان نەکردبێ، ئەوە ددانی پێدا دەنێم کە ئەمە جێی تێگەیشتن نییە، کەواتە تۆ بە کتێبی پیرۆز ئاشنایت؟ دڵنیابە کە سەرنجت ڕاکێشاوم.

---

* saducee زەندیق ناوی ئەو جولەکە موحافیزکارانەی چینی ژوورووە کە دەقی پووکەشی تەوراتیان قەبووڵ بوو، بەڵام بە قیامەت و ڕۆژی دوایی باوەڕیان لەق بوو. و.ف

سـەبارەت بەخـۆم.، باشـە، خۆتـان داوەریـی بـکەن لەبـارەی قەدوبالاّ و شانوبالّم و ئەو دەموچاوەم کە زۆرکەس پێی وتووم وشـک و ڕەقە، زۆرتـر لە یـاریکەرێکی ڕگبـی نـاچم؟ وانیـیە؟ بەڵام ئەگەر شـێوەی ئاخاوتنیشـم تەماشـا بکەیـت، ڕەنـگە هەندێ نەرمیم پێ ڕەوا بفەرموویت.

ئەو حوشترەی توکی پاڵتۆکەی منی لێ دروستکراوە، هەڵبەت توشـی گەڕی هـاتووە، کەچـی ئەوەتـا مـن نینۆکەکـانم تیـا شاردۆتەوە. منیش وەک تۆ دنیادیدە و بەئەزموونم، لەبەرئەوە تەنیا لەڕووی قیافە و بەبێ لەبەرچاوگرتنی دووربینـی بە تۆ متمـانە دەکەم و دڵمـت بـۆدەکەمەوە. مەبەسـتەکەم ئەوەیە پـێچەوانەی خـۆش ڕەفتـاریی و قسـەی شـیرینم، مشـتەری هەمیشـەیی مەیخانەکـانی دەریاوانـانم لە (زدیـک). ئـێ ئیتـر لەسەری مەڕۆ، من دووکارەم وەک مەخلوقی خودا، پێشـتریش پێم وتی من دادوەرێکی تۆبەکارم، لەو حاڵوبـارەدا تەنیـا یەک شت ڕوونە؛ ئەویش ئەوەیە من خاوەنی هیچ شتێک نیم، بەڵـێ مـن سەرەوتمەند بـووم، نەخێـر یـارمەتی هەژارانیشـم نەداوە، ئەمە چی دەخاتە سەر بەڕە؟ کە منیش سەدوقییەک بـووم..،

ئاهـــ..! گوێــت لە زایەڵەی ئــاژێری بەنــدەرەکەیە؟ ئەمشـــەو زویدریز* ئەم دەیگرێ.

هەروا زوو دەڕۆی؟ بمبوورە ئەگەر کاتم گرتبێتی، بە چاوی تۆ میوانی منیت، لە مەکسیکۆسیتی تـۆ میـوانی مـن دەبـی، زۆر خۆشــحاڵ بــووم کە لێــرە لە خزمەتــدا بــووم، بۆشـــەوبوێر سـبەینێش لێـرەم، وەک شــەوەکانی تــر بەوپەڕی سوپاسـەوە میوانـــدارییەکەتان قەبـــووڵ دەکەم، ڕێگـــــای گەڕانەوەت؟ زۆرباشــە، بەڵام ئەگەر پێتباشـە ڕەنـگە ئاسـانتر بێـت کە تـا دەربەنـــدەکە خـــۆم لەگەڵتـــدا بــێم؟ لەوێ هەر گـــوزەری جولەکەنشینەکان جێدەهێڵی، ئەو شەقامە قەشەنگانە دەبینـی کە ترامواپەکـانی یەک بە دوی یەکـدا گوڵیــان هەڵگرتــووە و موزیکیان لێ بەرزدەبێتەوە.

میوانخــانەکەی ئێـوە لە سـەر یەکێـک هەر لەو شـــەقامانەیە بەناوی (دامراک)، فەرموو پێشـبکەون، حەزدەکەم. مـاڵی مـن لە گەڕەکی جولەکانە یا ئەو ناوچەیەی بەو نـاوە ناسـراوە، تـا ئەوکاتەی برا هیتلەریەکان لەوێدا جێگیربوون من وام پێدەوت، ئاە چ پاکتاوێک کرا! حەفتاوپێنج هەزار کەسیان ڕاگوێزا، ئەم پرۆســـەیە ســـڕینەوەیە لە ڕێگـــای ڕاگـــوێزانەوە، لە دڵەوە

---

* Zuidrezee نیوەدوورگەیەکە لە هۆڵندا لە کەناری دەریای باکور. و.ک

سەرسامم بەم هەڵمەتە و بەو میتۆدی سەبرە، ئاخر کە ئینسانیەتت نەبوو میتۆدێکی لەم جۆرە بەکار دەهێنی. ئەم میتۆدە لێرە بە بێ کەموکوڕی و بێ بەربەست کاری پێکرا. من ئێستا لە ناوچەی یەکێ لە گەورەترین تاوانکارییەکانی مێژوو نیشتەجێم، ڕەنگە هەر ئەمەش بێت کە یارمەتیم دەدات لە گۆریلاکە و هەرچی گومانێتی تێبگەم.

بەو جۆرە دەتوانم دژ بەو مەیلە سروشتیەم تێبکۆشم کە بە بێ بەرگری بەلای ئەو تێگەیشتنەدا دەمبات؛ وەختێ دەموچاوێکی نوێ دەبینم، کەسێ لەمندا زەنگی بڤە لێ دەدا: "مەچۆرە پێشێ، مەترسی هەیە!" تەنانەت ئەوکاتەشی کە دۆستایەتی گەرمە، دیسانەوە من هەر یەدەک دەخەم.

دەزانی لە گوندە بچکۆلەکەی ئێمە لە میانەی ئۆپراسیۆنێکی تۆڵەسەندنەوەی سەربازیدا، ئەفسەرێکی ئەڵمانی بەنەرمی داوای لە پیرێژنێک کرد، یەکێک لە دوو کوڕەکەی هەڵبژێرێت کە وەک دیل گیرابوو. دەبوو گوللەباران بکرێت؟ هەڵیبژێرە؟ بیهێنە پێش چاوی خۆت، ئەمەیان؟ نا، ئەمەی تریان؟ درێژەی نەدەمێ، بەڵام باوەڕبکە براکەم ڕوودانی هەموو پێشهاتێک لە ئارادایە، من دڵێکی بێگەردم دەناسی هەرچی گومانی خودا بێت نەیبوو، کەسێکی ئاشتیخواز و ئازادیخواز

بوو، هەموو مرۆڤایەتی و ئاژەڵیشی وەک یەک خۆشدەویست، بێگومان کەسێکی ئاسایی نەبوو. لەو دواییانەی جەنگە ئاینییەکانی ئەوروپادا، لانەیەکی ئارامی لە دوورە دێیەکدا هەڵبژارد بوو، بۆ خۆی دەژیا، لەسەر دەروازەی ماڵەکەی نووسیبووی: "لە هەر کوێیەکەوە هاتووی فەرموو وەرە ژووریٚ و بەخێربێیت" تۆ ئەڵێی کێ بەدەم ئەم میوانداریيە گەرمەوە چوو..؟ چەکدارەکان، ماڵەکەشیان داگیرکرد و ورگ و ڕیخۆڵەی خاوەنماڵەکەشیان هەڵدڕی.

ئاه، ببورە خانم! بەهەرحاڵ خانم هیچ تێنەگیشت. چ قەرەباڵغە، ئەم هەمووە؟ بەم نیوەشەوە و بەو بارانەش کە ڕۆژەکەشی هەڵی نەبرینگاندووە و بێ وچان باریەوە! ئۆخەیش کە ژنێۆڤێ هەیە، تەنیا تروسکەیەکە لەم شەوە زوڵمەتەدا. هەست بەو تیشکە زێڕینە دەکەی کە ناخت ڕووناک دەکاتەوە؟ من حەزدەکەم شەوانە بەچواردەورەی شاردا پیاسە بکەم و ناخم بە ژنێۆڤێ گەرم ببێتەوە شەوەهای شەوە من پیاسە دەکەم، خەون دەبینم و بێ کۆتاش لەگەڵ خۆمدا قسە دەکەم، بەڵێ وەک ئەمشەو، ئەترسم سەرم یەشاندبێتن، مەمنونتانم، تۆ زۆر بەڕێزیت، ئاخر من پڕم لە قسە، هەر دەمم کردەوە وشە سەرەوژێر دێتە دەرەوە، دواجار ئەم وڵاتە

سەرسامم دەكات، خەڵكەكەیم خۆشدەوێ، خەڵكانێك كە لەم شـــەقامانەدا بەیەكـدا دەچـن لە نێـوان ماڵەكـان و كەنـاڵی ئاوەكاندا پەستراون، ئەم هەوا تەمومژاوی و ئەم خاكە سارد و شـێدارە، ئەم دەریـا كەفـاوییە وەك سـابون لە هەمـوو لاوە تەوقـی داون، مـن ئەم شـارەم خۆشـدەوێ چـونكە دوو ڕووی هەیە؛ هەم ئێرەیە و هەم جێیەكی تریشە.

هەڵبەت گاهێ دەنگی پێی سـەنگینیان لەسەر ئەو بەردەڕێژە تەڕانە دەژنەفـی، گـاهێ ئەوان دەبینـی بەئەسـپایی بەپـێش دوكانەكانیانـدا كە پـڕە لە ماسـی ئـارینگی* زێـڕین و ئەو مروارییانەی ڕەنگی گەڵای سیسەوبوون، بێگومان وای بۆدەچی كە ئەم شـەو لێرەن؟ تـۆش وەك هەمـووان بیـر دەكەیـتەوە؛ تۆش وەك هەموو كەسێك وا لەم خەڵـكە باشە تێگەیشتووی كە خێڵـی كاسـب و بازرگـانن، بە ئۆمێـدی ژیـانێكی نەمـر پارەكانیـان دەژمێـرن، تـاقە خۆشیشـیان بەو كـڵاوە قەراغ پانـانەوە بـریتیە لەوەی چەنـد وانەیەكـی تۆێكـاری بخـوێنن؟ تۆهەڵەیـت. ڕاسـتە ئەوان بەلامانـدا تێـدەپەڕن، سـەیری هەموویـان بـكە بـزانە سـەریان بـۆ كـوێ هەڵسـوڕاندووە: لەو تەمەدا كە لە گڵـۆپە نیۆنەكـان و مـژی سـنەوبەر و نەعنـاوە

* Harengs جۆرە ماسیەكە لە ئاوی سارد و زۆر سوێردا دەژی. و.ك

هاتۆتەبوون و لە تابلۆی کەسک و سووری دوکانەکانەوە بەرزدەبێتەوە، برای بەڕێزم هۆڵاندا خەونە، خەونێکی زێڕین و دووکەڵاوی، ڕۆژانی زۆرتر دوکەڵ و شەوانی زۆرتر ئاڵتوونیی، شەو ڕۆژی ئەم خەونەش پڕە لە لۆهەنگرین* . وەک ئائەمانە، بە خەواڵوویی سواری پاسکیلە ڕەشە دەسک بەرزەکانیان بوون، وەک ئاوازێکی پرسە، بەبێ پشوو بە دەوەری هەموو زەوی و دەریاکان و کەناڵەکاندا دەسوڕێنەوە.

دەڕۆن و سەریان لە هەورێکی ژەنگاوی هەڵگژاوە، خەون دەبینن و بە بازنەیی پاسکیلەکانیان لێ دەخوڕن. لە خەونەکانیاندا بەنێو بخوردی زێڕینی ئەو تەمەدا دەڕۆن و چیدی لێرە نین، کەواتە لێرە نین. هەزاران کیلۆمەتر دوورتر، ڕووەو جاوە* دورگەی دورەدەست تەشریفیان بردووە. لەوێ؛ لەو خواوەندە مۆتانەی ئەندونیسیا دەپارێنەوە کە بەردەم جامخانەکانیان پێ ڕازاندۆتەوە، ئا لەم کاتەدا بەسەر سەرماندا تێدەپەڕن وەک مەیمونی وردیلە کە بەسەر لەوحی گوێسوانە بەرزەکاندا بازبازێن دەکەن، تا ئەو داگیرکەرە پڕ حەنیانە

---

* Lohengrin بە شۆرەسواری قازوقولینگ ناسراوە، کەسایەتیەکی بەناوبانگی ئەفسانەی ئارتورە. و.ک

* Jawa جاوە: یەکێکە لە دوورگەکانی ئەندەنوسیایە کە (جاکارتا)ی پایتەختیشی کەوتۆتە ناو و قەرەباڵغترین دورگەی سەرزەوییە، لە ١٣٢٠٠٠کمی سنوریدا ١٢٧ ملیۆن سەرنشینی هەیە؛ کە لە ٩٨% موسڵمانن، جێی یادهێنانەوەیە جاوە کۆلۆنیاڵی هۆلاندا بووە. و.ک

وەبیربهێنێتەوە؛ کە هۆڵەندا تەنها ئەورووپای بازرگانەکان نییە، بەڵکــو هــی دەریاشـــە، ئەو دەریـــایەی کە بەرەو ســـیپانگۆ دەچێت، بەرەو ئەو دوورگانەی کە مـرۆڤ تێیانـدا بە شـێتی و شادمانی دەمرێ.

من ئـازادی تەواو بە خـۆم دەدەم، ببـورە. ددان بەوەدا دەنـێم کە لەسەر ئەوەش ڕاهاتووم. بەڕێزم، شتێک هەیە هـانم دەدات و حەزیشـم لێـیە وات لێـبکەم لەم شـارە تێـبگەی و بچیـتە قـــوڵایی شـــتەکانەوە! ئـــاخر ئەوەتـــاین ئـــێمە لە قـــوڵایی شــتەکانداین، ســـەرنجت داوە کە کەناڵەکـانی ئەمســـتردام بە بازنەکـــانی دۆزخ دەچـــێ؟ بێگومـــان مەبەســـتم لە دۆزخـــی بۆرژواکـــانە، ئەوەی خەونـــی خراپـــی تێیـــدایە. بە پێـــوانەی تێپەڕبوون لەو بازنانە، ژیان و تاوانەکان خەسـت تـر و تاریـک تـر دەبـن. لێـرە ئـێمە لە دوا بـازنەداین. بـازنەی.. ئاهــ! تـۆ دەیزانی؟ ملی شەیتان بشکێ، تۆ وات لێهـاتووە بە زەحـمەت پۆلێن بکرێـی. بەڵام ئێسـتا لەوە تێدەگەیت کە مـن لەبەرچـی دەتوانم بڵـێم کە سەنتەری شـتەکان ئێرەیە، ئێسـتا ئـێمە لە کۆتـایی کیشـوەری ئەورووپـاداین، پیـاوی حسـابی دەبـێ ئەم عەجـایبیەتە بزانــێ. بەهەرحـاڵ ڕۆژنـامەخوێن و شــەڕواڵپیس ناتوانن لەوە دوورتر بڕۆن، ئەوانە لە هەموو کونێکی ئەورووپاوە

خۆیـان دەگەیەنـنە ئێـرە و بەشـوێن دەریاکـانی نـاوخۆی وڵاتەکەدا دەگەڕێـن و لەسـەر زیـخەڵانە بـێ ڕەنگەکـانی دەوەستن، گوێ لە زایەڵەی ئاژێرەکان دەگرن، ئەوجا بێهودە لە تەمدا بەدوی تارمایی کەشتییەکاندا دەگەڕێن، پاشان بە کەناڵەکاندا تێدەپەڕن و دیسان بە نێو باراندا دەگەڕێنەوە و ڕەقەوبـوو خۆیـان دەکەن بە مەکسیکۆسـیتیدا تـا بەهەمـوو زمـانێ داوای ژنیـۆڤێ بـکەن، منـیش هەر لێـرە چاوەڕوانیـان دەکێشم.

برای بەڕێزم، دیداری من و تۆ بۆ سبەینێ، ئیتـر ڕێـی خۆتـان دەدۆزنەوە؛ لای ئەو پردە لێتـان جیـادەبمەوە، مـن قەت شـەو بەسەر پـردا ناڕۆم، ئەوە لەپـای پەیمانێکە کە لەگەڵ خۆمـدا بەستوومە، ئـاخر بیـربکەرەوە ئەگەر کەسێک خـۆی هەڵـداتە خـوارەوە! ئەو کـاتە حـاڵ لەدوو بـار بەدەر نییە: یـا تـۆ بـۆ ڕزگارکردنی بەدوایدا خۆت هەڵدەدەیتە ئـاوەکەوە و لەو وەرزی سـارد و سـەرمایەدا خـۆت دووچـاری ئەنجـامێکی نـاڕەحەت دەکەیـت! یـا لێـی دەگەڕێـی و دەگەڕێیـتەوە مـاڵەوە، لەم دۆخشدا تا ماوی بەدەست ئەو هەستەوە دەناڵێنی.

شەو شاد... چۆن؟ ئەو خانمانەی پشت جامخانەکان؟ خەونە. ئازیزم خەونێکـی هەرزان، گەشـتێکی هندسـتانە! ئەو خانمـانە

خۆیـان بە عەتـری بەهـارات بۆنخـۆش کـردووە هەر کە چـوینە ژوورەوە، ژنانەکـــان پەردەکە دادەدەنەوە و کەشـــتیەکە بەڕێ دەکەوێ، خواوەنـــدەکان دادەبەزنە ســـەر لەشـــی ڕووتیـــان و دوورگەکان لەگەڵ شەپۆلەکاندا دەیانبەن، چ ڕۆحێکی ونبـوون، تاڵەکـانی قژیـان بە پەلکـی دارگـوێزی هنـدیی ڕازانـدۆتەوە و لەبەر بـا دەشەکێ، ناتەوێ تاقیکەیەوە؟

دادوەری تۆبەکــار چیــیە؟ ئاهــ! مــن بەم چیــرۆکەم تــۆم وروژاندووە، بڕوابکە مـن لەم کارەدا هیچ جۆرە بەدنیـازییەکم نییە و دەتوانم مەبەستم ڕوونتر بـکەمەوە، لەلایەکـی تریشـەوە ئەمە بەشـێک لە ئەرکـی مـنە، بەڵام لەپێشـدا دەبێـت هەنـدێ ڕووداوت بـــۆ ڕوون بـــکەمەوە کە یارمەتیـــت دەدا لە لە چیرۆکەکەم تێبگەیت.

چەند ساڵێک لەمەوپێش لە پاریس پارێزەر بـووم، بەڕاسـتیش بیڵـێم پـارێزەرێکی بـایی خـۆی ناسـراوبووم، هەڵـبەت کە مـن ناوی ڕاستی خۆم بە تۆ نەوتووە. لێزانییەکەم لە شتێکدا بوو: بەرگـری لە داواکـاری ڕەوا، یـا هەروەک دەڵـێن پشـتگیریی لە هەتیـو و بێوەژنـان. نـازانم بـۆ وا دەڵـێن، چـونکە سـەرەنجام بێوەژنی فێڵباز و هەتیوی حەیوان سیفەتیش کەم نین.

ئەوەندە بەس بـوو تۆمەتبارێـک کەمتـرین بـۆنی مەزڵـومی لـێ بێــت تــا قــۆڵی لــێ هەڵــبکەم، چ بگــرەوبەردەیەک بــوو! گەردەلولێک! دڵـم لە مشـتما بـوو، لەڕاستیدا وات دەزانـی کە عەدالەت هەموو شەوێ لە باوەشی مندا دەنوێ. دڵنیام کە تـۆ بە باشی، ڕاستگۆیی و هەستپاکی و هێـزی توانـام و گەرمـی وشە و خۆگرتنمت لەبەردەم دادگادا، پەسەند دەکرد.

له جه‌سه‌ته‌دا سروشت کۆمه‌کی پێ کردبووم که بێ هیچ زه‌حمه‌تێک هه‌ڵسوکه‌وتی مه‌زنانه له‌من بووه‌شێته‌وه. سه‌ره‌ڕای ئه‌وانه‌ش دوو هه‌ستی ڕاستگۆیانه دڵی ده‌دامه‌وه: یه‌که‌م ڕه‌زامه‌ندبوونی ئه‌وه‌ی که لایه‌نگری عه‌داله‌تم، دووه‌م قه‌شمه‌ریم به‌رانبه‌ر به دادوه‌ره‌کان. هه‌موو ئه‌وانه تێپه‌ڕین، ئه‌و گاڵته لێهاتنه‌م ڕه‌نگه ئه‌وه‌نده‌ش هه‌ڕه‌مه‌کیی نه‌بووبێ، ئێستا ده‌زانم که هۆگه‌لێکی هه‌ر هه‌بووه، به‌ڵام که له‌دووره‌وه لێت ڕوانیبایه ده‌رده‌که‌وت که خولیا بێ. ناتوانرێ نکوڵی لێبکرێ ته‌نانه‌ت له‌م زه‌مانه‌دا بوونی دادوه‌ره‌کان پێویسته، وانییه؟ به‌هه‌موو ئه‌وانه‌شه‌وه ناتوانم تێبگه‌م که چۆن ده‌کرێ که‌سێک خۆی بۆ ئه‌م کاره سه‌یره ته‌رخان بکات! دانی پێداده‌نێم، چونکه ده‌مبینی، وه‌ک کولله ده‌مبینین، له کاتێکدا بزانی که هێرشی ئه‌م مێروانه هه‌رگیز فلسێکی بۆ من تیا نه‌بووه، ژیانی من له‌ڕێگه‌ی گفتوگۆ له‌گه‌ڵ که‌سانێکدا دابین ده‌بوو که من تابڵێی بێزم لێیان ده‌بووه‌وه.

به‌ڵام ئه‌وه‌نده‌م له‌لا به‌س بوو که من لایه‌نگری عه‌داله‌تم، تا ویژدانم ئاسووده بێت. برای به‌ڕێزم، هه‌ستی ڕاسته‌قینه‌ی حه‌ق، ڕازی بوون به‌وه‌ی حه‌ق به‌تۆیه، شادیی حورمه‌ت گرتنی خۆت، ئه‌مانه داینه‌مۆی ئه‌و هێزه‌ن که به‌پێوه ڕامانده‌گرن و بۆ پێشه‌وه ده‌مانناژوون، خۆ به‌پێچه‌وانه‌وه ئه‌گه‌ر تۆ ئینسان له‌مانه بێبه‌ری بکه‌یت ئه‌وا ده‌یگۆڕی بۆ سه‌گی هار. بێ

شـــــومارن ئەو تـــــاوانگەلەی لەبەر ئەوە ڕوویانـــــداوە کە تاوانبارەکانیان بەرگەی ئەوەیان نەگرتووە خەڵـک بەهەڵەیـان بزانن!

من وەختی خۆی خاوەن کۆمپانیـایەکم ناسـی، ژنێکـی هەبـوو وەکو گـوڵ، جێـی ستایشـی هەمـووان بـوو، کەچـی سـەرەڕای ئەوانە، مێـردەکەی خیـانەتی لـێ دەکـرد، ئەم پیاوە لە ڕووی ئەوەی خۆی بە سووچبار دەزانی، نەیدەتوانی نە باسی پاکیی لەگەڵ کەسدا بکات و نە خۆشی پاک دەبۆوە، هەتا ژنەکەشی چاکەکانی زیادی دەکرد ئەو خەریک بوو دڵی دەتەقا، دواجـار بەرگەی گوناهەکەی خۆی نەگرت، ئەو کاتە چی بکـات باشـە؟ وازی لەخیانەت هێنا؟ نەخـێــــر، ژنەکەی خۆی کوشت! لەو ڕێگەیەوە بوو کە من ناسیم.

حـالّی مـن زۆر باشـتر بـوو، مـن نەک تەنهـا لە بـازنەی ئەو مەترسـییەدا نەبـووم کە بـبم بەتاوانبـار-بەتـایبەت چـونکە زگوردی بووم و بەهیچ شێوەیەک بواری کوشتنی ژنم نەبوو- بەڵکو بەرگریکردن لەمانم لەئەستۆ دەگرت، تەنیا بەو مەرجەی کە ئەوان تاونبارانێکی دڵپاک بن، هەروەک چۆن ئەوانـی تـر درندەی دڵپاکن.

تەنـانەت شـێوازی مـن لە بەرەوپێشـبردنی ئەم بەرگریـانەدا ڕەزامەندییەکی قوڵی دەدامێ. من لەژیانی پیشەییمدا بەڕاستی بێ عەیب بووم، ئاسایی من هەرگیز بەرتیلم قەبووڵ نەکردووە،

ڕوونە کە دەستەوداوێنی کەس نەبووم، لەوەش گرنگتر؛ هەرگیز ڕۆژنامەنووسێکم بەلای خۆمدا ڕانەکێشاوە کە پێویستم پێی بێ، یان ماستاو بۆ کارمەندێکی کاربەدەست بکەم تا سوودێکی بۆم هەبێ و ڕۆژێک خۆی یان هاوڕێکەی بەکەڵکم بێ. من ئەو بەختەوەریەشم پێ بڕا کە دوو یا سێ جار مەدالیای لیژیۆن دوونورم* پێ بەخشرا، بەڵام توانیم بە سەربەرزیی ڕەتیکەمەوە و پاداشتی ڕاستەقینەم لەو ڕێزەی بۆ خۆم هەم بوو ببینم. قسەی کۆتاییم ئەوەیە: هەرگیز تەنگم بە خەڵکی فەقیر بۆ پارەی پارێزەریی هەڵنەچنیووە، منەتیشم بەسەر کەسدا نەکردووە و جارپیشم بۆ کەس نەداوە. بەڕێزم، واهەست نەکەیت من کە ئەمانە بۆ تۆ دەگێڕمەوە دەمەوێ خۆم بنوێنم، من هیچ هونەرێکم نەنواندووە، هەڵپە؛ کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا شوێنی تێکۆشانی شەرعی گرتووەتەوە، هەمیشە من پێکەنینم پێی هاتووە، من ئامانجێکی بالاترم هەبوو، تۆ دواتر دەبینی کە ئەم قسەیەم لەوەی پەیوەستە بەژیانی منەوە چەند ڕاستە.

بەڵام لە هەموو بارێکدا تۆ هەڵیبسەنگێنە، بزانە دڵم چەند ئاسودەیە، من چێژ لە سروستی خۆم دەبەم، هەموانیش دەزانین بەختەوەریی جگە لەمە شتێکی تر نییە و جارجار بۆ ئەمە یەکتر ئارام دەکەینەوە و پیشاندانی ئەم چێژە لەژێر

---

* لیژیۆن دوونور بەنرخترین مەدالیای نەتەوەیی فەرەنسایە. و.ک

ناوی خۆپەرستیش مەحکوم دەکەین. بەلای کەمەوە من لەو بەشەی سروشتم چێژ دەبەم کە لەگەڵ هەتیو و بێوەژنان باش بووە و ئەمە دەستپێشخەرییەک بوو کە کۆنترۆڵی تەواوی ژیانی کردم. بۆ نمونە من ئەو چاکەیە دەپەرستم کە کۆمەکی نابیناکان لە پەڕینەوەیان لە شەقامێکدا بکەم، لە دوورترین خاڵەوە گۆچانێکم چاوکردبایە کە بە قەلەقییەوە پێش دەمی خۆی پاک دەکاتەوە، خێرا خۆمم دەگەیاندێ، توند قۆڵم دەکرد بەقۆڵیدا و بێ ئەوەی سەرنجی کەس بۆلای خۆمان ڕابکێشم بە نێوان دارتێل و نیشانەکانی پەڕینەوە و هاتوچۆدا بەرەو پیادەڕەوییەکەی بەندەرە ئارامەکەم دەبردوو و لەوێ لەیەکدی جیادەبوینەوە.

هەر بەم شێوەیە هەمیشە مەیلم بوو لەسەر جادەکان ڕێ نیشانی ڕێبوارەکان بدەم، جگەرەیان بۆ پێبکەم، یارمەتی ئەو عەرەبانچییانە بدەم کە باری زۆر قورسیان پێیە، ماشێنی لە ئیش کەوتووم پاڵ دەنا، گوڵم لە پیرێژنەکانی سەرجادە دەکڕی - ئەگەرچی سووریش دەمزانی لە گۆڕستانی مونپارناس دزیویانە- هەروەها حەزم لێ بوو، ئاهـ، وتنی دژوارە، حەزم لێ بوو خێر بکەم، مەسیحییەکی باوەڕقایمی ناسیاوم دەیگوت یەکەمین هەستێک ئینسان هەیبێ، لە نزیک کەوتنەوەی گەدایەک لەدەرگای ماڵەکەی؛ ناخۆشییە، باشە لای من

لەوەش خراپتر بوو؛ من لە خۆشیاندا هەڵدەبەزیمەوە، با لەمە بگەڕێین.
باشترە لەبارەی ئازادیمەوە قسە بکەم کە قسەی سەر زاری خەڵک بوو، هەرچۆنێ بوو نکوڵی لێ نەدەکرا، لەڕاستیدا پیادەکردنی ئاداب و ڕسووم خۆشییەکی گەورەی بە من دەدا، ئەگەر هەندێک بەیانی بەخت یارمبایە و لە میترۆ یان پاسدا جێی خۆمم بدایە بە کەسێ کە شایەنی بوو، یان شتێکم بدایەتەوە دەست خانمێکی پیر کە لێی کەوتبووە خوارەوە و بزەیەکم بۆ بکردبایە، بزەیەک کە هەرخۆم دەمزانی چۆن دەمکرد، یا تاکسییەکەمم پێشکەش نەفەرێکی تر بکردایە کە زۆری پەلە بوو، ئیتر من زۆر زۆر زۆر بەختەوەر دەبووم. ئەبێ بڵێم کە من تەنانەت چێژم لەو ڕۆژانەش دەبرد کە هۆکانی گواستنەوەو گەیاندن مانیان دەگرت و ئەوکاتە من لە وێستگاکانی پاسدا سێ چوار هاوڵاتی نەگبەتم -کە نەیان توانیبوو بگەنەوە ماڵەوە- دەخستە ئوتۆمۆبیلێک و دەمگەیاندن، لە سینەما و شانۆکاندا کورسیەکەی خۆمم چۆڵ دەکرد بۆ کەپڵێ تا بتوانن لە تەنیشت یەکەوە دانیشن، لە سەفەرا ژانتام بۆ ئەو کچانە داگرتووە کە دەستیان نەیدەگەیشتێ، زۆرتر لەم هەلە دەگەڕام و چێژێکی بێ وێنەی دەدامێ.

خۆشنان و دەستبڵاو بووم و ئاوها بە جوامێری ناوبانگم ڕۆیشتبوو، چ بەئاشکرا و چ بەنهێنی زۆرم بەخشی، دەستبەردان لە شتێک یا لە پارەیەک نەک ئازاری نەدەدام، بەڵکو چێژێکی بەردەوامی وەهای دەدامێ کە جێگایەکی بۆ خەفەت نەدەهێشتەوە، تەنانەت ئەو خەفەتانەی لە سەیرکردنی بێسوودی ئەو بەخشیشانە بۆ سپڵە و پێ نەزانەکان لە مندا شکۆفەی ئەدا. من لەوەی شتێک ببەخشم بە ئەندازەیەک چێژم دەبرد کە نەفرەتم دەکرد لەوەی بەم کارە ناچار دەبووم، سەرنجدان لە شتەکان شەکەتیان دەکردم و منیش بەوەڕزیەوە دەمکردن، دەبوو ئەوەی دەیبەخشم بە ویستی خۆم بێت.

ئەمانە شتی بچووکن، وەلێ چێژی بەردەوامن کە من لە ژیانمدا و بەتایبەتیش لەبوارەکەی خۆمدا دەمبرد، شتێکە کە بۆ جەنابیشتان شایەنی باسە، بۆ نمونە ئەوەی لەڕاڕەوەکانی کۆشکی دادگا ژنی یەکێ لەو تۆمەتبارانەی کە تەنها بەخاتری داد و بەزەیی، یانی بێ بەرانبەر پارێزەریت بۆ کردووە، بێتە بەردەمت و گوێت لێبێ لە ژێر لێوەوە بڵێ کە هیچ شتێک، نا، هیچ شتێک ناتوانێ لەپای ئەوەی کە تۆ بۆ ئەوت کردووە پیاوەتیت بداتەوە، تۆ وەڵام بفەرمووی: "نا من هیچم نەکردووە، هەرکەسێکی تریش بووایە هەر وای دەکرد" و تەنانەت بۆ بەڕێکردنی ڕۆژە سەختەکانی ژیانی ئەمەولاشی

شتێکیش یارمەتی بدەیت و پاشتر بۆ ئەوەی ئەو لافاوی سوپاسگوزارابیە کۆتایی پێ بهێنێت و ئەو زایەڵەیە لە یادەوەریتدا بپارێزی دەستی ژنە داماوەکە ماچ بکەیت و کوتایی بەو شانۆگەرییەی پێ بهێنیت.

باوەڕبکە بەڕێز تۆ بەجێگایەکی بالآتر لە جێگای داواکاری خەڵک گەیشتوویت، تۆ خۆتت بە جێگایەکی بەرز گەیاندووە کە لەوێدا جگە لەتۆ کەس ئەو فەزیلەتەی چنگ ناکەوێ.

با لەم بەرزاییەدا بووەستین، ئێستا جەنابت تێگەیشتی کە مەبەستی من لەوەی ئامانجێکی بڵندترم لە خەیاڵدایە چی بوو، من باس لەو لوتکانە دەکەم، ئەوە تەنها شوێنێکە کە من دەتوانم تێیدا بژیم، بەڵی، من هەرگیز جگە لە مەقامی پایەداریی، لە هیچ شتێکی تردا نەحەساومەتەوە، هەتا لە شتە بچووکەکانی ژیانیشدا، پێویستم بەوە بووە کە بالآتر بڕۆم؛ من پاسم لە میترۆ و تریشقەم لە تاکسی و سەربانم لە نهۆم پێ باشترە، حەزم لەو فڕۆکە وەرزشییە بوو کە ئینسان دەیتوانی سەری لێوە دەربێنێت، من نمونەی توریستی هەمیشەیی سەر ڕووی کەشتیەکان بووم، لە دەربەندەکانەوە لە گردەکانەوە بەتوولەڕێکاندا بەرەوژوور بۆ شاخەکان هەڵدەهاتم. لایەنیکەم ڕێبواری سەپاڵە بەرزەکان بووم، ئەگەر چارەنووس ناچاری کردبامایە لەنێوان پیشەیەکی دەستیی وەک خەڕاتی و

ئاسنگەریدا سەرپشک بم، ئەوە دڵنیابن من تەپەدۆرچێتیم هەڵدەبژارد، بەسەرەگێژەوە پەیمانم لەگەڵ خەڵک دەبەست.
ئەمبار، گۆڕ، داڵەن، ئەشکەوت، چاڵ، لە منـدا ڕق بەدی دەهێنن. من ڕقێکی تایبەتم لە زانایانی ئەو ئەشکەوتانە هەیە کە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکانیان پڕکردۆتەوە و سێرک و هونەرەکەشیان دڵم تێک دەدات. ئینسان هەوڵدەدا خۆی بە هەشتسەد مەتر قوڵایی زەوی بگەیەنێ کە ڕەنگیشە سەری لە بەینی دوو شاخەبەردی گەورە گیرببێ کە خەڵک بێ خەبەرانە بە سیفۆن ناوی دەبەن، بەبڕوای من ئەوە ڕۆڵنواندنە و لەژێر ئەم پەردەیەدا تاوانێک هەیە.
کەچی بە پێچەوانەوە، باڵکۆنێکی ئاسایی پێنجسەد شەشسەد مەتری بەرزتر لە ئاست ڕووی دەریاوە و کراوە و ڕووناک، بۆ من شوێنێک بووە لەهەر جێیەکی تر زیاتر هەناسەم تێدا هەڵکێشاوە، بەتایبەت ئەگەر تەنیابام. بەرزتر لەو مرۆڤانەی وەک مێرووله دەرئەکەوتن، بەئاسانی لەوە تێدەگەیشتم کە بۆچی پیاوانی ئاینی و وتاربێژە تۆتالیتارەکان هەمیشە لە جێگا بەرزەکانەوە قسە دەکەن، بە بڕوای من ئینسان لە ژێرزەمین یان کونجی زینداندا ناتوانێ تێڕابمێنێ -مەگەر بڵێی زیندانەکە لەبورجێکی بەرز و تابڵێی بەرچاو کراوەدا بێ- وەگەرنا لەو جێگا نزمانەدا ئینسان قاڵب دەگرێ.

من بەباشی ڕۆحی ئەوبونیامە درک دەکەم، کە ساتی چوونە ناو دینێکەوە، پەنجەرەکان لە جێی ئەوەی بەسەر گوڵوگوڵزاردا لێی بازبێ، دروست وەک پەنجەرەی حوجرەکان بەڕووی دیواردا دەکرێتەوە و ئەویش خێرا لە ئاینەکە هەڵدێ. ئێوە دڵنیابن من بەدرێژایی ژیانم قالبم نەگرتووە؛ لەهەر سەعاتێکی ڕۆژدا لەگەڵ خۆم و لەناو خەڵکدا بە لوتەکەکاندا هەڵدەزنێم، لەوێ ئاگرێکی گەورە دادەگیرسێنم و درودی بەختەوەری ڕووم تێ دەکات. لایەنی‌کەم بەم شێوەیە بوو کە من لە ژیانی خۆم چێژم دەبرد.

خۆشبەختانە پیشەکەی من، ئەم تاسەی بەلوتکە گەیشتنەی دەدامێ و هەرساتێک ناڕەحەتی و گللەییەکم لە هاوچەشنەکانم هەبوایە -کە هەمیشە ئەوانم منەتباری خۆم دەکرد، بێ ئەوەی هەرگیز خۆم قەرزاریان کردبێ- لەیادەوەری خۆمدا دەمسڕییەوە. کارەکەم منی لە دادوەر بالآتر دەنواند کە منیش بە نۆرەی خۆم ئەوەم دادگایی دەکرد و بالآتریش لە تۆمەتبار کە ئەوم بەقەدەرشناسی دەدایەوە، برای بەڕێزم باش سەیر بکە؛ من بێ ترس لە سزا دەژیام، هیچ جۆرە دادوەرییەک لەگەڵ مندا دەرنەدەچوو، من لەسەر شانۆی دادگا نەبووم؛ بەڵکو لە شوێنێکی تر بووم، لە شوێنە بەرزەکان؛ هەروەک خواوەندگەلێک کە بەکۆمەکی دەزگایەک دەیانهێننە خوارێ تا ڕەوتی نمایشەکە بگۆڕن و مانای ئەم بەئەو بدەن. لەو

سەردەمەدا لە خەڵک باڵاتر ژیان، تەنها رێیەک بوو تا زۆرینەی ئەو عەشاماتە هەست بەم بونیامە بکەن و بیبینین و رێزی لێ بگرن.
لەکاتێکدا هەندێ لە تاوانبارە دڵپاکەکانی من، لە ساتی مرۆڤ کوشتندا دووچاری هەمان هەست بووبوون، لەو رەوشە نارەحەتەی کە هەیانبوو، بێ هیچ دوودڵییەک رۆژنامە خوێندنەوە بۆیان؛ جۆرێک بوو لە قەرەبووی رۆحیی.
ئەوانەی مابوون لە زۆرینەی خەڵک، بەرگەی بێ ناوییان نەدەگرت، ئەو بێ سەبرییەیان بە ئەندازەیەک بەرزبوو کە پەل بۆ دژوارترین کار بکێشن. بۆ ئەوەی ناوبانگ دەربکەیت، سەرەنجام بەسە ئینسان کارەکەرەکەی خۆی بکوژێت، بەدبەختانە ئەم ناوبانگانە درێژەیان نەدەکێشا، سەرەرای ئەوەی ژمارەی ئەو ئیشکەرانەی شایەنی چەقۆبن و چەقۆیان لێ دەدرێ، کەم نین.
تاوان هەمیشە جێگەیەکی لەبەشی پێشەوەی شانۆ هەیە، بەڵام تاوانبار چەند ساتێکی کورت نمایش دەکات تا جێگاکەی بە شوێنێکی تر بگۆرێ، بەکورتی ئەم سەرکەوتنە ماوە کورتە بەبەهایەکی هێجگار قورس لەسەری تەواو دەبوو. بەڵام پێچەوانەوە بەرگری لەم عاشقە چارەرەشانەی ناوبانگ بەقازانج دەشکایەوە لەسەر کەسێک لە هەمان شوێن و هەمان

کاتـدا و بەمیکـانیزمێکی هەرزانتـریش ناوبانـگ بۆخـۆی پەیـدا بکات.
ئەم بـابەتە منـی هانـدەدا تـا هەوڵێکـی وا بـدەم کە شـایانی سـوپاس بـێ و ئەوانـیش برێـک پـارە کە لە توانایانـدا بێـت، بدەن. لە پاداشتی ئەوەدا هەر تورەیی و دڵسۆزی و خەیاڵێـک کە مــن ســەرفم کردبــوو، ئەو قەرزەی ئەوانــی لە کــوڵ مــن دەکردەوە، دادوەرەکان سزایان دەدا و تۆمەتبارەکان حوکمیان دەخوارد و من ئازاد لەهەر ئەرکێک و دوور لە حوکم و حـاکم، رەها بۆ خۆم لە نوریی بەهەشتیدا لێم دەخوری.
بەرێز. ئایا بەراسـتی ئەمەی کە وتم بەهەشـتی عەدەن نییە؟ ژیانی من ئەمە بوو، هەرگیز نیازێکم نەبوو دەستکاری شێوەی ژیانم بـکەم، لە دەسـکەوت و بەرهەم هەمـوو شـتێکم دەزانـی، کێشەی ژیانی هەندێک خەڵک ئەوەیە کە چۆن لەوانی تر دوور بکەوێتەوە و کەناربگرێـت، یـا لایەنـیکەم لەگەڵیانـدا بسازێت، لەبـارەی مــنەوە ئەم سازشــەم کردبــوو، مــن لەکـاتی خۆیـدا تونـدوتۆڵ و لەکـاتی پێویســتدا بــێ دەنــگ بــووم، دەمتــوانی خۆشمەشرەف یان بەهەمان ئەندازە سەرسەخت بم، گفتوگۆم ئاسایی و سروشتی بوو، لەم رووەوە تەواو خۆشەویسـت بـووم و سەرکەوتنم لەناو کۆمەڵگادا بێ ئەندازە بـوو، سەروسـەکوتم دەیهێنــا، هەم ســەماکەرێکی لێهــاتوو بــووم و هەم زانـایەکی

خۆڕاگر، من سەرکەوتوو بووم لە کاتێکدا ئەوەش بزانی هێندە ئاسان نییە هەم ژنت خۆشبوێ و هەم عەدالەتیش.
سەرقاڵی من لە وەرزش و هونەرە جوانەکاندا بوو، بەکورتی کۆتایی بەقسەکانم دەهێنم تا وا نەزانی من خۆم هەڵئەنێم، بەڵام تەمەننا دەکەم پیاوێک بێنیتە بەرچاوت لە لوتکەی بەهێزیی تەمەنیدا، ساغ و سەلامەت و ئامادە بۆ هەموو پێشهاتێک، سەرکەوتوو لە وەرزشە ڕۆحیی و جەستەییەکاندا، نە دەوڵەمەند و نە هەژار، باش دەخەوێ و بەقووڵی لە بوونی ڕازییە، ئەم ڕەزامەندییەش جگە لەڕێگری هەڵسوکەوتی خۆی لە هیچ لایەکی دیکەوە دیار نییە، لەم حاڵەتەدا ڕێگەم دەدەی چونکە من مۆڵەتم هەیە لەم سەرکەوتنەمدا تا لەبارەی ژیانی سەرکەوتووەوە قسە بکەم.
بەڵی کەم کەس بەقەد من ئاسایی بوو، بەتەواوەتی من لەگەڵ ژیان ڕێکەوتبووم، بەهەر جۆرێ بوو وجوودم لە عەرش تا فەرش قبووڵ بوو، بێ ئەوەی خۆم لە گەورەیی و کەیفوسەفا و قەشمەریاتەکانی ژیان بدزمەوە، بەتایبەت هەستی شەهوانی یان ماددە، یان بە کورتی حەزی لەش، کە زۆرێک لەخەڵک لە عەشقبازی یان تەنهاییەکی پەشێودا سەرگەردان دەکات، بێ ئەوەی من یەخسیری خۆی بکات، بەختەوەرییەکی نایابی بەدیاری دەدامێ، من بۆ ئەوەهاتبوومە دنیاوە تا جەستەیەکم هەبێ، لەوێدا بوو لەو باڵانسە دەرونییەدا، ئەو زاڵییە بەسەر

نەفسدا کە خەڵک لە مندا هەستی پێ دەکرد و کۆمەکی ئەوانی بۆ ژیان دەکرد. لەبەرانبەردا خەڵک حەزیان بە تێکەڵیم بوو، بۆ نمونە زۆربەی کات وایان دەزانی پێشتر منیان دیوە، ژیان و سەروەت و سامانیان دەهێنایە پێشوازیم، من ئەم ڕێزەم بە لەخۆبایبونێکی موحتەرەمانەوە قەبووڵ دەکرد، لەڕاستیدا بەو پلەیە لە بەختەوەریی و سادەیمەوە خۆمم لە مرۆڤ بانتر دەبینی.
من لەبەرەبابێکی شەریف بەڵام گومناو بووم، باوکم ئەفسەر بوو، بەو پەڕی خاکەڕایمەوە جەخت دەکەمەوە کە هەندێ ڕۆژ دەمەویەیان، هەستم دەکرد کە شازادە یا تیشکی ئاگری کێوی توورپم. باش سەرنج بدە؛ لێرەدا شتێک لە ئارادابوو وایدەکرد خۆم بە هۆشمەندتر لە هەموو خەڵک بزانم، ئەم شتە هێندە گرنگ نەبوو چوونکە گەمژەی زۆر هەیە هەست بەمە دەکەن. هێندەم لوتف هەبوو نەمدەزانی چۆن بچمە ژێری، هەستم دەکرد من هەڵبژێردراوم، بەتایبەت لەناو هەمووانـدا بۆ ئەمە سەرکەوتنێکی درێژ و هەمیشەیی هەڵبژێردراوم، سەرەنجام ئەمە یەکێ لە هۆکانی پایەبەرزی من بوو، من ئامادە نەبووم ئەم سەرکەوتنەم تەنها بۆ توانای خۆم بگێڕمەوە، نەمدەتوانی باوەڕ بکەم کە خڕبوونەوەی ئەو هەموو تایبەتمەندییە جیاواز جیاوازە لەیەک کەسدا تەنها لە ئەنجامی ڕیکەوتێکەوەیە،

چونکە بەختەوەرانە دەژیام هەستم دەکرد ڕێگایەک فەرمانێکی سەرووتر، منی بۆ درکی ئەم بەختەوەرییە هەڵبژاردووە.

لە کاتێکدا عەرزی جەنابت بکەم کە من پابەندی هیچ ئاینێک نەبووم تا لەڕووی میتافیزیکەوە ئەم باوەڕەم هەبێ، ئەم بڕوایەم چ ئاسایی و چ نا ئاسایی وەختی خۆی منی لەڕووداوی بەدبەختی ژیان بەرزتر برد، من لە ماوەی ساڵانێکی درێژدا -ڕاستیت دەوێ ئێستاش داخی لە دڵمدایە- بە مانای وشە لە ئاسماندا دەفڕیم، لەو مەکۆیەدا مابوومەوە تا شەوێکیان، وەلێ نا، ئەمە چیرۆکێکی ترەو دەبێ لەیادی بکەیت، دواتر ڕەنگە من وڕێنە بکەم.

ڕاستە من لەهەموو شتێکدا بەختەوەربووم، بەڵام لەهەمانکاتدا لەهیچ شتێک ڕازی نەبووم، هەر خۆشییەک لەناو مندا ویستی خۆشییەکی تری تێدا دەوروژاندم، لە جێژنێکەوە بۆ جێژنێکی تر ڕامدەکرد، جار هەبووە شەوانێکی درێژ کە زۆر زۆر عاشقی ژیان و بوونەوەران دەبووم، دەچووم بۆ سەما، هەندەک جاران درەنگان، لەو شەوانەدا سەمای دوای خواردنەوە و میهرەبانی من و چێژی خۆبەدەستەوەدان، هەموو شتێکی دەخستە حاڵەوە و سەرشار دەیبردم بۆ ئاسمان. لە شەکەتیی کۆتاییدا بۆ ماوەی چرکەیەک وام هەست دەکرد کە سەرەنجام پەیم بە نهێنی ڕازی جیهان بردووە، لێ سپێدەی ڕۆژی دوایی کە ماندوێتیم دەردەچوو و لەگەڵیشیدا نهێنی بوون دەڕۆیی، من

سـەرلەنوێ هەڵمەتـم دەبـردەوە، بەم جـۆرە سەرشـار وەلـێ نەپاراو ڕامدەکرد بێ ئەوەی بزانم دەبێ لە کوێدا بووەستم، تا ڕۆژێک یان ڕاست تر شەوێک؛ هەمووشتێک وەستا و دنیام لێ تاریـک بـوو، جێژنێـک کە مـن تێیـدا خۆشبەخت بـووم؛ بەڵام ڕوخسەت بدە ئەو برادەرە مەیگێڕە بانـگ بکەم، سـەرتان بە نیشانەی سوپاس ڕاوەشێنن و بەتایبەت لەگەڵ مندا بخۆنەوە، من پێویستم بە هاوخەمیی جەنابتانە.

ئەبینم سەیرت لەو دڵکـرادنەوەیەی مـن دێـت، باشـە ئـازیز تا ئێستا لە ناکاو هەستت نەکردووە پێویستت بە هاوخەمێک، بە کۆمەکێک، بە دۆستێک هەیە؟ بەڵێ، هەڵبەت، بەڵام من خـۆم ڕازی کرد بە هاوخەمیی داسەکنێم. ئاسانتر دەتـوانی ئەمەیـان بەدەسـت بێنـی، ئەمە پێویسـتی بە پەیماننـامە نیـیە. "لە هـاوخەمی مـن دوودڵ مەبە" بەدوای ئەوەدا دەسـبەجێ لەدڵـی خۆتانـدا دەڵـێن: "ئێسـتا دەبـێ دۆخێکـی تـر قبـووڵ بـکەم" هـاوخەمیی لە هەسـتی خـاوەن مەقـام و نەجیبـزادە دایە، ئەوەش زۆر ئاسان دوای هـاتنی بەڵایەک بەسـەرتدا بەدەستی دێنیـت. بەڵام دۆستایەتی بەم سـادەییە نییە، بە مـاوەیەکی درێـژ و زەحمەتێکـی زۆر بە دەسـتی دەخەیـت، کەچـی هەرئەوەندەی بەدەستت هێنا، ئیتر ڕێیەکت بۆ ڕزگاربوون لێی نییە و دەبێ سنگی پێوە بنێی.

وا نەزانی کە دۆستەکانت هەموو شەوێ -هەروەک ئەوەی وەزیفەیان بێ هەمووشەوێ- تەلەفۆنت بۆ دەکەن بۆ ئەوەی بزانن ئایا رێکەوت ئەمە ئەوشەوە نییە کە تۆ بڕیارت داوە خۆتی تێدا بکوژی؟ یان بەکورتی تاقەتی دەمەتەقێیەکت هەیە؟ یان سەلیقەی چوونەدەرەوە لە ماڵ و پیاسەیەکت هەیە؟ نـــــا، ئەگەر تەلەفۆن بکەن ئەوە لەشەوێکدایە کە تۆ بەتەنیا نیت و ژیان بەکامی دڵ شیرینە، ئەسڵەن خۆکوشتن لەوشەوەدا، شتێکە ئەوان هانت دەدەن، ئەوەش بە پشتبەستن بە ڕوانینێک، کە بەبڕوای ئەوان تۆ سەبارەت بەخۆت هەتە.

ئەو خوایە لەوە بمانپارێزێ کە ئێمە لای ناسیاوەکانمان پایە و مەقامێکی مەزنمان هەبێ! بەڵام سەبارەت بەکەسانێ کە کاریان ئێمەیە، یانی دۆست و هاوڕێکان، ئەوە بۆخۆی چیرۆکێکی ترە! ئەوان وشەگەلی گونجاو بەکاردەبەن، بەڵام وشەگەلێک کە زیاتر کاریگەریی فیشەکی هەیە. تەلەفۆن دەکەن، وەک کەسێ گوللەت پێوەنێ، ڕێک ئەدەن لە نیشانەکەت، ئاه، خیانەتکاران!

چۆن؟ کام شەوە؟ بەوەش دەگەین، ئەبێ لەگەڵ مندا پەلە نەکەیت، چونکە ئەم باسی دۆست و هاوڕێیەتییە لە هەندێ سەرەوە دەچێتەوە سەر بابەتەکەی خۆمان. گوێبدە: بەسەرهاتی پیاوێکیان بۆ گێڕامەوە کە هاوڕێیەکیان خستبووە

زیندانەوە و ئەمیش شەوەهای شەو لەسەر عەردی ژوورەکەی دەخەوت، تا چێژ لەو ئارامییە نەبینێ کە هاوڕێکەی لێی مەحرومە، کێ؟ ئازیزم کێ بۆ ئێمە لە عەردا دەنوێ؟ ئایا من خۆم ئەمە دەکەم؟ گوێبگرە؛ من ویستم ئەمە بکەم و کردیشم، هەموومان ڕۆژێک دەتوانین ئەمە بکەین و ئەو ڕۆژەش ئازاد دەبین، بەڵام ئەم کارە ئاسان نییە، سەرەڕای ئەوەی حەزی فەرامۆشکاریی یان لایەنێکەم بێ توانایش لەگۆڕێیە، ئەوەی دەتەوێت ناتوانی، ئەوەی ناتەوێ دەتوانی، ڕەنگە ئێمە ژیانمان ئاوابێ، دۆستمان ناوێ. سەرنجت داوە هەستەکانی ئێمە تەنیا مەرگ بێداریان دەکاتەوە؟ ئەوانەی تازە بەجێیان هێشتووین چەند خۆشمان دەوێن! وانییە؟ ئەی ئەو ئوستازە گەورانەی ئێستا دەمیان پڕ لەخۆڵە و ئیتر قسە ناکەن، کوا لە بیرمانن؟ کوا باسیان دەکەین؟ کوا پێیاندا هەڵئەدەین؟

لەم بارەدا ڕێزگرتن لەوان بە سروشت لای ئێمە پێشێل دەبێ، هەمان ئەو حورمەتەی کە ڕەنگە ئەوان بە درێژایی هەموو تەمەنیان لە ئێمە چاوەڕێیان کردبێ، بەڵام ئایا دەزانی بۆچی هەمیشە سەبارەت بە مردووەکان دادگەر و بەخشندە ترین؟ هۆکارەکەی ئاسانە! لەبەرئەوەی هیچ ناچارییەک لە گۆڕێ نییە، لێمان دەگەڕێن ئازاد بین، ئێمە دەتوانین هەرکاتێک بۆمان کرا، لە ماوەی نێوان دانیشتنی میوانییەک لەگەڵ

دۆستێکی میهرەباندا؛ حورمەتی هەموو ئەوانەی تێپەڕیوون و هەمــوو ئەو کاتــانەی بەهەدەر ڕۆیشــتوون بگــرین، ئەوان [مردووەکـان] ئەگەر ئێمە ناچاری شتێک بکەن ئەوە تەنیـا یـادەوەرییە، یـادەوەری ئێمەش لاوازە. لە ڕاستیدا ئەوەی لە هاوڕێکـانی خۆمانــدا حەزمــان لێیەتــی مەرگێکــی تــازەیە، مەرگێکـی سـوتێنەر؛ کـاریگەری خۆمـان و دەسـتی ئـاخری وجودمان.

بەم شێوەیە، من دۆستێکم هەبوو کە زۆربەی جار خـۆمم لـێ دوور دەگرت، کەمـێ دڵتەنگـی دەکـردم، ئەو سـەرەڕای ئەوەی پابەندی ئوسوڵ و ئەخلاق بوو، بەڵام منی بە باشترین هاوڕێی خـۆی دەزانـی، خەیاڵتـان ئاسـودە بـێ، منـیش یەک ڕۆژ لێـی خافـڵ نەبـووم، ئەو لە کاتێکـدا مـرد کە لە مـن ڕازیـی بـوو و دەسـتەکانمی لە دەسـتیدا دەگوشـیی، ژنەکەی کە مـاوەیەکی زۆر و ئەویش بێ ئەنجام، هـۆگریی مـن ببـوو، ئەوەنـدە جـوان بـوو کە لە جوانییەکەیدا بمریـی، دەسبەجێ هـاتە دڵـمەوە، سەرەڕای ئەوە خۆکوژیش لە گۆڕێ بوو! چ ئاشوبێکی دڵفرێن! تەلەفۆنەکان کەوتنە کـار، تـرپەی دڵ فـڕی، ڕسـتەکان کـورت بەڵام پـڕ مانـا بـوون، غەمـی خـۆی بە زەحـمەت دەشـاردەوە، تەنانەت، بەڵێ، برێکیش خۆی تۆمەتبار دەکرد!

ئینسان ئاوایە کاکی بەڕێز، دوو ڕووی هەیە؛ ناتوانێ کەسێکی خۆشـبوێ ئەگەر خـۆی خۆشـنەوێ. ئەگەر بە ڕێـکەوت لە

باڵەخانەیەکدا کە ماڵی تۆی تێدایە ڕووداوێکی مردن ڕوویدا، لە ڕەفتاری دراوسێکان ورد ببەرەوە، ئەوان لە ڕۆتینی بچووکی ژیانی خۆیاندا نووستبوون و لە پڕ بۆ نموونە پاسەوانەکە دەمرێ، یەکسەر بێدار دەبنەوە، دەکەونە جموجوڵ، هەواڵ دەدەن بەیەک، دڵسۆزی دەنوێنن، مردوویەک لەژێر چاپ دایە و سەرەنجام شانۆییەکە دەست پێ دەکات، ئەوان پێویستیان بە نمایشێکی ماتەمە، چارە نییە، ئەمە بۆ ئەوان جۆرێ لەمەزنایەتییە، جۆرێ مەشروبی دڵبەرە.

وا ئەزانی بەڕێکەوت قسەم لە بارەی پاسەوانەوە هێنا؟ ئێمە دەرگاوانێکمان هەبوو بەڕاستی تەرەس و ناساز و نەکڵۆک بوو؛ دێوێ لە کینە و ڕق بوو کە شێخی گەیلانێی بێ هیوا دەکرد، خۆ من قسەم لەگەڵدا نەدەکرد، بەڵام تەنیا وجودی بەس بوو تا تووڕەیی ئاسایی من هەستێنێ، ئەو مرد و من چوومە پرسەکەی، ئەتوانی هۆکەی بڵێی؟

دوو ڕۆژ پێش مردنەکەی زۆر نایاب بوو، ژنی پاسەوانەکە نەخۆش بوو، لە تەنیا ژوورێک کە هەیانبوو، لە تەنیشت مێردەکەیەوە درێژ ببوو، لە لایەکیی ژوورەکەدا لەسەر چەند تەختەیەک تابووتەکە دانرابوو، دەبوو هەرکەس خۆی بهاتبایە و نامەکانی ببردایە، {باڵەخانە نشینەکان} دەرگایان دەکردەوە و دەیانگوت: "بەیانیت باش خانم" ئیدی گوێیان لە مەدحی ژنە دەگرت بۆ ڕەحمەتی و کە دەستیشی ئاماژەی بۆ دەکرد.

لەم کارەدا هیچ شتێکی چێژبەخش بوونی نەبوو، کەچی تەواوی خەڵکی باڵەخانەکە لە ژووری دەرگاوانەکەدا کە بۆنی ناخۆشیی ترشی کاربۆنیک تەنی بووی ڕیزیان بەستبوو، کرێنشینەکان هێشتا نەگەیشتبوون، نا، ئەوان نەیاندەویست ئەم هەلە لەکیس بدەن، بێچاوەڕوانی دەهاتن، خزمەتکارەکانیشیان بەدزییەوە خۆیان دەگەیاندە ئەوێ، ڕۆژی بەڕێخستنی تەرمەکە تابووتەکە لەوە گەورەتربوو بچێ بەدەرگای ژوورەکەدا، ژنی دەرگاوانەکە لە ناوجێگاوە بە سەرسوڕمانێکی تێکەڵ لە پەژارەوە وتی: "ئاهـ، ئەو ئازیزەی من چەند کەڵەگەت بوو؟".

سەرپەرشتیاری مەراسیمەکە بۆی سەندەوە: "خانم، نارەحەتە مەبە، بەپێوە دەیهێنینە دەرەوە" مردووەکەیان بە پێوە هێنایە دەرێ و دواتر ڕایانکشاندەوە، من تەنیا کەسێک بووم لەگەڵ مەیگێڕێکدا -کە دواتر تێگەیشتم هەموو شەوێک لەگەڵ ئەم مەحرومەدا شەرابیان نۆشیووە- تا گۆڕستان ڕۆیشتم و لەسەر تابوتێک کە بە کەشخەییەکەی سەرسامی کردم، گوڵم هەڵڕشت، دواتر بۆ سەرەخۆشی چوومە دیداری ژنە نەخۆشەکەشی. دە بە من بڵێ، چ هۆیەک بۆ ئەو هەموو کارە لە گۆڕێیە؟ هیچ، مەگەر بۆ خۆشیی.

هاوکارێکی پیریشم لە سەندیکای پارێزەران بەخاک سپارد، پارێزەرێک بوو خەڵک زۆر بایەخی پێنەدەدا، هەمیشە

بەگەرموگوڕییەوە تەوقەم لەگەڵ دەکرد، -من لەهەرشوێنێ بوویم تەوقەم لەگەڵ هەمووان دەکرد، نەک جارێ دوو جار، ئەم دۆستایەتییە بێ ڕیایە دەبووە هۆی ئەوەی موحیبەتی هەمووان کە بۆ ئامادەییەکانی من پێویست بوو، بۆخۆم ڕاکێشم بۆ پرسەی ئەو پارێزەرە سەرۆکی سەندیکا زەحمەتی نەکێشابوو، بەڵام من بەڵێ؟! هەر ئەو شەوەی کە بۆ بەیانیەکەشی سەفەرم لەڕێ بوو، دەمزانی ئەم بەدەمەوەچوونەی من جێی سەرنج دەبێ و هەرواش بوو، لەم بارەدا دەزانم جێگای سەرنجیش دەبێ بۆ تۆ ئەگەر پێت بڵێم تەنانەت بەفرێک کە بۆ بەیانییەکەشی باری، نەیتوانی من پەشێمان بکاتەوە.

وتت چیی؟ دەگەینە ئەوەش، مەترسە، هێشتا لە بابەتەکە دوور نەکەوتومەتەوە، بەڵام لێگەڕێ پێش ئەوە سەرنجی جەنابت بۆ ئەو خاڵە ڕاکێشم کە: ژنی دەرگاوانەکە بۆ چێژبردن و ڕاکێشانی زیاتری سەرنجی خەڵک و دەرخستنی کاریگەریی خۆی، بە کڕینی خاچ و داربەڕووی گرانبەها و دەسکی زیوین، ماڵی خۆی خەراپ کرد بوو، هەر مانگێ دوای ئەوە خۆی هەڵواسی بە کورێژگەیەکی قۆز و دەنگخۆشدا، کوڕەکە لێی دەدا، هاتوهاوارێکی ترسناکت گوێ لێ دەبوو، کەچی تۆزێ دوای ئەوە پەنجەرەکەی دەکردەوە و دەیگوت: "ژنان، ئێوە چەند جوانن!" دراوسێکان بەیانگوت: "هەر وابێ

هەروابێی چی؟! لە تۆ دەپرسم؟ زۆرباشە، بەڕوکەش دژی ئەو کـورە گـۆرانیبێژە و ئەو ژنەی دەرگـاوانە بـوون، بەڵام هـیچ شـتێک بەڵـگەی ئەوە نەبـوو کە ئەوان یەکیـان خـۆش نەوێ، هەروەها هیچ شتێکیش بەڵگەی ئەوە نەبوو کە ئەو مێردەکەی خـۆی خۆشنەدەویســت.کاتێکیش کـوڕێژگەی دەنگخـۆش و دەست قورس ملی پێوەنـا و ڕۆیی، ژنە وەفـاداریی و مەدحـی مەرحومی کەوتەوە سەر.

لەو ڕابردووەدا من کەسانێکی تـر دەناسم کە دونیـا بەسودی ئەوانە و کەچـی سەراوســەداقەتیش نافـامن، مـن پیـاوێکم دەناسی کە بیست ساڵ ژیانی خۆی بۆ ژنێکی گەمژە سـەرف کردبوو، هەموو شتێکی لەدەست دابوو؛ دۆست، کار، تەنـانەت حــورمەتی ژیانیشـــی لەڕێـــی ئەودا دانــابوو، بەو هەمــوو قوربــانییەوە شــەوێک پەی بەوە دەبــا؛ کە هەرگیــز ئەوی خۆشنەویستووە، لە ڕاستیدا ئەو دووچاری مەلەل بـوو، وەکـو زۆربەی خەڵک ژیانێکی پڕ ئـازار و زەحمەتـی بۆخـۆی سـازاند بـوو، کێشـەی زۆربەی پەیمانێنـامە ئینسـانییەکان ئەوەیە کە دەبێ ڕووداوێک ڕوو بدات، یا بەنـدایەتی عەشـق یا شـەڕ یـان مەرگ، گرنگ ئەوەیە شتێک ڕوودبات!

من لایەنیکەم ئەو بەهـانەیەم نەبـوو، تووشـی مەلەل نەبـووم، جگە لەوەش حوکمم دەکرد. شەوێک کە وا لەبارەیەوە قسـەت بۆ دەکەم، تەنـانەت دەتـوانم بڵـێم کەمتـر لە هەمیشـە دوودڵ

بووم، بەڕاستی حەزم نەدەکرد ڕووداوێک ڕوویدات و بە بوونی ئەو.. سەرنج بدە ئازیزم، ئێوارەیەکی جوانی پایز بوو، کە ژووروی شار هێشتا گەرم بوو، باکوری ڕووباری (سێن)* تازە شێی گرتبوو، شەو خەریک بوو دا دەکشا، لەبەر تاریکیی بەهەزارحاڵ ڕووبارەکە دەبینرا، چرای قەراغ شۆستەکان بە ڕۆشناییەکی کز دەسوتان، من لە کەناری چەپی ڕووبارەکە بەرەو پردی (دێزار)** دەڕۆیشتم، لەنێوان بەستە کتێبی ئەو فرۆشیارانەوە کە شتی دەستی دوو دەفرۆشن، دەتتوانی ڕووی ئاوەکە ببینی، کەناری ڕوبارەکە چۆڵ بوو، ئێستا هەموو پاریس دانیشتبوو بۆ نان خواردن، من گەڵا زەرد و خۆڵاوییەکانم پێشێل دەکرد کە هێشتا یادەوەریی هاوین بوون، کەمکەم ئاسمان پڕ دەبوو لە ئەستێرە، ئەستێرەهایەک کە بونیام کاتی ڕۆیشتن لە نێوان دوو دارتێلدا بۆ چرکەیەک سەریان بۆ بەرز بکاتەوە، من تامی بێدەنگی کە تازە باڵی کێشا بوو، هاوڕێ لەتەک خۆشەویستی شەو و چۆڵی پاریسم دەچەشت، خۆشحاڵ بووم، ڕۆژەکەم خۆش تێپەڕی بوو؛ نابینایەک لە کاتی پەڕینەوە لە جادەیەکدا، کەمکردنەوەی سزایەک کە ئومێدم پێی بوو، دەست گوشینێک کە بریگرتەکەم پێی دابووم، چەند هاوکاری و بەخشیشێک بە

---

* Seine سێن: پڕئاوترین ڕووباری فەرەنسایە و لە باکوری خۆرئاوای ئەو وڵاتەوە دێت و بەشاری پاریسدا تێدەپەڕێت. وک

** پردی دێزار بەمانای پردی هونەر دێت و لە سەر ڕووباری سێنە. وک

هەژاران، دەمەتەقێیەکی پاشنیوەڕۆ لە بارەی دڵڕەقی توێژی حاکم و ڕیاکاریی هەڵبژاردەکانمان لەگەڵ چەند دۆستێکمدا.

گەیشتبووم بە پردی (دێزار) کە لەو کاتانەدا تەواو خاڵییە، تا هەڵکشان و داکشانی شەپۆلەکان تەماشا بکەم کە ئێستا بە داهاتنی شەو زەحمەت تر دیاری دەکرا، ڕووەو دورگەی (ڤێرگەلان) وەستابووم، وام هەڵدەهێنجا کە هەستێکی مەزن لە هێز و چ بڵێم، لە کەماڵێ دەروونمدا لوتکەی دەگرت و دڵمی دەکردەوە، خۆم ڕاست کردەوە و ویستم جگەرەیەک پێ بکەم، جگەرەی تورەیی، کە لەهەمان کاتدا قاقای پێکەنینێکم لەدوامەوە گوێ لێ بوو، سەراسیمە ئاورم دایەوە، کەسی لێ نەبوو، تا کەنار محاجەرەکان ڕۆیشتم، نە بەلەمی لێ بوو، نە قایق، ڕووەو دورگەکە ئاورم دایەوە و دووبارە دەنگی پێکەنینەکەم لە دوامەوە بیست، برێ دوورتر، وەک ئەوەی لەگەڵ شەپۆلی ئاوەکەدا بێ، دادەکشا، لە شوێنی خۆم چەقیم. پێکەنینەکە کەم دەبۆوە، لە هیچ شوێنێکەوە نەدەهات جگە لە مەرخی ئاوەکە، بەڵام من بە ڕوونی لەپشتمەوە دەمبیست، لەهەمانکاتدا لێدانی پەلەی دڵمم هەست پێ دەکرد. باش گوێم لێ بگرە؛ لەو پێکەنینەدا هیچ شتێکی نهێنی نەبوو، پێکەنینێکی سادە و سروشتیی و ئاوادەیەک دۆستانە بوو کە هەموو شتێکی دەخستەوە شوێنی خۆی، برێ دواتر پێکەنینەکە کش بوو.

گەڕامەوە کەناری ڕووبارەکە، کۆڵانی (دوفین)م گرتە بەر، لەگەڵ ئەوەدا پێویستم پێی نەبوو جگەرەم کڕی، گێژبووم و بە زەحمەت هەناسەم دەکێشا، ئەوشەوە تەلەفۆنم بۆ دۆستێک کرد، لەماڵەوە نەبوو، دوودڵ بووم کە لەماڵ بڕۆمە دەرەوە یان نا کە لەپڕ لە ژێر پەنجەرەی ژوورەکەمەوە دەنگی پێکەنینێکم گوێ لێبوو، پەنجەرەکەم کردەوە لەسەر شەقامەکە کۆمەڵێ گەنج بەخۆشییەوە خواحافیزیان لەیەک دەکرد، شانم هەڵتەکاند و پەنجەرەکەم داخستەوە. دۆستێیەکم هەبوو دەبوو بە لێکۆڵینەوەی ڕابگەم، چوومە حەمامەکەوە پەرداخێک ئاو بخۆم، وێنەکەم لە ئاوێنەکەدا پێدەکەنیی، بەڵام واهاتە بەرچاوم کە پێکەنینەکەم دوو ڕووانەیە.

وتت چی؟ بمبەخشە، خەیاڵم لە شوێنێکیکە بوو، هەڵبەتە سبەینێ دووبارە دەتبینمەوە، بەیانی، بەڵێ تەواوە، نا، نا، ناتوانم بمێنمەوە. ئەو ورچە بۆرە لەویا دەبینی کە بانگم دەکات؟ پیاوێکی شەریفە، پۆلیس لە بەر ئاژاوەگێڕی و بەتایبەت گەندەڵی ئەخلاقیی ئەزێتی دەکەن، بە ڕای تۆ لە دز و پیاوکوژ دەچێ؟ دە دڵنیابە ئیشەکەی ئەوەیە، ئەگەر بشزانی ئەم بونیامە ئەشکەوتنشینە پسپۆڕی قاچاغچێتی تابلۆیە سەرت دەسوڕمێت!

له هۆڵنده هەمووان پسپۆڕی گوڵ و تابلۆن بەڵام ئەمە وەک فرۆشیاری یەکێک لە ناسراوترین تابلۆدزەکان کاردەکات، کام تابلۆ؟ ڕەنگە ڕۆژێک پێت بڵێم کام تابلۆ! لەو ئاگاداربوونەی من سەرت نەسوڕمێت، ئەگەرچی من دادوەرێکی تۆبەکارم، بەڵام لێرە ئیشێکی دڵخوازیشم هەیە، من ڕاوێژکاری یاسایی ئەم خەڵکە دڵسادانەم، ئاگاداری یاساکانی ئەم مەملەکەتەم و لەو جێگەیەی کە ئێوە بڕوانامەتان ناوێ، من مشتەری خۆمم هەیە، ئەم کارە ئاسان نەبوو، بەڵام قەوقیافەی من باوەڕی خەڵک بۆ خۆی ڕادەکێشێت، پێکەنینەکەم خۆمانە و دڵفڕێنە و دەستی تۆقەم توند و گەرمە. ئەمە کارە سەرکەوتووەکان بوو، وێرای ئەوەی چەند دۆسییەیەکی کێشەدارم حەل و فەسڵ کرد، سەرەتا بۆ پارە و دواتر لە ڕووی بڕواوە. کاکی بەڕێز ئەگەر دزودرۆزنەکان هەمیشە و لە هەموو شوێنێک مەحکوم بن، ئەوە خەڵکانی تر هەمیشە و لە هەموو شوێنێک خۆیان بە بێگوناە دەزانن و بە باوەڕی من "بەڵێ، باشە.. ئێستا دێم" بەتایبەت ئا ئەمەیە کە دەبێ خۆتی لێ بپارێزیت، وەگەرنا هەمووشتێ دەبێتە قەشمەریات.

هاونیشتیمانیی ئازیز، بەڕاستی من لە کونجوکۆڵی جەنابت سوپاسگوزارم، چیرۆکی من هیچ شتێکی نائاسایی تێدا نییە، ئێستا کە حەز دەکەیت بیزانیت، بزانە کە من تا چەند ڕۆژێک هەر لە بیری ئەو پێکەنینەدا بووم و دواتر لەیادم کرد. جارجاریێ کە ماوەیەکی زۆر لەنێوان ئەو جارانەدا بوو، وام هەست دەکرد کە زایاڵەی ئەو پێکەنینە لە گۆشەیەکی وجودمدا دەبیستم، بەڵام زۆربەی کات، بێ ئەوەی خۆم ئەزێت بدەم خەیاڵم بۆ شوێنێکی تر ڕادەکێشا. وێڕای ئەوەش دەبێ ددانی پێدابنێم کە ئیتر پێم نەخستە کەناری ڕووباری سێن‌ـەوە، کاتێکیش بە ئوتۆمبێل یا پاس لەوێوە تێدەپەڕیم، لە مندا جۆرێک خامۆشیی حاکم دەبوو، وابزانم چاوەڕێ دەبووم، کە بەسەر ڕووبارەکەدا دەڕۆیشتم و هیچ ڕووداوێک ڕووی نەدەدا، من بە ئیسراحەت هەناسەم هەڵدەکێشا. لە زۆر بەتەنگەوەهاتنی سەلامەتیم تۆشی نارەحەتییەکی بێ مانا دەبووم، شتێکی دیاریکراو نەبوو، ئەگەر وردتر بتەوێت، جۆرێک لە کوتراوی بوو، جۆرێ غەمگینی بۆ دۆزینەوەی

بەختەوەرییەک کە هەمبوو. سەردانی چەند پزیشکێکم کرد و بۆ بەهێزکردنی ڕۆحییم دەرمانم وەرگرت، لە ڕووی دەروونیەوە بەهێز دەبووم و لە پڕ دەکەوتمەوە، ژیان بۆ من ئاسانیی خۆیی لەدەست دابوو. کاتێ جەستە ماندوو بێ دڵیش بێ توانا دەبێ، وادێتە پێش چاوم بەشێک لەمە هەرگیز فێرنەبووم، ئەمەم باش دەزانی، یانی جۆرە ڕاکردنێک، لە بیری دەکەم، بەڵێ، وابزانم لەهەمان ئەو کاتەدا بوو کە هەمووشتێک دەستی پێ کرد.

بەڵام من ئەمشەویش باش نیم، ڕستەکانم بەزەحمەت بۆ دەوترێت، وابزانم قەت ناتوانم بەباشی قسە بکەم و وشەکانم کەمتر دەتوانن ڕاستەوڕاست بن، بەدڵنیاییەوە کاریگەری کەشەکەیە، بونیام بە زەحمەت هەناسەی بۆ دەدرێت، هەوا ئەوەندە قورسە کە فشار دەخاتە سەر سنگم، هاونیشتیمانیی ئازیز، ئایا بە ڕای تۆ کێشەیەک نابێ ئەگەر لێرە بڕۆینە دەرەوە و کەمێک بە شاردا پیاسە بکەین؟ سوپاست دەکەم.

ئەم کاناڵانە شەوان چ جوانن! من حەزم لەکەفی ئاوێکە کە مابێتەوە، گەڵای خوساوی سەر ئاو کە لەم کاناڵانەدا دەخولێنەوە، بۆنی گوڵاوی شومی قایقی هەوایی لێوڕێژ لە گوڵ. نا...نا، لەمانەدا هیچ شتێکی ئازاردەر لە گۆڕێ نییە، باوەڕبکە بە پێچەوانەوە، لە مندا ئەم مەیلە بەئەنقەست دروست بووە، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە من خۆم بە زۆری

زۆردای ستایشی ئەم کانالانە دەکەم. ئەوەی کە من لە دونیادا لە هەمووشتێک زیاتر خۆشم دەوێت دورگەی سیسیلیایە*، سەرنج بفەرموون لەوێ لەسەرو ئیتنا** لە ڕوناکی ڕۆژدا بڕوانم بەسەر دورگە و دەریاکەدا، خۆ جاوەش هەروایە. هەڵبەت لە کاتی بای وەرزیدا، بەڵێ، لە گەنجێتیدا بۆ ئەوێ ڕۆیشتووم. بە شێوەیەکی گشتی من هەموو دورگەکانم خۆشدەوێت، لەوێ ئاسانتر دەتوانی حوکم بکەیت. ماڵێکی دڵڕفێنە، وانییە؟ ئەو دوو کەللەسەرەی لەویا دەیان بینی سەری دوو کۆیلەی ڕەشپێستن، ئەم ماڵە هی کابرایەکی کویلە فرۆشە، ئاها! جاران بونیام دەستی خۆی نەئەشاردەوە! بوێری هەبوو و بڵێ: "ئەوەیە کە هەیە، من سەروەتم هەیە، بازرگانی کۆیلە دەکەم، گۆشتی ڕەش دەفرۆشم". تۆ کەسێک پێدەزانێ ئەمڕۆ وەها بە ئاشکرا بڵێ من ئەوە پیشەمە؟ چ فەهێتێکە! چ حەیاچوونێک! من لێرە دەنگی هاوشارییە پاریسییەکانم دەژنەفم، چوون ئەوان لەم بابەتەدا چارەسەریان قبووڵ نییە، تا دوو سێ بیانی و بگرە زیاتر ئاودیو نەکەن (قاچاغچێتی) دانانیشن. باشە، کە بیریش دەکەمەوە سەیر دەکەم منیش واژووم لە تەنیشت واژووەکانی ئەواندا جێهێشتووە. کۆیلەیەتی؟ ئاە نا من لەگەڵ ئەمەدا نیم! ئێستا ئەگەر بونیام

---

* Sicil –سیسیل: گەورەترین دورگەی ئیتالیایە لە دەریای سپیدا و جێگایەکی سەرنج ڕاکێشی گەشتیارییە و سیسیلیاشی پێدەوترێ. و.ک

** ئیتنا: شاخێکی بورکانییە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی سیسیلیا. و.ک

بەناچاری کۆیلەیەتی لە ماڵی خۆی یان کارگەیەکدا بکات قەیدی نییە، ئەمە هاوتایە لەگەڵ نەریتی خەڵکدا، بەڵام ئەگەر بیەوێت شانازی بەوەوە بکات، ئەوە ئیتر قیامەتە.

من باش دەزانم کە بونیام ناتوانێ بێ حوکمکردنی خەڵکی تر یان خزمەتکردنی بژی، هەر ئینسانێ هەروەک چۆن هەوای پاکی پێویستە ئاوهاش ئەوەجی بە کۆیلەیەک هەیە، فەرمانکردن یانی هەناسەدان، جەنابت بەتەواوی لەگەڵ ئەمەدایت؟ تەنانەت ئەم بەهرە سروشتییە دەتوانێ بێگوناهترین کەس تەنگەنەفەس بکات. سوکوسەلیمترین کەس لە زنجیرەی قۆناغبەندی کۆمەڵایەتیدا دیسان هاوسەرێ یا منداڵێ و ئەگەر تەنیاش بێ سەگێکی هەر هەیە، لە بەرانبەریدا گرنگ ئەوەیە بونیام تورە ببێت، بێ ئەوەی بەرانبەرەکەی حەقی جواب دانەوەی هەبێ. جەنابت ئەو دەستورە ئەخلاقییەت بیستووە کە دەڵێ: "کەس جوابی باوکی ناداتەوە"؟ لەلایەکەوە ئەم پەندە سەیرە؛ جگە لە کەسێ کە خۆشتدەوێ لەم دونیایەدا ئیتر دەتوانی جوابی کێ بدەیتەوە؟ لە لایەکی تریشەوە قەناعەت پێکەرە؛ سەرەنجام دەبێ کەسێ قسەی کۆتایی بکات. وەگەرنا بۆ جوابی هەر هۆکارێک دەتوانی هۆکارێکی تر بڵێیت و ئەم کارە ناکۆتا درێژ دەبێتەوە، هێز؛ بەپێچەوانەوە هەموو شتێک حەل و فەسڵ

دەکات، ئێمە کاتێکی زۆرمان سەرفکرد بەڵام سەرەنجام پەیمان بەمە برد.

بۆ نموونە، دەبێ تێبینی ئەوەت کردبێ کە لەم دواییانەدا لە کۆنە ئەوروپا حەیاتەکەی خۆمان فەلسەفە دەنوێ و چیدی وەک زەمانی گەمژەیی ناڵێن: "ئەمە ڕای منە، تۆ هیچ ڕەتدانەوەیەکت هەیە؟" ئێستا وامان لێهاتووە هێندە بە سەلیقەین ئاخافتنەکانیشمان وەک بەیاننامە لێ کردووە و دەڵێین: "ئائەمەیە هەقیقەت، تا دەشتوانی بەدوایدا بگەڕێ، خۆ ئەمە گرنگ نیە لەلامان، بەڵام لە چەند ساڵی داهاتوودا پۆلیست لێ پەیدا دەبێت و پێت دەڵێ کە من لەسەر هەقم" ئاه! ئەم ئەوروپا دێرینە حەیاتە، ئێستا هەموو شتێ ڕوونە، خۆشمان چاک دەناسین و دەشزانین چیمان لە توانادایە بیکەین. با لەبری گۆڕینی بابەتەکان نموونەکان بگۆڕێن و نموونەیەکی خۆمت بۆ بێنمەوە، من هەمیشە دەمویست بە ڕووخۆشیی خزمەتم بکەن، ئەگەر ئەو ڕۆژە خزمەتکارەکە ڕووخۆش نەبوایە قوزەڵقورتی دەکردە هەموو ڕۆژەکەم، بێگومان مافی ئەوەی هەبوو ڕووخۆش نەبێت، بەڵام من وەهام پێ چاکتر بوو کە خزمەتەکەی بە خەندەیەکەوە بکات باشترە تا بە گریانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بێ ئەوەی ئەمە خۆهەڵکێشان بێت، ئەم بۆچوونەم بە گێلیی نازانم، هەر وەک چۆن حەزم بە خواردنی ڕیستورانە چینیەکان نییە، دەزانی بۆ؟ چونکە کاتێ

ڕۆژهەڵاتیەکـان لەبەردەم سپیپێسـتەکاندا بـێ دەنگـن ئەمە نیشـانەی قێزکردنەوەیـانە، ئاساییشـە کە ئەم چرچاوەیـان لە کـاتی خزمەتکردنیشـدا هەر دەمێنـێ، ئیتـر چـۆن چێـژ لەو مریشـکە سـورکراوەیە دەبینـی؟ لەوەش زیـاتر چـۆن لەئاسـت نیگایاندا خۆت بە هەق دادەنێی؟

بەینی خۆشماندا بێت؛ تۆ وای نابینی کە بەندایەتی هەر دەبێ بە ڕووخۆشییەوەیە بێ؟ بەڵام نابێ ئـێمە ددان بەوەدا بنێـین. باشتریش نیە ئەو کەسانەی کە بێ بوونی کۆیلە ناژین، ناویان بنێـین؛ مرۆڤـی ئـازاد؟ یەکەم لەبەر پرەنسـیپ و دووهەمـیش لەبەر ئەوەی بـێ ئۆمێـدیان نەکەیـن. ئـێمە ئەو ئەرکەمـان لەسـەرە کە وەهـا ناویـان لـێ بنـێن وانیـیە؟ بەو جـۆرە ئەوان بەردەوام ڕووخۆش دەبن و ئێمەش ویژدانمـان ئاسـودە دەبـێ، دەنا دەبێ جـارێکی دی بە خۆمانـدا بچینـەوە، یـان ئەوەتـا لە خەفەتدا شێت دەبین، یانیش دەبینە کەسێکی خاکیی، چونکە ئەگەری هەمـوو مەترسـییەک لە ڕێـیە. لە پـاڵ ئەوەشـدا هـیچ لافیتەیەکی {ناونیشانێکی}ئەوتۆ نییە بە ڕاستی کەسێکی پـێ بناسـین، ئەمەش بۆخـۆی ئـابڕوچوونە. ئەگەر کـۆمەڵـێ کەس هەمـوو بەدەوری مێـزەکەوە دانیشـتوون و هەر کەسـێ باسـی پێشەی ڕاستی خۆی و شووناسـی خـۆی کـرد، خـۆ ئیتـر هەر دەرناچین لەوە! کارتێکی پێناسەکردنی هەر یەکەشـیان بهێـنە بەرچـاوت: کـاک دۆپـۆن، فەیلەسـوفی مەزاجـی، خاوەنـداری

مەسیحی، مرۆڤدۆستی داوێن پیس. دەبینی؟ بە ڕاستی بەکەیفی خۆمان هەڵدەبژێرین؛ بەڵام ئەمە بۆخۆی دۆزەخێکە! بەڵێ دەبێ دۆزەخ هەر ئەمە بێت: شەقامەکان پڕی لافیتەیە، کەچی هیچ ڕوون ناکەنەوە، بەو شێوەیەش ئێمە ناتوانین شتێکی خۆمان دەربڕین و بۆ هەتا هەتایە لە چوارچێوەیەی ناودا دەستنیشان کراوین.

بۆ نموونە تۆ هاونیشتمانی ئازیزم، تۆزێ سەبر بکە و بزانە چی لەسەر لافیتەکەی تۆ نووسراوە؟ بێدەنگ دەبی؟ قەیناکە دوایی پێم بڵێ. بەهەرحاڵ من هی خۆم دەزانم: دووڕوو، (ژانوس)ی جوان، لەسەرو ئەوەشەوە لافیتەیەک تێدا نووسراوە: "باوەڕی پێ مەکەن". لە کارتەکەشمدا نووسراوە: "جان باتیست کلێمانس، ئەکتەرێکی شانۆ". با ئەمەشت پێ بڵێم، هەر پاش ئەو شەوەی کە بۆم باس کردی، بۆم ئاشکرا بوو کە ئەو عانەی پیاوە نابیناکەم لەوپەڕ جادەکە جێهێشت، دەستم بە شەپقەکەمەوە گرت. بەدڵنیاییەوە ئەو دەستگرتنە بە شەپقەکەمەوە بۆ ئەو نەبوو، چونکە ئەو نەیدەبینی، کەوابێ بۆ کێ بوو؟ بۆ خەڵکەکە بوو. پاش ئەوەی ڕۆڵەکەشم بینی سڵاوم لە چواردەورم دەکرد، خراپ نییە، ها؟ لە ڕۆژێکی تریشدا لە هەمان ئەو ماوەیە، لەبەر ئەوەی یارمەتی شۆفێرێکی ئۆتۆمۆبیلم دابوو و ئەویش سوپاسی کردم کە کەس ئەو هەموو یارمەتیە نادات، منیش وەڵامم دایەوە؛ کە

بێ گومـان هەر کەسـێکی کەش بـووایە ئەوەی دەکـرد، بەڵام ئەوەم لە دەم دەرچـوو، بە قورسـی لە دڵیشـمدا مـابووە و دەرنەدەچوو پێی بڵێم؛ نەخێـر کەس ئەوەی نەدەکرد. دەبـوو لەبری ئەو خاکێتیە مەتحەکەم قبوڵ کردبایە.

هاونیشتمانی ئـازیزم، دەبـێ بەسـەردانەواندنەوە ئەوەشـت پـێ بڵێم کە من زۆر لەخۆبایی بـووم، هەمیشە دەمـوت مـن، مـن، من، ئا ئەمەیە شتە خۆشەکەی لە ژیانی مندا دووبارە دەبـۆوە و هەموو قسەکانیشم هەر بۆنی ئەوەی لێدەهات. ئەسـڵەن بـێ خۆهەڵکێشان نەمدەتوانی قسە بکەم، بە تـایبەتی کە لێزانـانە ئەوەم دەکرد. بەڕاستیش کە ژیانێکی پـڕ دەسـەڵات و ئـازادی دەژیام، بە بەراورد بەوانـی دی خـۆم تەواو بە ئـازاد دەبینـی، هۆیەکەی گرنگیشم بۆ ئەمە هەبوو کە کەس نـاتوانێ بگـاتەوە بە من. خۆمم بە زیرکترین کەس دەبینی، هەر ئەوە نا، بەڵکو وەک پـێم وتبـووی خـۆم بە هەسـتیارترین و لێهـاتووترین نیشانەگر و شۆفێر و دۆستیش دەزانی. تەنانەت لەو بـوارانەی بە ئاسانی دەمزانی تێیانـدا بـاش نیم وەک یاری تێنس لەوە تێنەدەپەڕی کە هاوشـانی یـاریکەری بەرانـبەرم بـم، کەچـی نەمەتـوانی بیـر لەوە نەکەمەوە ئەگەر مـاوەیەکی کەم مەشـق بـکەم لە باشـترین یـاریزانی دەبەمەوە. بە کـورتی جـگە لە سـەرکەوتن هیچـی تـرم لەبەر چـاو نەبـوو، ئەمەش لوتـف و نییەت پاکیم دەرئەخات؛ کە یارمەتی کەسـی تریشم دەدا بـێ

لەخۆبایی بوون ئەوەم دەکرد، بە بەراورد بە خەڵکی تر تەواو ئازاد بووم، ئەمەش لەسایەیی خۆم بوو، چونکە پلەیەک خۆشەویستی دەچووە سەر ئەوەی بۆ خۆمم هەبوو.

ئەمانە و چەند ڕاستیەکی تر کە لەو ماوەیە، هەر لە هەمان ئەو شەوەی بۆم باس کردیت هێواش هێواش بۆم دەرکەوتن. نەخێر، نە بە یەک جار بوو و نە بە دووانیش بوو؛ دەبوو لەپێشاندا یادوەریەکانم بدۆزمەوە. ئەمەش بە پلە هاتەدەست و بەرەبەرە شتەکانم لەلا ڕوون دەبۆوە، لەبەر ئەوەی وردە وردە ئەو شتانە فێر دەبووم کە دەمزانی. هەتا ئێرەش توانایەکی سەیری لەبیرچوونەوەم هەبوو. هەموو شتم لەبیر دەچوو، لە پێش هەمووشیانەوە بڕیارەکانم، هیچ شتێکی جەوهەری وەهاش نەبوو کە بایەخی لەلام هەبووبێ، بێگومان بایەخم بە شەڕ، خۆکوشتن، خۆشەویستی، هەژاریی دەدا، بەڵام ئەمە -تێی نەکەوتم- دۆخێک ناچاری دەکردم و هەر بە ڕووکەشییش بایەخم پێدەدا. هەندێ جاریش کە بارودۆخێک لە ڕەوتی ڕۆژانەم لای دەدا، خۆم وەها نیشان دەدا کە تۆڕەم، بەڵام خۆم هیچ ڕۆڵێکم تێدا نەدەبینی، مەگەر شتێک هەڕەشەی لە ئازادیم کردبێ. چیت پێ بڵێم؟ بەرپرسیاری هەموو شتێک بووم، بەڵێ، هەمووی دەکەوتە ئەستۆی من.

با دادپەروەریش بین، ئەو لەبیرچوونەوەیەم شایەنی سوپاس بوو. خەڵکانێک هەن کە ئاینەکەیان بریتیە لەوەی؛ هەموو

خراپەکان ببەخشن، بەڵام هەرگیز لەبیریان نەچێ. من بۆ ئەوە باش نەبووم کە لە هەرچی بەدکارییە خۆش ببم، بەڵام دواجار دەمتوانی لەبیر خۆمیان بەرمەوە. هەر بۆیە ئەو کەسەی قینی لێمبووایە نەیدەتوانی هیچ بکات کە دەیبینی بە خەندەیەکەوە دەست بە شەپقەکەمەوە دەگرم و سڵاوی لێ دەکەم. چونکە بە پێی سروشتی ئەو، یان ئەوەتا ڕێزی لێ دەگرتم و بە کەسێکی پایەبەرز دەیبینم، یانیش ئەوەتا قینی لەو تەربێتە سەقەتەم دەبوو، بێ ئەوەی هۆشی بۆ ئەوە بچێ کە کارەکە زۆر لەوە سادەترە؛ چونکە وەها لەبیرم دەچوو کە هەر ناویشم لەبیر نەدەما، هەر بۆیە گوێم بەم جۆرە مەزاجەش نەدەدا، یان نکوڵی ئەو جۆرە هەڵوێستەم دەکرد، ئەمەش وای لێ دەکردم لەسەرخۆ و هێوربم.

بەو شێوەیە، بەردەوامیەک لە ژیانمدا نەبوو، ئەوە نەبێ کە ڕۆژ بە ڕۆژم بەسەر دەبرد و تەنیا دەمگوت من، من، من. لەو ژنانەی ڕۆژانە دەهاتنە ژیانمەوە، ئەو چاکە و بەدکاریانەی هیچ ڕۆژێکم لێی بێ بەش نەبوو، هەر چۆن وەک سەگ، بەڵام هەموو ڕۆژێک هەر خۆم بووم، ئا لەو بارودۆخە توندو تۆڵەدا، من سەرئەکەوتمە سەر تەختی ژیان، لە جیهانی وشەدا، بەڵێ وەک بڵێی لە دونیایەکی وشەدابووم نەک لە واقیعدا. ئەو هەموو کتێبانە کە بە هەزارحاڵ دەمخوێندنەوە، ئەو هاوڕێیانەی زۆر کەم خوشمویستن، ئەو شارانە کەم گەڕام،

ئەو ژنانەی کەم لەگەڵیاندا نووستم، هەموو شتێکم لەبێزاریدا دەکرد، یان بۆ خۆخافڵانی خۆم بوو. خەڵکی تر بەردەوام بوون، دەیانویست خۆیان بە شتێکەوە بگرن، کەچی لە بەدکاریی بەولاوە هیچی تری لێ نەبوو تا خۆیانی پێوە بگرن، بەڵام من لەبیرم دەچۆوە، لە خۆم بەولاوە هیچم لەبیر نەدەما.
هەروا کەمکەم یادم بۆ گەڕایەوە، یان ڕاستتر بڵێم؛ من بۆ یادم گەڕامەوە، لەوێ بیرەوەرییەکم دۆزیەوە کە چاوەڕێم بوو؛ بەڵام هاونیشتیمانیی ئازیزم ڕوخسەت بفەرموو بەرلەوەی لەبارەی ئەم بابەتەوە قسەت بۆ بکەم، ئەوەی لە دوو توێی کەندوکۆڵی خۆمدا پەیم پێبرد، نمونەگەلێکت بۆ بیرئانی بکەم، کە دڵنیام بەکەڵکتان دێت.
ڕۆژێک ئوتۆمۆبیلەکەم بە خاوی لێ دەخوڕی، لەکاتی تێپەڕین لە چرای کەسک، ئیستۆپم کرد، چرکەیەکیشم پێ نەچوو، لەوکاتەدا هاونیشتیمانیانی هێدی و لەسەخۆی ئێمە بێ وەستان لە دوای منەوە هۆڕنیان لێ دەدا، لەپڕ ڕووداوێکی ترم بیرکەوتەوە کە هەر لە حاڵوبارێکی وادا قەومابوو؛ مۆتۆڕسکیلێک کە بابایەکی لاواز و کەموسکە بەچاویلکە و پانتۆڵێکی گۆڵفەوە لێیدەخوڕی، لەبەردەم چرای سووردا لە پێشمەوە وەستا بوو، ڕێک لەوکاتەدا مۆتۆڕەکەی لە کار کەوت و کابراش هێکڕا هێکڕا و بێ هوودە دەکۆشا بیخاتەوە کار، کە چرا سەوز بوو، من وەک ئەدەبی هەمیشەییم بەڕێزەوە داوام

لە کابرا کرد، مۆتۆڕەکەی لەسەر ڕێگاکە لابدات تا بتوانم بڕۆم.

کابرا کە هێشتا لەسەر مۆتۆری کوژاوەی بای دەخوارد، لەسەر ئادابی پاریسی جوابی دامەوە کە بچم عارەبانەکەم ڕاکێشم!

من جارێکی تر هەر بەئەدەبەوە و بەڵام بە ئاوازێک کە کەمێک بێ سەبری پێوە دیار بوو، داوام کردەوە ڕێگاکە بەردا، کەچی پێی وتم ئەگەر دەمەوێ ئیسکم بهارێ ئەوە شادمان دەبێ!

لەم ساتانەشدا لەدوای منەوە دەنگی چەند هۆڕنێک بەرزبۆوە، بەنەوایەکی تر و بەجەختەوە داوام لێکرد، کە بەئەدەب بێت و ئەوە لەبەرچاو بگرێ: کە ڕێگای ئەو خەڵکەی بەستووە، کابرای ئاڵەتی کە بەدەست مۆتۆڕەکەیەوە سەری لێهاتبووەوە یەک، تێی گەیاندم: ئەگەر من ئەو شتەم دەوێت کە ناوی کوتەکە، ئەوە ئەو ئامادەیە بەکەماڵی دڵ بێنرێتە خزمەتم.

ئەو هەموو بێ شەرمییە منی کەللەیی کرد و بەنیازی ئەوەی تۆپانترێنێکی باشی بکەم، لە ماشێنەکەم دابەزیم. من باوەڕ ناکەم ترسنۆک بم-بەڵام جا ئینسان بەچی باوەڕ دەکات!-

سەروگەردنێ لەو حەریفەم بەرزتر بووم، ماسولکەکانی بازووم هەمیشە باش خزمەتی منیان کردووە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا قاچم نەگەیشتبووە هێڵی پەڕینەوەی پیادە، لەناو ئەو ئاپۆرایەی کە خەریک بوو کەم کەم لە ئێمە کۆدەبووەوە؛ پیاوێک دەرپەڕی و بەخێرایی ڕووەو من هات و دڵنیای

کردمەوە: کە من دەنیی ترین تەرەسم و ئەو ناهێڵێت دەست بدەمە یەخەی کابرایەکی داماو کە مۆتۆڕسکیلێکی پێیە و ئێستا لە خراپترین حاڵدا گیری خواردووە، ئاوڕم بۆ ئەو چەکدارە* دایەوە، لەڕاستیدا هەر نەمبینی و تازە ملم سوڕاندبوو ڕووەو دەنگی مۆتۆڕسکیلەکە -کە کەوتبووە ئیش-، زرمەیەکی توونـد گەیشتە گوێم. بەرلەوەی حاڵی ببم چی ڕوویداوە مۆتۆڕ لەوناوە نەمابوو، من گێژ و بێ ئیرادە بەرەو ڕووی "داراتانیان" هەڵگەڕامەوە، لەوکاتەدا دەنگی بۆقی ماشینە بارهەڵگرەکان کە لە دوامانەوە گیریان خواردبوو، کۆنسێرتێکی نوێیان دەکرد بەو ئاسمانەدا، چونکە چرا سەرلەنوێ سەوز ببوو، لەوکاتەدا کە دەبوو ئەو عەنتەرە ئاقڵ بکەم، گێژ و وڕ ملەکەچانە بەرەو ماشینەکەم گەڕامەوە و ڕۆیشتم، لەساتی تێپەڕیندا هەمان ئەو عەنتەرە خوێڕییە سڵاوێکی بە ئامـاژەی "بڕۆ بەلەنگازی داماو" بۆ کردم کە ئێستاش وا لەبەرچاوم.

ئەفەرموویت حیکایەتێکی بێ تامە؟ بێگومان، بەڵام ماوەیەکی زۆرم لە فەرامۆشکردنیدا سەرف کرد و گرنگییەکەشی هەر لەمەدایە، بۆ هەموو ئەمانە عوزرخواهی دەخوازم، هەڵبەت بێ ئەوەی کاردانەوەیەکم هەبێت لێگەڕابووم لێم بدەن، بەڵام

---

* لێرەدا بەکارهێنانی وشەی چەکدار ئاماژەیە بە کتێبی (سێ چەکدار)ی ئەلکساندەر دۆما، کە سێ پاڵەوانی هەیە، (داراتانیان) یەکێکیانە. و.ک

کەس ناتوانێت مـن بە تـرس تۆمەتبـار بکـات، لە دوو لاوە هێرشم بۆ کرابوو، خافڵگیر کرابووم و هەموو شتێک بەسەرمدا ترشابوو، سەرەڕای ئەوانەش هۆڕنی ماشـێنەکان وەک تۆیزێـک (تەشویشـێک) منـی سەراسـیمە و ناکـاوگیر کردبـوو، بەهـۆی ئەمانەوە ئەوەندەی بڵێی لە پاراستنی شـەرەفمدا کـورتم هێنـا بوو، هەستم بە بەدبەختی دەکـرد، دیمەنـی خـۆم دەهێنـایەوە پێشچاو، بێ ئەوەی کـاردانەوەیەکم هەبێـت، لەژێـر نیگـای پـڕ سوکایەتیی ئەو خەڵکەدا سوار ماشێنەکەم بووم.

ئەو خەڵـکە زۆرتـر لەوە خۆشـحاڵ بـوون کە مـن ئەو ڕۆژە - ئەمەم باش لەبیـرە- کراسـێکی شـێنی زۆر شیکم لەبەردابـوو، ڕسـتەی "بـڕۆ بەلەنگـازی دامـاو"! سـەرەڕای هەمـوو شـتەکان بەردێکـی قـورس بـوو لەسـەر سـنگم، بەکـورتی ئەو ڕسـتەیە لەبەرچـاوی خەڵکـدا تـۆمەتێکی نـاهەق بـوو بە مـن، ڕاسـتە ڕووداوەکە لە کاتوساتێکی تایبەتـدا پـێش هـاتبوو، بەڵام خـۆ هەمیشە -کاتوساتێکی تایبەت- هەر هەیە. دوای تەواو بـوونی ئەم مـاجەرایە ئەوەی دەبـوو بمکردبـایە، بەڕوونـی دەهـاتە بەرچاوم؛ خۆمم دەبینـی کە بە یەک بۆکسـی قـایم داراتانیـانم لەپێ دەخست، سوار ماشێنەکەم دەبـووم، دوای ئەو تەرەسـی زگماک خوێڕییە دەکەوتم، دەیگەیشتمێ، مۆتۆڕەکەیم لە قەراغ جادەکە پێ ڕادەگرت، ڕامدەکێشایە کەنارەوە و لێیانێکی مزرم بە تەواوی حەقی شەرعی خۆی تێ دەسرەواند. من ئەم کورتە

فیلمەم زیاتر لە سەدجار لەزەینی خۆمدا پاتە دەکردەوە، بەڵام تازە درەنگ بوو، من ناچار تا چەند ڕۆژێک کینە و خەفەتم تەحەمول کرد.

عەجیب! هەمدیس باران دەبارێ، حەز دەکەیت لەژێر ساپیتەی ئەو چەرداغانەدا بووەستین؟ ئێ، گەیشتبوومە کوێ؟ ئاهـ! بەڵێ، شەرەف و ئابڕۆ! کە ئەو ڕووداوەم دووبارە بەیاد هاتەوە، پەیم بەوە برد؛ لە کۆتایدا ڕوانینی من لە بەرانبەر ئەزموونکردنی ڕووداوێکدایە بەرگەی نەگرتووە، ئێستا ئیتر ڕۆشن بوو کە من خەونی ئەوەم لەسەری خۆمدا بارهێناوە کە مرۆڤێکی تەواو بم، بونیامێک؛ کەدەیەوێ ئەوانی تر هەڵپێچێت هەم لەڕووی کەسێتی و هەم لە ڕووی پیشەییەوە ئەو ڕێزدار بنرخێنن، یان ئەگەر باشترت بوێ نیوە (سێردان)* و نیوە (دیگۆل)** ، بەکورتی دەمخواست دەسەڵاتم بەسەر هەموو شتیکدا بشکێت، هەر لەبەر ئەمەش بوو قەدوباڵام دەگرت و لە نیشاندانی کارامەیی جەستەمدا زیاتر لە بەهرە مەعنەوەیەکانم خۆم دەنواند، بەڵام باشە. هەر ئەوەی لەبەرچاوی خەڵکدا شەپازلەیەکم خوارد و هیچم نەکرد،

---

* Cerdan-مارسیل سێردان: (١٩١٦-١٩٤٩) پاریزانی مشتەکۆڵەی فەرەنسی و پاڵەوانی کێشی مامناوەندی جیهان. و.ک

** Charles de Gaulle-ژەنەڕال شارل دیگۆل: (١٨٩٠-١٩٧٠) سەرۆک کۆماری قۆناغێکی مێژوویی فەرەنسا. و.ک

ئیتر بۆم نەدەکرا ئەم وێنە جوانە لەسەر خۆم، لەزەینمدا هەڵپێچم.

ئەگەر من بەو ڕادەیەی کە پاگەندەم دەکرد حەقیقەتدۆست و ماریفەتدۆست بوومایە، ئەو ڕووداوەی کە ئێستا لەیادی تەماشاچییەکان چووبووەوە بۆ من چ گرنگییەکی هەبوو؟ سەرەنجام هێندە خۆم سەرزەنشت کرد، کە بێ هوودە قەڵس بووم، بێ ئەوەی بە کاریگەرییەکانی تووڕەییم بزانم کە چۆن بە ئەنجامێکی پێچەوانە ڕووبەڕووم وەستاوە، لەجیاتی ئەوەی لەو خەونەدا بسوتێم کە تۆڵە بکەمەوە، بچم بکوتم و زاڵ بم.

وەک ئەوەی خەونی ڕاستەقینەی من ئەوە نەبووبێت؛ کە هۆشیارترین و میهرەبانترین بوونەوەری سەرڕووی زەوی بم، بەڵکو هەر کە دەمویست بکوتم لەم و لەو بەهێزتر دەردەکەوتم. جەنابت باش دەزانیت کە حەقیقەت ئەوەیە هەر پیاوێکی دانا، ئەو وێنایە لەسەری خۆیدا باربهێنێ گانگسترکە* بێ و تەنها بە کردەوەی توندوتیژ کۆمەڵگا حوکم بکات، چونکە ئەم کارە بەو ئەندازەیە ئاسان نییە کە حیکایەتە سادەکان لەبارەیانەوە دەیانەوێت پێمان قبووڵ بکەن، لە حاڵێکی وادا ئاسایی؛ پەنا وەبەر سیاسەت دەبات و بە گرووپی توندوتیژترەوە پەیوەست دەبێت، ئەگەر لەم ڕێگایەوە بتوانێت دەست بەسەر جیهاندا بکێشێت، چ باکێکی

* Gangster- گانگستر: چەقۆوەشێن یان شەلاتی. و.ک

بە ئالودەکردنی ڕۆحی خۆیەتی بە قەلسی و بێ بەهایی؟ من لە خۆمدا ئارەزوویەکی شیرینم بۆ ئازار و ئەشکەنجە پەی پێ دەبرد.

لایەنیکەم تێگەیشتم؛ کە من تا ئەوجێگایە لایەنی تۆمەتبار و تاوانباران دەگرم، کە لە تاوانی ئەوان زیانێک بە من نەگات. تاوانی ئەو بەدبەختانە زمانپاراویی دەدا بە من، سەرەڕای ئەوە من قوربانیی نەبووم، کاتێ کە خۆم لە جێگەی تۆمەتدا دەدەی، نەک تەنیا بەقەد دادوەرێ، بەڵکو لەو باڵاتر دەبووم: ئەربابی تورە و تاوانلێکراو دەیویست لەدەرێی حەرەمی یاسا تاوانبار لەپێ بخات و بیخاتە سەرچۆک. هاونیشتیمانیانی ئازیزم، دوای ئەمە بەڕاستی دژوارە کە بونیام بەشێوەیەکی جیدی بۆخۆشی بە پەیامی دادوەری و عەدالەت قایل بێت و خۆی بە بەرگریکاری براوەی هەتیو و بێوەژنان بزانێت.

ئێستا کە بارانەکە بووە بە لێزمە ئێمە کاتمان هەیە، دەمەوێ پەیدۆزییەکی خۆمت بۆ باس بکەم کە کەمێ پاش ئەوە کردم. وەرە لە تاو ئەو بارانە لەسەر ئەم کورسیانە دانیشین، چەندین سەدە خەڵکانی پایپ بەلێو لێرا دانیشتوون و ڕێژنەی ئەم بارانەیان بەسەر هەمان کەناڵدا تەماشا کردووە. وەرە ئەوەی کە دەمەوێ بۆت بگێڕمەوە، بڕێ دژوارترە، ئەم جارە قسە لەبارەی ژنێکەوەیە؛ سەرەتا دەبێ بڵێم کە هەمیشە من، بێ ئەوەی کۆششێکی زۆرم خەرج دابێ، لە پەیوەندیم لەگەڵ

ژنانـــدا ســـەرکەوتوو بــووم، نـــاڵێم لە بەختەوەرکردنیانـــدا سەرکەوتووبووم یان خـۆم لە ڕێگای ئەوانەوە بە بەخـتـەوەری گەیشـتووم، نـــا، تەنیـا ســەرکەوتوو بــووم. بەنزیکەیـــی هەرکاتێـک ویسـتبێتم بە مەبەسـتی خـۆم گەیشـتووم، بیـر بـکەرەوە؛ مـن سـەرنجڕاکێش دەهـاتمە پێشـچاویان، دەزانـی سەرنجڕاکێشی چییە؟ شێوەیەکە لە وەرگرتنی وەڵامێکی نایاب بۆ پرسـیارێکی ڕاشـکاو کە هێشـتا نەکـراوە، یـانی بە هەمـان شێوەی ئەوسای مـن سـەرت دەسـووڕمێ؟ نـا پێداگری مەکە، بەو ســـەرو شــــکڵەی ئێســـتامەوە تەواو گومـــانەکەی تـــۆ سروشتییە. ئەفسوس! دوای گەیشتن بە تەمەنێکی دیـاریکراو، ئیتـر هەمـوو کەس لە ڕوخسـاری خـۆی بەرپرسـە، ڕوخسـاری مـن! بەڵام چ گرنگیەکـی هەیە؟ حەقـیقەت ئەوەیە لە منـدا کەمەندکێشییەکیان هەسـت پـێ دەکـرد و ئەوەش بە خێـر بـۆ من دەشکایەوە.

لەگەڵ ئەوەشـدا مـن هـیچ جـۆرە چارەسـەرێک بەکارنـاهێنم، نییەتێکی تەواو یان تـا ڕادەیەک پـاکم هەبـوو، پەیوەنـدی مـن لەتەک ژنان سروشتی و ڕەحەت بـوو، وەکـو ئەڵـێن سـووک و ئاسـان بـوو، لەم پەیوەنـدییەدا فرۆفێڵـێـک لە گـۆڕێ نەبـوو- هەڵبەت جگە لەو فریوە ئاشکرایەی ژنـان خۆیـان بەجـۆرێ لە ئەدەب و ئیحتیرامـی دەزانـێ مـن ئەوانـم بەقەولـی خەڵـک "خۆشدەویست"، بێ مانابیە کە؛ هەرگیز هیچ یەکێکم لەوژنـانە

خۆشنەویستبێت..! بە باوەڕی من؛ بۆ بەهاکردنی ژنان هەمیشە حوکمێکی پووچ و عامیانە بووە، بەنزیکەیی هەموو ئەو ژنانەی ناسیوومن لەخۆمم بەشایستەتر زانیوون، سەرەڕای ئەوەی وەها مەقامێکی باڵایان بۆ قایل بووم، کەچی زیاتر لەوەی خزمەتیان پێشکەش بکەم، ئەوانم بۆ خزمەتی خۆم ڕاپێچاوە، دە وەرە سەر لەمە دەربکە..؟

هەڵبەتە عەشقی حەقیقی ئاوارتەیە و لەسەدەیەکدا هەر جارێک یان دوو جار ڕوو دەدات، ئەوانی تری هەمووی خۆخوازی و دڵتەنگی و چەرمەسەرییە، بەهەرحاڵ من ڕاهیبەی پورتوگالی* نەبووم، دڵی من خاڵیی نییە لەهەست، بەپێچەوانەوە سەرشارە لە موحیبەت، لەگەڵ ئەوەشدا بەئاسانی دەستدەکەمە گریان، بەڵام کڵوکۆی ئەم هەستە گەرمەم هەمیشە ڕوو لە خۆم دەگەڕێتەوە. درۆیە پێت بڵێم قەت عاشق نەبووم، من لە ژیانمدا لایەنیکەم گیرۆدەی یەک عەشقی گەورە بووم، عەشقێک کە هەمیشە من ئامانجی ئەو بووم، لەم ڕووەوە دوای چەندین گێرمەی خۆبەدوور گرتن، زۆر زوو خۆم بە چێژێکی شەهوانی گرتەوە و تەنیا ئەمە حوکمی ژیانی عاشقانەی منی دەکرد، من ژنم تەنها وەک بابەتی چێژ و ڕابواردن دەویست و جەستەشم یاریدەی وەها شتێکی دەدام

---

* ئاماژەیە بە کتێبی (نامەکانی ڕاهیبەیەکی پورتوگالی)یە کە لە سەدەی حەڤدەدا نووسراوە و پێکهاتووە لە پێنج نامەی بەسۆز و عاشقانە، گوایە ڕاهیبەیەکی پورتوگالی بەناوی (ماریا ئەلکافۆرادۆ) بۆ ئەفسەرێکی فەرەنسی بە ناوی (کۆنت دۆشامیی) کە ئەمی فریوو دابوو نووسیویێتی. و.ف

و سروشت له ئاستمدا ماڵی ئاوابێ سەخاوەتێکی زۆری خەرج دابــوو، ئەو شــانازییەی پــێ ڕەوا فەرمووبــووم کە لە چــاو ئاســودەییە ڕۆحییەکەمــدا تۆزقاڵێــک بــوو، ئاســودەییەک؛ کە ناتوانم بڵێم لە چێژکێشییەوە بوو یان لە هێزی دەسەڵاتمەوە.

دەباشە، ئێستا جەنابت دەتەوێت بڵێی کە ئەها دیسان مـن کەوتــوومەتەوە خۆهەڵنــان، پێــداگری تیانــاکەم، بەتــایبەت لە بابەتێکدا لاف لێ دەدەم، کە حەقیقەتی هەیە و من کەمتریش تیایداهەست بەشانازی دەکەم.

ئێستا کە قسە هاتە سەر ئەوە، دەبێ بڵـێم لەم مەسـەلەیەدا؛ مەیلی شەهوانییم ئەوەندە بەهێز و ڕاستەقینە بوو، ئامادەبووم بۆ ئیشێکی خێری دە خـولەکی، ئینکـاریی داک و بابم بـکەم، تــووش بوویــووم، دواتــر بەخەســتیی پەشــیمان بــووم، بڵــێم چیی؟! بەتایبەت بۆ ئیشێکی دە خولەکی، ئەگەر دڵنیابوومایە دوای ئەوە ناکەومە بەیانی، ئیتر ئاوابوو. هەڵبەت من هەمیشە پابەندی پرەنسیپەکانی خۆم بووم، بۆ نمونە ژنی ناسیاوەکانم کە ڕێزی تایبەتیان لەلام هەبوو، بەوپەڕی ڕاستگۆییمەوە چەند ڕۆژێـک بەرلەوە نێـوانم لەگەڵ مێردەکانیانـدا دەبچڕی، ڕەنـگە مـن، ئـاە نـابێ ئەم هەسـتە نـاوبنێم شـەهوانییەت، چـونکە شـەهوانیەت شـتێکی بێـزەور نیـیە، لـێگەڕێ ئەوە نـاوبنێین کەموکـورتی جەسـتەیی، جـۆرێ لە بـێ توانـایی زگمـاگ لە عەشقدا کە جـگە لە سـێکس چاومـان شـتێکی تـری نابینێـت،

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کێماسییەم سۆنگەی ئاسودەیی من بوو، چونکە کە لەگەڵ هێز و فەرامۆشیمدا یەکیان دەگرت و ئازادی منیان فراوان تر دەکرد، لە هەمان کاتدا سەربەخۆییەکی بێ زیانیان پێ دەبخشیم، کە ئەویش بۆ من پیرۆزییەکی نوێی دابین دەکرد، من دەکۆشام تا هەستم نەبێ و لەوەشەوە ڕێگایەکم بۆ خەیاڵپلاوی بەدەست هێنا، لە ڕاستیدا دڵبەرەکانی ئێمە ئەم تێڕوانینە هاوبەشەیان لە ناپلیۆن دەچێت، کە هەمیشە وا دەزانن؛ ئەو کاتەی هەمووان شکست دەخۆن، ئەو کاتە ئەو سەرکەوتووە.
سەرەڕای ئەوانە، من لەم بێنەوبەردەیەدا جگە لە مەیلی شەهوانیی، مەیلێکی تریشم هەبوو؛ بەزمی قومارکردن، من ژنەکانم وەکو یارییەک خۆشدەویست، یارییەک کە لایەنیکەم شتێکی وەک پاکیی و میهرەبانیی تێدایە، تۆ دەزانیت من بەرگەی بێزاری و بێ تاقەتیی ناگرم و لە ژیانمدا تەنها بەها بۆ عەیشونۆش دادەنێم، هەموو پیرێ، تەنانەت پیرێ دەستەبژێریش خێرا من بە هیلاک دەبەن، ئەمە لە کاتێکدا لەگەڵ ژنگەلێک کە خۆشم لێیان هاتووە، لە حەیاتما لێیان بێزار نەبووم. تۆزێک بۆ من سەختە کە دانی پێدا بنێم؛ ئامادەبووم دە دانیشتن لەگەڵ حەزرەتی ئەنیشتایندا بگۆڕمەوە بە یەک ژووان لەگەڵ ژنێکی جواندا، هەڵبەتە ئەوەش هەیە کە؛ لەدەیەمین وادەدا لەحەسرەتی دیداری

ئەنیشتاین یا خوێندنەوەی کتێبێکی باشدا ئاهم هەڵدەکێشا، جگە لە ماوەماوەی کورت، ئەگەرنا من لە ژیانمدا باسێک لەخەم لەگۆڕێ نەبووە.

چەندین جار کە لەگەڵ برادەراندا لەسەر شەقامێک ڕادەوەستاین و لە گەرمەی قسەدابووین کە ئەو دڵودینەم دەدی لە شەقام دەپەڕییەوە، بەشێوەیەکی نەخشەکێشراو من لەسەر ڕێسا یاریم دەکرد؛ من دەمزانی کە ژنان حەز دەکەن ئیشەکە یەکسەر نەگات بە کۆتایی، یەکەمجار: قسە، بەقەولی خۆیان: خۆشەویستیان دەوێت، منیش لە پلەی پارێزەرێکدا نەدەچوومە گفتگۆی کورتەوە، وەک ئەکتەرێکی تازەکار خۆم نیشان دەدا، ئەزانم چۆن عاشقانە نیگا بکەم، زۆرترین ڕۆڵم دەگۆڕی، لێ شانۆییەکە هەر هەمان شانۆیی بوو، بۆ نمونە دیالۆگی "من هەڵخەڵاندن نازانم" یان "یان نازانم کۆتاییەکەی چۆن دەبێ" یان "بێ مانایە، من نامەوێت کەمەندکێشی کەس ببم، ئاخر من ماندوو بووم لە عەشق" و ئەم شتانە هەمیشە ئەو دیالۆگانەن کە ئیشی خۆیان دەکەن، یان بۆ نمونە ئەم دێرە: "ڕازێکی خۆشبەختی لە تۆدا هەیە، کە هیچ ژنێکی تر پێی نەداوم و ڕەنگە لە ئایندەشدا پێم نەبەخشێت"، لە هەموو ئەوانە کاریگەر تر ئەوەبوو وتارێکی کورت و چڕم دەدا کە هەمیشە باش پێشوازی لێ دەکرا و دڵنیام تۆش بەدڵت دەبێ، بابەتی ڕاستەقینەی ئەم وتارە بچووکە: پێداگرییەکی

ئازاراوی و نیشانەی خۆبەدەستەوەدان و ڕازامەندی بوو لەوەی کە من هیچ نیم، بەزۆریش ناکرێ کەسێ دڵم بداتێ و ژیانی من لە شوێنێکی تره، بەختەوەریم دابین نابێت، بەختەوەرییەک کە ڕەنگە لە هەموو شتێکی بە باشتر بزانم، بەڵام حەیف کە ئیتر زۆر درەنگە و لەبارەی هۆی ئەم دێرکەوتنە قەرەبوو نەکراوەیەوە من بێدەنگی هەڵدەبژێرم، چوون دەزانم وا باشترە بەو نهێنییەوە بچمە گۆڕ.

ئەوسا ئەوەی دەمگوت، باوەڕم پێی بوو، چونکە لەهەمان ئەو ڕۆڵەدا دەژیام کە لە ئەستۆمدا بوو، لە شانۆییەکی ئاوادا جێی سەرسوڕمان نییە کە یاریکەرەکانی هاوڕێشم دەستیان دەدایە ڕوڵ بینین و نواندن، هەستیارترین دڵبەرەکانم هەوڵیان دەدا؛ تا لە من تێبگەن و ئەم هەوڵەشیان ئەوانی بەرەوە خۆبەدەستەوەدانیکی غەمگین کێش دەکرد، خەڵک داخی ئەوەیان لێ دەهات کە من لە یارییەکە دەزانم و سروشتێکی وەها زەریفم هەیە کە ئەوەی دەمەوێ پێش ئەوەی قسەی لێ بکەم و بێ بیرکردنەوە بۆم دێتە بەردەمم، بەم شێوەیە من لە گەمەکەدا دوو جار براوە بووم؛ جارێک لەو حەزەی لەوانم هەبوو، جاری دووەمیش لە عەشقێک کە بۆ خۆمم هەبوو، ئەوەش کە لە هەر سەرکەوتنێکدا توانستی خۆمم بۆ دەردەکەوت.

ئەم بابەتە بە جۆرێ حەقیقەتی هەیە تەنانەت ئەگەر برێک لەوان تەنها چێژێکی ئاسایی بە من ببەخشیبا، هێشتا هەوڵم دەدا هەر چەند جارێ بێگومان بە کۆمەکی مەیلیکی تایبەت، کە لە ئەنجامی دووریسیەوە کاریگەر تر دەبوو و بەجۆرێ دۆستی نهێنی بەدوای خۆیدا دەهێنا، لەگەڵیان پەیمانم تازە دەکردەوە. بەڵام بەتێپەڕینی کات دەمویست بەخۆم بسەلمێنم کە پەیوەندیمان هێشتا هەیە و تەنها بە منەوە پەیوەستە تا ئولفەتی بۆ نوێ بکەمەوە، تەنانەت کارەکەم گەیاندبوو بەوەی سوێندبخۆن جگە لە من لەگەڵ هیچ پیاوێکی تردا پەیوەندیی نەگرن، هەتا من بۆ هەتاهەتایە ئەرخەیان بم، بەم شێوەیە لە هیچیان نیگەران نەدەبووم، پێچەوانەی ئەو حەقیقەتە ئاشکرایە، بەزەحمەت دەمتوانی باوەڕ بەوە بهێنم کە ژنێکی دۆستم، هەرگیز لەگەڵ کەسی تردا نەبێت، بەڵام ئەو سوێندەی دەیخوارد هەم ئاوی دڵی منی دەدا و هەم ئەوانیشی پابەند دەکرد، ئێستا کە جگە لە من بە کەسی ترەوە پابەند نەبوون، دەمتوانی بڕیاری کۆتایهاتنی پەیوەندییەکەمیان لەگەڵدا بدەم، چونکە پێچەوانەی ئەمەم بۆ نەدەکرا، سەلماندی توانام بۆ هەمیشە لەسەر ئەوان جێی خۆی گرتبوو، بە کردەوەش ئەمەم بۆ داهاتوویەکی درێژ گرەنتی وەرگرتبوو، سەیرە؟ وانییە؟ کەچی وایە.

هاونیشتیمانیی ئازیزم، هەندێکیان دەپاڕێنەوە "خۆشت بوێم!" هەنـدێکی تریـان "خۆشـت نەوێـم، بەس بەوەفـابە لەگەڵـم!" ئەوەی گــرنگە ئەوەیە؛ ســەلماندی ئەم توانـــایە هەرگیـــز هەمیشەیی نییە، دەبێ لەگەڵ هەرکەسێکدا لەسـەرەوە دەست پـێ بکەیـتەوە، هەر لەوەی کە زۆر پـاتە دەبێـتەوە بـۆی، بە ئاسانیی کەمەندکێشی دەکەیت، خێراخێرا بێ بیرکردنەوە قسە دەکەیت و کردەوەی بێ ئیرادەشتی بەدوادا دێت، ڕۆژێک دێت بێ ئەوەی بەڕاستی بتەوێت، دەبی بە خاوەنی، باوەڕ بفەرمـوو لای هەنـــدێک کەس؛ بـــوون بەخـــاوەنی شـــتێک کە حەزیـــان لێیەتی، لە هەموو ئیشەکانی دونیا دژوارترە.

ئەمە هەمان ئەو شتە بوو کە ڕۆژێک ڕوویدا و سودی نیـیە کە پێـت بڵـێم، ئەمە ئەو ژنە بـوو، جـگە لەوەی شـێوەی پـڕ پەژیرایی و پڕ تەمەنـای ئەو، منـی کەمەنـدکێش کردبـوو، بێ ئەوەی بەڕاست شۆڕێک لە مندا بووروژێنێت، بـێ لەڕوو دامـان بڵـێم؛ هەمـان شـێوە کە چـاوەڕوان دەڕۆیشـت هیچـی دەسـت نەدەکەوت، بەڵام من هەرگیز باوەڕم نەبوو، ئەو ژنەی کە ئیتر نەمبینییەوە لەبیرخۆمم بردەوە، گومانم دەکرد تێبینـی هیچـی نەکردبێت و تەنانەت باوەڕناکەم خاوەنی بۆچوونێکیش بووبێ، بەڵام بەوەشـــەوە ئەو ڕوخســـارە پـــڕ میوانـــدارییەی، ئەو بـــێ حاڵییەی ئەوی لای من لە دونیا جیا دەکردەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا چەند هەفتەیەک دواتر بیستم لای کەسێک دەردەدڵی کردبوو، خێرا ئەو هەستەم لەلا دروست بوو؛ کە تاڕادەیەک فریوم خواردووە، ئەو ئەوەندەی من وامزانی بوو، بێ خەیاڵ و بێ توانا و بێ بەهرە نەبوو، دواتر شانم هەڵتەکاند و ڕووکەشانە پێکەنیم، تێر بەم مەسەلەیە پێکەنیم، ڕوون بوو کە ئەم ڕووداوە گرنگی نییە، ئەگەر لە هەر بابەتێکی ئاوادا خاکەڕایت کرد، دەبێ ئاگات لەو ڕێسایە بێت کە ئایا سەرجێیی لە گۆڕێ نییە؟ بەڵام نا، تەنانەت لە تەنھاییدا هەموو کەسێ حەز دەکات ئیمتیازێکی زیاتر لە خەڵک بەدەست بهێنێت، لە ڕاستیدا لەدژی شانم هەڵتەکاند، چۆن مامەڵەم کرد؟ ماوەیەک پاش ئەوە دیسانەوە ئەو ژنەم بینییەوە، لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی شەیدای خۆمی بکەم، ئەوەی پێویست بوو کردم، ئەو کارە زۆر قورس نەبوو، ژنان خۆیشیان حەز ناکەن زۆر لە شکستدا بمێننەوە، لە هەمان ئەو کاتەدا بێ ئەوەی ڕێک ئەوەم بوێت؛ دەست بەکاربووم، تا بەهەر ڕێگایەک بووە پشتی بشکێنم، وازم لێهێنا و دووبارە شوێنی کەوتمەوە، ئاگەیارم کرد لەو کات و شوێنانەی بۆ ئەم ئیشەش دەستنایەن خۆیم بۆ بدات بەدەستەوە، بەهەرحاڵ بە ڕەقی لەگەڵی جوڵامەوە تا پابەندی خۆمم کرد، هەروەک زیندانەوانێک چۆن بە زیندانییەکەی خۆی پەیوەست دەبێ، تا ڕۆژێک لەژێر بار و ئازاری زۆری کەسێکدا کە من بووم و ئەوم

هێنابووە ژێر دەسەڵاتی خۆم، ملی کەچ کرد، لەو ڕۆژەوە کەم کەم لێی تەکیمەوە و ئیتر هەر لە بیری خۆمم بردەوە.
بەو بێدەنگییە بەئەدەبەی جەنابتدا، منیش ئەوە پشتڕاست دەکەمەوە کە ئەم ڕووداوە ئەوەندەش دڵگیر نییە، لەگەڵ ئەوەشدا هاونیشتیمانیی ئازیزم، تۆش ژیانی خۆت بە بیر بهێنەرەوە، یادەوەریت بپشکنە، ڕەنگە چیرۆکی هاوشێوەی ئەمە بدۆزیتەوە و دواتر بۆم بگێڕیتەوە، من کە ئەم ڕووداوەم دەهێنایەوە بیری خۆم، دیسان دەکەوتمەوە پێکەنین؛ بەڵام ئەم پێکەنینە شتێکی تر بوو، کەمێ لەو پێکەنینە دەچوو کە لەسەر پردی (دێزار) بیستبووم؛ بە وتە و بەرگریکردنەکانی خۆم زیاتر لەگەڵ ژناندا پێدەکەنیم، لایەنی‌کەم لەگەڵ ئەواندا کەم درۆم دەکرد، غەریزە زۆر بەڕوونی و بێ پەردەپۆشکردن لە ڕوخسارمدا دیار بوو.
بۆ نموونە سێکس خۆی ددان پێدانانە، بە ئاشکرا خۆپەرستی تێدا دەبینی، غروور دەبینی، خۆمەزنیت دەردەخەیت، لە کۆتاییدا لەم چیرۆکە دڵتەزێنەمدا زیاتر لەڕووداوە عاشقانەکانی ترم، ڕاستگۆتر لەوە بووم کە بیرم لێ کردبووەوە، نیشانم دابوو؛ کە کێم و چۆن دەتوانم بژیم، لەبەر ئەمە و دوور لەخۆنواندن من لە ژیانی تایبەتیمدا بەو جۆرە ڕەفتارم کرد کە عەرزم کرد، شایستەتر لە هەموو کاتێ لەسەر لوتکەی دادپەروەری و بێ گوناهیمدا وەستابووم، لایەنی‌کەم لە کاتێکدا

کردەوەی خۆمم بەرانبەر خەڵک دەبینی، ئیتر نەمدەتوانی لەبەرانبەر حەقیقەتی وجودمدا خۆم فریو بدەم، هیچ کەسێک لە چێژەکانی خۆیدا ڕیاکار نییە، هاونیشتیمانیی خۆشەویست ئەمەم لە شوێنێکدا خوێندۆتەوە یان یادم کەوتۆتەوە؟

وەختێک ئەوەم لەبەرچاو گرت کە لێکدابڕانم بۆ هەتاهەتایە لەژنێک تا چ ئاستێک قورسە-کێشەیەک کە تا ماوەیەکی لە پەیوەندییە زۆر و زەبەنەکانمدا لەتەک ژنان، ڕۆحمی دەهێنایە کونە لوتم- ئیتر خۆمم بە نادڵسۆز نە دەژمارد.

کاتێک یەکێک لەدۆستەکانم وەک ئەوەی لە چاوەڕوانی فەتحی ئاوسترلیتزی* عەشقی مندا مابێتەوە، ماندوو دەبوو، قسەی دەکرد، ئەوە دڵسۆزیم نەبوو کە منی دەجوڵاند، من بووم دەستبەجێ هەنگاوم هەڵدەگرت. خێرا دەگەیشتمێ، هانکەهانکم بوو، دڵسۆزیم بەزەییەکی شیرینی بەسەر مندا دەسەپاند، لە کاتێکدا خۆم جگە لە ڕووکەشی هیچ هەستێکی نەرم نەبوو بۆی، تەنیا لەژێر کاریگەریی ئەم خۆڕاگرییەدا کەمێک دەوروژام و لە ترسی ئەگەری لەدەستدانی خۆشەویستییەک زیرەم دەکرد، هەڵبەت ئەمە هەر ئەوە بوو کە جارجار وام هەست دەکرد بەڕاستی ئازار دەکێشم، بەوانەشەوە ئەوە بەس بوو دڵبەرێکی یاخی بەڕاستی بڕوات،

---

* Aussterlitz- ئاوسترلیتزی: ئاماژەیە بە شەڕێک لە یەکێک لە فتوحاتە گەورەکانی ناپلیۆنا لەم ناوچەیەدا لە چیکۆسلۆڤاکیا، بە ناوی شەڕی "سێ ئیمپاراتۆر"یش ناسراوە. تێدا ناپلیۆن گرنگترین ستراتیژی شەڕی بەکارهێنا کە تا ئێستا لە فێرگە سەربازییەکاندا دەیخوێنن. و.ک

تا من بێ هیچ زەحمەتێک فەرامۆشی بکەم، هەرکاتێکیش بڕیاری گەڕانەوەی بۆ لای من دابێت، من بێ دوودڵی فەرامۆشم دەکرد تا لە مەترسی وازهێناندا جێمبهێڵن، عەشق یان خۆپەرستی نەبوو کە منی دەوروژاند، بەڵکو تەنیا مەیلی بوون بەخۆشەویست و وەرگرتنی ئەو مافە بوو کە من بە حەقی خۆم دەزانی، وێڕای ئەوە هەر خۆشەویستیم بەدەست بهێنایە، دیسان حەریفەکەمم فەرامۆش دەکرد، دیسان چاک دەبوومەوە، دڵشاد دەبووم و خۆشەویستیم دەکرد.

ئنجا سەیر بکە؛ من لەو ساتەدا کە ئەو عەشقەم بەدەست دەهێنا، قورساییم هەست پێدەکرد، کە بێتاقەت دەبووم دەمگوت باشترین چارەسەر بۆ کەسێک کە پەیوەندی لەگەڵ مندا دروست دەکات، مەرگە، ئەم مەرگە لەلایەک پەیوەندی ئێمەی بۆ هەمیشە جێگیر دەکرد و لە لایەکی تریشەوە کۆت و پەیوەستبوونێکی دەخستە ئەستۆی ئەو، بەڵام خۆ ناکرێ ئارەزوی مەرگی ئەو هەموو عالەمە بکەین، یا دواجار بۆ چێژ بردن لەو ئازادییەی کە بەهیچ ڕێگایەکی تر نایەتە دی، تاق لەو خەڵکە ببڕی. ئازیزم، هەست و عەشقێک کە بۆ خەڵک هەمە پێچەوانەی ئەم ئەندێشەیە دەگەڕێ.

لەم پەیوەندییە قووڵەدا تەنیا هەستێکی قووڵ کە دەیدات بە من ئەمەکناسیی بوو، بەم مەرجە هەموو شتێک باش دەڕۆیشت و لەو پەڕی ئەرخەیانیمدا لێ دەگەڕان من ئازاد بێم

و بڕۆم، هەرگیز لەگەڵ هیچ ژنێکدا میهرەبان نەبووم، کە لەجێگای ژنێکی تردا ڕاکشابێتم، ئەو دیارییەی لە ژنی پێشوودا وەرمگرتووە بەسەر هەموویاندا بسەپێنم، ئەوسا هەرچەند هەستی ڕووکەشی من ئاڵۆز بوو، ئەنجامێک کە لەوە بەدەستم دەهێنا ڕۆشن بوو، من هەموو خۆشەویستەکانم لە چواردەوەری خۆم کۆ دەکردەوە تا هەرکاتێک کە بمەوێت بەکاریان بهێنم، بە دان پێدانانی خۆم؛ من بە تەنیا مەرجێک دەتوانم بژیم؛ کە هەموو بوونەوەرانی سەر زەوی یان زۆرینەیان بەدەوری مندا بخولێنەوە، بوونەورانی هەمیشە نەبوو، بێ بەش لە ژیانێکی سەربەخۆ، ئامادەباش بۆ ئەوەی هەر ساتێک وەڵامی من بدەنەوە و لەدواجاردا بونەوەرگەلێکی بەتاڵ و هەتاڵیان لێ دەربچێت، تا ڕۆژێک من بەسەریاندا بێمەوە و بە نوری خۆم ڕۆشنیان بکەمەوە، ئینجا بۆ ئەوەی من ژیانێکی بەختەوەرانە بژیم، دەبێ کەسانێک کە هەڵمبژاردوون نەژین، دەبێ ئەوان جارجار و بەپێی ئارەزوی من بگۆڕێن.

ئاه… زۆر دۆستانە باوەڕبفەرموو لە گێڕانەوەی ئەمەدا هیچ خۆپەسەندییەک نانوێنم، کە دەکەومە بیری ئەو زەمانەی هەموو شتێکم دەویست بێ ئەوەی خۆم شتێک بدەم، کە بوونەوەرگەلێکی زۆرم لە خزمەت خۆمدا ڕاگرتبوو، وەک ئەوەی لەبەفرگر هەڵمگرتبێتن تا هەرکاتێک ویستمن

لەبەردەستمدا بن، نازانم ئەم هەستەم شەرم نییە؟ هاونیشتیمانیی ئازیزم، ئایا شەرم برێک سوتێنەر نییە؟ بەڵێ؟ لەو حاڵەتەدا ڕەنگە هەمان هەست یان یەکێک لەو هەستە گاڵتەجاڕیانەبێ کە پەیوەستە بەشەرفەوە، بەهەرحاڵ وا بزانم ئەم هەستە دوای ئەو ڕووداوەی کە بەردەوام لەبەرچاومە منی داگیر کرد، ڕووداوێک پێچەوانەی هەوڵ و هەڵبژاردنم لە بونیادنان و دروستکردنی، ئومێدەوارم جەنابتان نرخ بۆ ئەوە دابنێن کە ئیتر ناتوانم لەوە زیاتر گێڕانەوەی دوابخەم.

ئەوە بارانەکە خۆشی کردەوە! مەرحەمەت بفەرموو تا ماڵەوە بمگەیەنە، من خەراپ ماندووم، لەوە نا کەوتم، لەوەی کە بیردەکەمەوە ئێستا بیڵێم، بەڵام نا، بۆ ئەوەی کە پەیم پێ بردووە بیڵێم چەند وشەیەک بەسە، لە دوای ئەوە بۆ زیاتر بڵێم؟ بۆ ئەوەی لە مەسەلەکە تێبگەیت، قسە ڕازاندنەوە بەدەرد ناخوات، ڕووداوەکە ئاوهایە؛ شەوێکی مانگی نۆڤێمبەر -دوو یان سێ ساڵ دوای ئەو شەوەی هەستم کرد دەنگی پێکەنینێکم لە دوامەوە ژنەفت- بەڕێگای پردی ڕۆیاڵ*دا بەرەو لای کەناری چەپی ڕووبارەکە ڕووەو ماڵەوە دەڕۆیشتم، سەعاتێک پاش نیوەشەو بوو، بارانێک ڕیزەبەڕیزە یان جوان

* ڕۆیاڵ: پردێکە لەسەر ڕووباری سێن لە پاریس، کە ئەمبەر و ئەوبەری شارەکە پێکەوە دەبەستێتەوە. و.ک

تـر وایە بڵـێم بارانێـک لە وردیـلەی سـاردی تەم دەبـاری و ڕێبوارە کەمەکانی پەڕاگەنـدە دەکرد، مـن تـازە ئەو دولـبەرەم جێهێشـتبوو و بێگومـان هەر لەو سـاتەوە ئەو نووسـتبوو، لەو شەقامەدا دڵم بەو پیاسەکردنە خۆشبوو، کەمێـک سڕ ببـووم، خوێنێکی زوڵاڵ وەک ئەو بارانەی دەبـاری لە لەشـمدا دەجمـا، لە سـەر پـردەکە پەیـکەری کەسـێک، بەسـەر محاجەرەکانـدا چەمیبووە و وا دەهاتە پێش‌چاو کە لە ڕووبارەکە دەڕوانێـت. لە ڕۆیشتن بەردەوام بووم، کە نزیکتر بوومەوە، ژنێکی گەنجی باریکەلەم لە کراسێکی ڕەشـدا دی، لە نێـوان پرچـی ڕەشـی و یەخەی پاڵتۆکەیـدا تەنهـا پشـتەملی ناسـکی تەڕی یەکبەخـۆ منی بۆلای خـۆی ڕادەکێشا، بەڵام مـن دوای سـاتێک دوودڵـی بەردەوام بوومەوە لە ڕۆیشتن و لە کۆتـای پـردەکەدا شـەقامی (سان میشێل)م بەرەوە ماڵەکەم کە کەوتبـووە ئەونـاوە گـرتە بەر، نـزیکەی پەنجـا مەترێـک ڕۆیشـتبووم و نەڕۆیشـتبووم کە شڵپەی کەوتنە ئاوێکم بیست، دەنگێـک؛ دوای مـاوەیەکی زۆر لە بـێ دەنگـی ئەوشـەوە ترسـناکە هێشـتا لە گوێمـدا زایەڵە دەکـات، لەجێـی خـۆم میخکـوت بـووم و چەقـیم، بەڵام ئـاوڕم نەدایەوە، دروست لەو کاتەدا هاوارێکم بیست کە چەند جارێک دووبارە بووەوە، سەرەوخوار درێژایـی ڕووبـارەکەی گـرتەبەر و لەپڕ بێ دەنگ بوو.

وام هەست دەکرد؛ ئەو بێدەنگییەی بەدوای ئەوەدا هات چەق بەستوو و بێ کۆتایی بوو، ویستم ڕابکەم، لێ لە جێگای خۆم نەجولام، دەلەرزیم، وا بزانم هۆیەکەشی ئەو سەرما زۆرە بوو، بەخۆمم دەوت کە دەبێ بەخێرایی دەستبەکاربم و هەستم دەکرد لاوازییەکی بێ بەرگری بەسەر وجودمدا زاڵە، بیرم نییە کە لەو کاتەدا بیرم لەچی دەکردەوە؛ "زۆر دوورم، تازە درەنگە" ڕەنگە شتێک لەم بابەتانە بووبێت، بێ جوڵە هەروا گوێم هەڵخستبوو، پاشتر بەژێر بارانەکەدا بە هەنگاوی کورت لەوێ دوور کەوتمەوە و ئیتر لای کەس باسم نەکرد.

ئەوە گەیشتین! ئەمەش ماڵەکەمە، پەناگەکەی من، سبەینێ؟ بەڵێ هەرچۆنێ تۆ پێت خۆشە، من بەوپەڕی تاسەوە جەنابت بۆ دوورگەی مارکن* دەبەم، جەنابت لەوێ زویدرزە دەبینیت، قەرارمان سەعات یانزەیە لە مەکسیکۆسیتی، وتت چی؟ ئەو ژنە؟ ئاهـ.. نازانم، نازانم، بەڕاستی نازانم، بەیانی ئەو شەوە و ڕۆژەکانی دواتریش ڕۆژنامەکانم نەخوێندەوە.

---

* Marken-مارکن: دورگەیەکە لە نیوە دورگەی (زویدرزە). و.ک

بڕوانه ئێره دەڵێی ئاوایی بووکەڵانه، ئەتۆش پێت وانییه، هەڵبەت لە دیمەنی جوانی کەم نییه، بەڵام دۆستی ئازیزم من تۆم بۆ نیشاندانی دیمەنی جوان بۆ ئێره نەهێناوه، هەموو کەسێ دەتوانێ تۆ بۆ تەماشای ئەم کڵاوبەسەر و کەوشدارین و ماڵە ڕازاوەنه بێنێ، کە لێرەدا ماسیگرەکان لە بۆنی ڕۆنی قرچاودا، جگەرەی تیا بەبادەدەن. بە پێچەوانەوه، من لەو کەسە دەگەمەنانەم کە دەتوانم ئەوشتەی بەڕاستی گرنگە، من ئەوەت نیشان بدەم.

ئەوە گەیشتینە بەنداوەکە، دەبێ لێرەوە بە قەراغیدا تێپەڕین تا ئەوەندەی دەکرێ خۆمان لە بینیی ئەو ماڵانە بپارێزین کە لەپێویست زیاتر جوانن، تکا دەکەم با لێره دانیشین، تۆ ئەڵێی چیی؟ تەماشا بکە؛ ئایا ئەمە جوانترین دیمەنی بینراو نییه، سەیربکە؛ لە دەستی چەپمانەوە ئەو بەرزاییه خۆڵەمێشییەیە کە لێره پێی دەڵێن (گردەلم) و لە دەستی ڕاستمانەوە ئەو بەنداوە ڕەساسییه، لەبەرپێماندا کەناری پڕ لەچەوی شین و لە بەرانبەرماندا دەریا بەڕەنگی گوڵەکیولەکانی تەنیشتی و ئاسمانی بێسنووریش کە عەکسی ئاوی مردوو تیایدا دەلەرێتەوە.

هەر بەڕاستی دۆزەخێکی گەرم و شێدارە، هەرچی شت هەیە مینا گورزە هێڵێکی ئاسۆیی، خاڵییە لەهەر درەوشانەوەیەک، بۆشاییکی بێ ڕەنگ و ژیانێکی مردوو. باشە ئەو جیهانە بەرەو تەواوبوون ناچێ؟ نەبوونێک کە بەچاو هەستی پێ دەکرێت؟ کەسی لێ نییە و باشتریش کە لێی نییە، تەنیا من و تۆین لەبەرانبەر زەویدا، ئاخر چۆڵ بووە و کەسی تێدا نەماوە. ئاسمان زیندووە؟ تۆ ڕاست دەفەرمووی دۆستی ئازیز، ئاسمان تاریک دادێ، دوایی دەقڵیشێ، قادرمەی هەوا دەخاتە سەر گازەرەی پشت و دەلاقە لە هەور کڵۆم دەدات. ئەوە کۆترەکانن، ئەرێ سەرنجت داوە؛ ئاسمانی هۆڵاند میلیۆنەها کۆتری تێدایە؟ ئەو کۆترانە هێندە بەرز دەفڕن لە حوکمی چاودا نین، تەقلە لێدەدەن و بەتەکانێک لەشەقەی باڵ دەدەن و لە ئاسمانی خۆڵەمێشیدا خۆیان دەدەنە دەست با، کۆترەکان چاوەڕێ دەبن، ئەوان تا ساڵ تەواو دەبێ چاوەڕێ دەبن، بەسەر زەویدا دەسوڕێنەوە و تەماشا دەکەن، دەیانەوێ بنیشنەوە بەڵام جێیەک نییە لێی بنیشنەوە، جگە لە کەناڵ و دەریا و ئەو سەربازانەی تابلۆی دوکانەکانی ئەم ناوچەیەیان پڕ کردووە، ئەو کۆترانە سەرێک شک نابەن لەسەری بنیشنەوە.

لێم تێناگەیت؟ دەزانم ماندووی، جاری وامەیە هەر قسە دەکەم، زەین ڕوونی و میشکە باشەکەی جارانیشم نەماوە کە

هاوڕێکانم لە مەدحیا چاوانیان پڕ دەبوو لە ئاو، کە ئەڵێم هاوڕێکانم دەمم ڕاهاتووە، ئەگینا ئیتر هاوڕێم نییە، هەر شەریکەبەشی تاوانم هەیە، ئەوانە ڕەگەزی مرۆڤن، لە نێو ڕەگەزی مرۆڤدا تۆ یەکەم کەسی. هەمیشە ئەوەی ئامادەیە بە یەکەم کەس لە قەڵەم دەدرێ. نازانم کەس هاوڕێی من نییە، ئاسانە، ئەو ڕۆژەی ویستم خۆم بکوژم، ئەم شتەم بۆ ڕوون بووەوە. دەمویست فریویان بدەم، یان بەشێوەیەک ئاگاداریان بکەمەوە، بەڵام دەمویست کێ ئاگادار بکەمەوە؟ لەوانەیە هەندێکیان پێیان سەیربایە و دوایش کەس پێی وا نەبا کە بەخۆکوشتنی من ئاگادارکراوەتەوە. ئەو ساتە حاڵی بووم کە من هیچ هاوڕێیەکم نییە، سەرەڕای ئەوەش گەر هەمبا لەوە باشتر نەدەبووم کە هەم، ئەگەر بمتوانیبا خۆم بکوژم و بشمتوانیبا سەروچاویان دوای خۆم ببینم، بەڵێ بەو شێوەیە ئەو زەحمەتەی دەهێنا، بەڵام هاوڕێی ئازیز قەبر قووڵ و تاریک و تابووت ئەستوورە و لەودیو کفنەوە کوا هیچ دەبینرێ، بەچاوی ڕۆح؟ بەڵێ بەڵام ئەگەر ڕۆحێک هەبێ و ئەگەر چاوێک لە گۆڕێ بێ، بەڵام هەر ئەوەیە و کەس دڵنیا نییە، هەرگیز دڵنیایی نییە، ئەگەرنا ڕێیەک بۆ ڕزگاربوون هەر دەبوو، بونیام دەیتوانی هەرچۆنێ بێ کارێکی وا بکات بەهەند لێی وەربگرن. خەڵک سەیرن؛ هەتا نەمریت نازانن تۆ چیت لە دڵدا بووە و چەند ڕاستگۆ بوویت و لەچ ژان و ئازارێکدا

ژیاوی، هەتا زیندووی بە گومانەوە سەیرت دەکەن، وای دادەنێن کە تەنیا شیاوی دوودڵییەکەی ئەوانی، کەوابوو ئەگەر لەوە دڵنیابای کە دەتوانی سەیریان بکەیتەوە، ئەوکات خۆکوشتن ئەو زەحمەتەی دەهێنا، خۆکوشتن تەنهای بۆ ئەوەی سەرسامیان بکەیت و ئەوشتەیان بۆ بسەلمێنیت کە ئەوان بڕوای پێ ناکەن، بەڵام تۆ خۆت دەکوژی، ئیتر ئەوان بڕوات پێ بکەن یان نەکەن بەدەردی چی دەخوات؟ خۆ لێرە نابی تا سەرسوڕمان و هەستی پەشیمانیی لەچاویاندا ببینی کە ئەویش ئەوەندە ناخایانێت، لە دوایشدا وەک ئەو ئارەزەووی لە دڵی هەمووانـدایە؛ لە ڕێوڕەسمی ناشتنەکەی خۆتدا بەشداریت بکردایە. بۆ ئەوەی ژیانت جێی گومان نەبێت، ئەبێ نەبیت.

سەرەڕای ئەوەش وا باشتر نییە هەر بەوجۆرە بێ؟ ئێمە بە غەمساردی ئەوان زۆر دڵمان تەنگ دەبێت. ئەو کچەی باوکی نەیهێشتبوو شوو بە خوازبێنیکەرە قۆزەکەی بکات، وتبوی: "حەقتان لێ دەکەمەوە!" پاشتر خۆی کوشت، بەڵام حەقی نەکردەوە، باوکەکەی شێتوشەیدای ڕاوەماسی بوو، سێ هەفتە دواتر گەڕایەوە ماڵەوە، خۆی واتەنی بۆ ئەوەی ڕووداوەکە لەیاد بکات و کردبووشی. ڕاستییەکە ئەوەیە ئەگەر وای نەکردبا سەیر دەبوو، پیاو وا دەزانێ بە مردنی خۆی ژنەکەی ئاقڵ دەکات، کەچی ئازادی زیاتری دەداتێ، کەواتە

هەروا باشتر هیچ لەدوای خۆت نەبینی، ئینجا ئەو قسانەی دەیخەنە شوێنت، ئەوبیانووانەی بۆ مەرگی تۆ دەیهێننەوە، بۆ نمونە بۆ مەرگی من، لە ئێستاوە گوێم لەدەنگیانە؛ "ئەوە بۆیە خۆی کوشت، تاقەتی ئەوەی نەبوو......".

ئـــاخ، دۆستی ئازیزم خەڵک لە داهێناندا چەند هەژارن؟ لایان وایە بونیام تەنیا لەبەر یەک هۆ خۆی دەکوژێ، بەڵام لەبەر دوو هۆ، نـــا ئەوە بەسەریاندا ناچێ، کەوابێ سودی چییە بونیام خۆی بکوژێ و خۆی بۆ ئەو وێنەیە بکات بە قوربانیی کە دەخوازێ بە خۆکوشتن لەپاش خۆی جێی بهێڵێ؟ گەر بمری بە فرسەتی دەزانن بیانووی لابەلا و گەمژانە بۆ مەرگەکەت داتاشن، دۆستی ئازیزم مردووەکان لە نێوان؛ بیرچوونەوە و سوود لێ وەرگرتندا دەبێ یەکێکیان هەڵبژێرن. زەحمەتە کەس پەی بە هێزی ڕاستەقینەی ئەو خەڵکە ببات.

پاشتر با بچینە سەر بابەتەکەی خۆمان؛ من ژیانم خۆش دەوێت و هەر ئەوەش خاڵی لاوازیمە، ئەوەندەشم خۆشدەوێت لە ژیان بترازێ چاوم هیچیکە نابینێ، لات وا نییە ئەو چاوبرسێتییەم بۆ ژیان شتێک لە ڕەشۆکییەتی کۆنەپەرستانەی تێدابێ؟ دەوڵەمەندەکان ناتوانن خۆیان ببینن مەگەر مەودایەک لە خۆیان دوور بکەونەوە ئینجا لە خۆیان

بـڕوانن، خـۆ ئەگەر پێویسـتیش بکـات خۆیـان لەسـەر ئەمە دادەنێن.

وایان پێ باشە بشکێن و نەچەمێنەوە، بەڵام من دەچەمێمەوە چونکە خۆمم خۆشدەوێ، بۆ نمونە دوای ئەو هەمـوو شـتەی بۆم باس کردی، لات وایە من چیم لـێ هـات؟ لە خـۆم بێـزار بووم؟ چۆن! بەتایبەت لە خەڵک بێزار بووم، دیـارە مـن خـۆم دەمزانی چ عەیبێکم هەیە و خاڵی لاوازیم چییە و خەفەتیشم پـێ دەخـوارد، لەگەڵ ئەوەشـدا پێـداگریانە لە بیـر خـۆمم دەبـردنەوە، بە پێچەوانەشـەوە دادگـایکردنی خەڵـک هەروا لە دڵمدا بوو، دەزانم ئەو قسەیەت بەلاوە سەیرە، ڕەنـگە شـتێکی ژیرانە نەبێ بەلاتەوە، بەڵام بابەتەکە ئەوە نییە؛ ژیرانە بین یا نەبـین، بـابەتەکە ئەوەیە بە هێواشـی بە نێویانـدا بێـین و... ئـاخ، بەڵێ بـابەتەکە ئەوەیە لە هەڵسـەنگاندن خۆببـوێرین و خۆمان داوەری نەکەین. ناڵێم سزا نەمانگرێتەوە، چـونکە سزا لە داوەریکردن خۆشترە، ئینجا ناوێکیش هەیە کە بێتاوانیمـان دەسـەلمێنێ؛ دامـاو. نـا بە پـێچەوانەوە، بـابەتەکە ئەوەیە نەهێڵین داوەریمان لەسەر بکرێ و خۆمانی لێ بپارێزین.

بەڵام ئەمڕۆ ئەوە ئاسان نییە، ئێمە بۆ داوەریکردن هەمووان حازرین، وەک چۆن بۆ گـان حـازرین، بەو جیـاوازییەی ترسـی لەشقورسـی و نەتـوانینیش لە گـۆڕێ نیـیە. گەر گومانـت لە قسـەکەم هەیە لە مـانگی هەشـتدا بچۆرە میوانخـانەی هـاوینە

هەوارەکان، کە خەڵکی چاکەکاری وڵاتی مە بۆ بەبادانی غەم و پەژارەیان لەوێ کۆدەبنەوە، جا گوێیان بدەیە بزانە باسی چی دەکەن؟ ئەگەر بەوەش باوەڕ ناکەیت؛ کەڵەنووسەرەکانی ئەمڕۆمان بخوێنەرەوە، یان خێزانەکەی خۆت بهێنە بەرچاوت، زۆرت لەبارەیانەوە چنگ دەکەوێ.

دۆستی ئازیزم با بیانوویەکی چەند بچووکیش بێ نەدەینە دەستیان تا ئێمەی پێ داوەری بکەن، ئەگینا لەتوپەتمان دەکەن، ئێمەش دەبێ وەک ئەوانە بجوولێینەوە کە ئاژەڵە کێوییەکان ماڵی دەکەن؛ دەستەمۆکار، ئەگەر نەگبەتی بیگرێ و بەر لەوەی بچێتە قەفەسەوە لەگەڵ شێر و پڵنگەکان، دەمووچاوی خۆی بەنەشتەر خوێناوی بکات، چ ژەمێکی بەتامی بۆ ئاژەڵە دڕندەکان سازکردووە. من لە پڕ لەمە تێگەیشتم، ئەو ڕۆژە ئەوەم بە خەیاڵدا هات کە نەکا شیاوی پێداهەڵگوتن نەبووبێتم، لەو ساتەوە تا ئێستا ئەم تەمی گومان و بێ باوەڕییەم نەڕەویوەتەوە، هەرچەند تا ئێستا چەند دڵۆپە خوێنێکم لێ ڕۆیشتووە بەڵام هەر باشترە لەوەی سەرتاپام خوێن بێ و ئەوان خێرا قووتم بدەن.

پەیوەندی من لەگەڵ خەڵکی سەردەمی خۆم بە ڕووکەش ئاوا بوو، سەرەڕای ئەوەش درزێکی تێکەوتبوو کە هەستت پێی نەدەکرد. هاوڕێکانم نەگۆڕابوون، هێشتا پەسنی ئەو ڕێکوپێکییەی منیان دەکرد، بەڵام من تەنها ئەو شێوازیەم

بەدی دەکرد کە ناخمی تەنی بوو، لام وابوو؛ لاواز بووم و کەوتومەتە بەر ڕەحمی چەقۆی تیژی تۆمەتی خەڵک، خەڵک لەبەرچاوم ئیتر ئەو بیسەرە بەڕێزانە نەبوون کە من خوم پێوە گرتبوون، ئەوان ئێستا وەکو دادوەر لەبەرانبەر من دانیشتبوون، لەو کاتەدا تێگەیشتم؛ کە شتێک لەناو مندا شیاوی ئەوەبوو بکرێ، تێگەیشتم ئەوانیش توانایەکیان بۆ داوەریکردن تێدایە، کە ناتوانن خۆیانی لەبەر بگرن. بەڵێ ئەوان هەروەک جاری جاران لەوێ بوون بەلام پێکەنینێکی مەسخەرەئامێزانە پێدەکەنین، باشترە بڵێم پێم وابوو تووشی هەرکەس دێم بە بزەیەکی شاراوەوە سەیرم دەکات، تەنانەت ئەو کاتانەشی خۆیان وا نیشان دەدا کە پشتگوێم دەخەن، جارجارێکیش کە دەچوومە شوێنە گشتییەکانەوە لەخۆڕا هەڵدەنوتام و تەنانەت جارێکیش زرم بەعەردێدا کەوتم. ئەو فەرەنسییە لۆژیکییە دیکارتییەی لە ناومندایە بەهۆش خۆی هاتەوە و ئەو ڕووداوانەی خستە ئەستۆی قەزاوقەدەر، واتە خودا، بەلام بەدگومانییەکە لە ناخی مندا هەر نەڕەوییەوە. وەختێک بەخۆمم زانی؛ ئیتر زۆر زەحمەت نەبوو بۆم ڕوون ببێتەوە کە دوژمندارم، بەر لەهەموو شتێ لە پیشەکەمدا و دواییش لە ژیانی ڕۆژانەمدا لەگەڵ خەڵک، بەشێکیان لەبەرئەوەی کۆمەکم کردبوون و بەشێکیان لەبەرئەوەی دەبوو

خزمەتیان بکەم. بەگشتی هەموو ئەوانە سروشتیی بوون و من بێ ئەوەی زیاد لە پێویست پێی دڵتەنگ ببم، لێم ڕوون بوو. بەڵام نەمدەزانی بۆچی لەناو خەڵکێکدا کە زۆر کەم دەمناسین یان هەر نەمدەناسین، دەبوو دوژمنم هەبێ؟ ئەوە هێجگار ناخۆش بوو، من هەمیشە لە کە سەیری ساویلکەییانم دەکرد- کە چەند نموونەیەکم بۆ باسکردی- لام وابوو ئەو خەڵکە لە خۆیانەوە و لە دوورەوە داوەری دەکەن و نامناسن، لام وابوو گەر بمناسن ناتوانن خۆشیان نەوێم، بەڵام وا دەرنەچوو، بە تایبەت خەڵکانێک ڕقیان لێم بوو دوژمنایەتیان دەکردم کە لە دوورەوە دەیانناسیم و من هەر نەشمدەناسین، ڕەنگە وایانزانیبێت ژیانێکی خۆش و ئارامم هەیە و لەبەختەوەریدا تەپاوتل دەکەم. ئەم تاوانە بۆ لێ خۆشبوون نابێ، حاڵەتی سەرکەوتن ئەگەر بەشێوەیەکی تایبەت دەربکەوێ دەتوانێ کەریش هار بکات، لە سەرێکی تریشەوە ژیانی من تا ڕادەی تەقین پڕ بوو، بەهۆی کەم کاتیمەوە ئەو خەڵکەی دەستپێشخەرییان دەکرد ببنە هاوڕێم ڕەتم دەکرنەوە، دوایش هەر لەبەر ئەمە وەڵام نەدانەوەکەی خۆمم لەیاد دەکرد، بەڵام ئەوانەی ویستبوویان ببنە هاوڕێ و برادەرم خۆ ژیانیان وەک من پڕ نەبوو، هەر بۆیەشە خۆبواردنکەی منیان لە یاد نەدەچووەوە.

گەر بمەوێ تاقە یەک نموونە بهێنمەوە، دەبێ بڵێم هەر ئاوهاش بوو کە دواجار ژنەکان خەراپ لەسەرم دەکەوتن، ئەو کاتەی بۆ ژنانم تەرخان دەکرد نەمدەتوانی بۆ پیاوانی تەرخان بکەم و ئەوانیش هەمیشە لەو تاوانەم خۆش نەدەبوون، چۆن دەکرا ئەو کێشەیە لە کۆڵ خۆم بکەمەوە؟ خەڵک تەنیا ئەو کاتە دەهێڵن بەختەوەر بیت؛ گەر بە حوسن و ڕەزای خۆت بەختەوەریەکەتیان لەگەڵدا بەش بکەیت. بەڵام بۆ ئەوەی زۆر بەختەوەر بیت؛ پێویست ناکات زۆر ئاگات لە خەڵک بێت، هیچ ڕێگەیەکی ترت نییە یان بەختەوەربوون و دادگایکردن، یان بەدبەختی و بێگوناه دانان. سەبارەت بە منیش ناحەقییەکە زۆر لەوە گەورەتربوو؛ من بە تاوانی بەختەوەرییەکانی پێشووم حوکم درابووم، سەردەمانێکی زۆر بەو وەهمەوە ژیابووم و کە هەمووان لێم ڕازین، لە کاتێکدا لەشەش لاوە داوەری و پلارم بەسەردا دەباری، لە سەرسوڕمان و گێژیدا پێدەکەنیم، ڕۆژێک کە بە مەترسییەکەم زانی چاوم کرایەوە، لە چاوتروکانێکدا چی نەگبەتی هەیە بەسەرمدا ڕژان و برستم لێ بڕا، ئیتر ئەوکاتە هەموو دونیا بە من پێکەنی.

ئەوە ئەو شتەیە کە هیچ کەسێ -جگە لە و کەسانەی کە ناژین، یانی عاقڵەکان- خۆی لەبەری ڕاناگرێ، دەبێ تەنها بە ناموحتەرەمیش بەرپەرچیان بدەیتەوە، بۆیە خەڵک لەبەر

ئەوەی خۆیـــان دادوەری نەکـــرێن، پەلەپروســـکیانە بـــۆ داوەریکردنی ئەوانی تر، بەتەمای چی لەمە؟ بونیام لە کاتێکی وەهـــادا تـــاقە بیرێـــک بە مێشـــکیدا بێـــت هەروەک ئەوەی لە گەوهەری ڕۆحییەوە سەرچاوەی گرتبێ ئەوەیە؛ کە خۆی بە بێگوناهـــ دانـــێ، لەم بـــارەیەوە هەموومـــان وەک ئەو کـــابرا فەرەنسییە واین کە لە بۆخنوالد*، سووربوو لەسەر ئەوەی ناڕەزایەتییەک بدات بەو چاودێرە جوولەکەیەی کە وەک خۆی دیل بوو، نـاڕەزایەتی؟! چاودێرەکە و هاوڕێکانیشی دەستیان کرد بە پێکەنین و وتیان: "برادەر، سودی نییە، لێرە لەسەر هیچ شتێک نـاڕەزایەتی دەرنـابڕدرێ" ئەو کابرا فەرەنسیەش دەیگووت: "سەیربکەن.. وەزعەکەی من تایبەتە، ئاخر مـن بـێ تـاوانم!". هەموومـــان لە وەزعێکـــی تـــایبەت بە خۆمانـــداین و دەمانەوێ داوای شتێ بکەین، هەموو دەمـانەوێ بە هەر نرخـێ بێ بێ تاوان بین، تەنانەت بۆ ئەم ویستە گەر پێویستی کـرد خوا و مرۆڤایەتیش تاوانبار بکەین. گەر یەکێک بە تێکۆشانی خۆی زیرەکیەک یا دڵفراوانییەک بنوێنێ و تۆ دەستخۆشی لـێ بکەیـــت کـــۆڵێ پێـــی خـــۆش دەبـــێ، بەڵام ئەگەر لە دەستخۆشـــییەکەتدا پێـــی بڵێـــی تـــۆ ئەمە چـــاکەیە هەر لە خوێنتایە، ئیتر شاگەشکە دەبێ، دەفڕێ.

---

* Buchenwald-بۆخنوالد: یەکێک لە گەورەترین کامپی کوشتن و کاری زۆرە ملێی نازییەکانە کە جولەکان و کەمەنەتەوەکانی تری تێدا ئەشکەنجە دراوە، لەم ئۆردوگایەدا ٥٦ هەزار کەس کوژراوە. و.ک

لەبەرانبەریشــدا گەر بە تاوانبارێــک بڵێیــت تــۆ ســەرچاوەی تــاوانەکە لە کەســێتی و لە ناختــدا نیــیە، بەڵکــو بەهــۆی هەلــومەرجێکەوە ئەوەت لەدەســت قەومــاوە، ئەوا یەک دونیــا مەمنونــت دەبــێ، تەنــانەت کە تــۆ بەرگرینــامەکەت لەو پێشــەکەش دەکەیــت، ئەو ڕێــک لەو ســاتەدا دەداتە پــرمەی گریــان، بەوەشــەوە باشــی و لێهــاتووی سروشــتیی هــیچ کــات شایانی بەرز نرخاندن نییە، هەروەک چۆن بەرپرسیارەتی ئەو تاوانبــارەی لە ناخیــدا تاوانبــارە کەمتــر نیــیە لەوەی بەهــۆی هەلــومەرجێکەوە تاوانبــار بــووە. بەڵام ئەم فێلبــازانە داوای بەخشین دەکەن، واتە خۆدەرکردن لە ژێر باری بەرپرسیاریدا، بــێ شــەرمانە هەلــومەرجی تــایبەت دەکەن بە بیــانووی تاوانەکانیان، تەنــانەت گەر زۆر نەگونجــا و دوور لە ڕاســتیش بێــت. گرنــگ ئەوەیە بێتــاوان بێــت و گومــان نەکــرێ لەو فەزیــــلەتەی لە لەدایکبــــوونیەوە پێــــی بەخشــــراوە و کەموکورتییەکانی وەک ڕووداوێکی تیژتێپەڕ و شــتێکی کــاتیی سەیریان بکرێ.

پێشــتر عەرزم کــردی مەســەلەکە هەر ئەوەیە دادوەریکــردن لە گۆڕێ نەمێنێ، بەڵام ئەوە ئەســتەمە چــونکە زەحــمەتە بونیام هەم خەڵک لێی خۆشبێ و هەم خۆشیشیان بوێ. تــۆ تەماشــا بکە؛ هەمــووان دەیــانەوێ دەوڵەمەنــدبن، بــۆ؟ هۆکارەکەیــت لە خۆت نەپرسیووە؟ دەی دیارە بۆ ئەوەی خۆیان بەسەر ئەوانی

تردا بسەپێنن. بەتایبەتیش سامان پیاو دەپارێزێ و ناهێڵێ دەستبەجێ دادگایی بکرێ، پارە؛ تۆ لە قەرەباڵغی ناو میترۆوە دەباتە دەرێ بۆ ژوورێکی ئاسنینی چکۆلە کە ئوتۆمۆبیلە، تۆ لە باخە گەورەکاندا دەپارێزی، لە تەختەخەوی ناو فارگۆنەکان و لە ژوورە ڕازاوەکانی کەشتیشدا، لە خەڵکت جیادەکاتەوە. سەرەڕای ئەوانەش دۆستی ئازیزم، پارە بەڵگەی بێ تاوانی بونیام نییە، ڕەنگە ماوەیەک مەحکومکردنەکەت هەڵپەسێرێ یان دوای بخات، بەڵام ناتوانێ تاسەر تۆ ببوێرێ، بەهەرحاڵ بۆ کاتی خۆی پارە فریادڕەسە.
لە هەمووشی گرنگتر؛ قەت بڕوا بە هاوڕێکانت مەکە کە دەیانەوێ لەگەڵیان ڕاستگۆ بیت، ئەوان خوداخودایانە تۆ چۆن پێت باشبوون، هەر ئاوا پێت باشبن و ئەو متمانەیەی لەسەرڕاستی تۆوە هەڵیان هێنجاوە بیکەیت بە توێشووی ڕێگەیان، چۆن دەکرێ ڕاشکاوی مەرجی هاوڕێگرتن بێ؟ داواکردنی حەقیقەت بە هەر نرخێک بێ، خەیاڵێکە لە هیچ شتێ خۆش نابێ و هیچ شتێ خۆی لەبەر ناگرێ، جۆرێک شەهوەتە، جاری وا هەیە جۆرێک لە ئاسودەیی یان خۆپەرستییە. کەوایە گەر دیتت خۆت ئاوایت، دوودڵ مەبە؛ بەڵێنی ڕاستگۆیی بدە و تا خوا حەز دەکات درۆ بکە، ئاوها تۆ وەڵامی ئارەزووە شاراوەکانی ئەوان دەدەیتەوە و بەم جۆرە لە دوو سەرەوە خۆشەویستی بۆ خۆت دەپچڕی.

ئەم بابەتە هێندە ڕاستە کە ئێمەومانان بە دەگمەن سفرەی دڵمان بۆ ئەوانە ڕادەخەین کە لە خۆمان باشترن، تەنانەت هەر لێشیان هەڵدێین. لەبەرانبەردا؛ زۆربەی جار نهێنییەکانمان بۆ بونیامگەلێک دەدرکێنین کە لەخۆمان دەچن و لە لاوازی و تێکشکاویدا هاوبەشین، لەبەرئەوەی ئێمە نامانەوێ خۆمان چاک بکەین یان باشتر ببین، چونکە گەر ئەوەمان بویستبا دەبوو لە پێشدا مل بە لاوازی و دەستەوستانی و تاوانباریی خۆمان بدەین، ئێمە هەر دەمانەوێ بەزەییان پیاماندا بێتەوە و لەو ڕێگەیەی گرتوومانەتە بەر هانمان بدەن. بەکورتی؛ دەمانەوێ ئیتر کەمتەرخەم نەبین لەهەمان کاتیشدا هەوڵێک بۆ باقژی دەروونی خۆمان نەدەین، نە لە بێشەرمی وەکو پێویست شتێکمان پێ براوە و نە لە فەزیلەت، نە هێزی گوناهکردنمان تێدایە و نە توانای چاکەکاری. تۆ هیچ یەکێک لە بەرهەمەکانی (دانتێ*)ت خوێندۆتەوە؟ سەیرە! کەوابوو جەنابت دەزانی دانتێ لە ململانێی نێوان خودا و ئەهریمەندا باوەڕی بە فریشتەی بێلایەن هەیە و ئەوان لە بەرزەخدا دادەنێت کە دالانێکە بۆ دۆزەخ، دۆستی شیرین ئێمە لەو دالانەداین.

* Dante Alighieri -دانتێ: ١٢٦٥-١٣٢١ شاعیر و زماناسی ئیتالی، خاوەنی شاکاری ئەدەبی (کۆمیدیای خودایی- Divina Commedia) و.ک

سەبر؟ بێگومان جەنابت لەسەر حەقی، لە چاوەڕوانی ڕۆژی پەسڵاندا (قیامەتدا) ئێمە هەر پێویستمان بە سەبرە، بەڵام خاڵە گرنگەکە ئەوەیە؛ ئێمە پەلەمانە، تەنانەت ئەوەندەمان پەلەیە ئەوەتا من بوومەتە دادوەرێکی تۆبەکار. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ؛ پێش هەر شتێ بەرهەمی دۆزینەوەکانم ببینم و خۆم لەگەڵ پێکەنینی ئەو خەڵکەدا یەکلایی بکەمەوە، وەڵامی ئەوە شەوەی بانگیان کردبووم -هەر بەڕاستی بانگیان کردبووم- بدەمەوە، یان لایەنی کەم بەشوێن وەڵامدا بگەڕێم. کارێکی ئاسان نەبوو، ماوەیەکی زۆر بەشوێنیەوە بووم، لە پێشدا ئەو پێکەنینە بەردەوامە و ئەوانەی وا پێدەکەنین وایان لێکردم؛ ڕوونتر لە ناخی خۆمدا بگەڕێم و دوایش بۆم دەرکەوت من ئاسان نیم، پێنەکەنیت! ئەم حەقیقەتە وەک ئەوەی دەردەکەوێ ئەمەندە سەرەتایی نییە، وادیارە بەو حەقیقەتە دەڵێن سەرەتایی کە پاش هەموو حەقیقەتەکانی تر دەدۆزرێتەوە، هیچی تر.

بەهەرحاڵ پاش ئەوەی بە وردی لە خۆمم کۆڵییەوە، ئینجا پەردەم لەسەر دووڕوویییە قوڵەکەی مەخلوق لادا، ئەمەندە زەینی خۆمم هەڵکۆڵی تا گەیشتمێ، خاکەڕاییەکەم لە زاڵبوون و فەزیلەت و ئازاردانەدا هاوکارم بوو. من بەڕێگەی ئاشتی شەڕم دەکرد و ئاخرییەکەشی هەر لەڕێگەی بێ نیازی و پایەبڵندییەوە، ئەوەی حەزم لێی بوو دەستەبەرم دەکرد، بۆ

نمونه گەر ڕۆژی لەدایکبوونمیان لەیاد بکردبایە هەرگیز گلەیم لێ نەدەکردن، ددان بەخۆداگرتنم لەو شتانەدا سەرسامی دەکردن، بەڵام خەیاڵی بەرزەفڕێ من زۆر لەوە زیاتر بوو، من حەزم دەکرد فەرامۆشم بکەن، بۆ ئەوی دوایی سەبارەت بەم فەرامۆشییە گلەیی لە خۆم بکەم، چەند ڕۆژێ بەر لەوەی ئەو ڕۆژ پڕشانازییە بگات کە ڕێکەوتەکەیم بەباشی دەزانی -مەگەر ئەوەی یەک ڕۆژ ویستبێتم بە فێڵ ڕۆژمێرەکەی ماڵەوە دەستکاری بکەم- من لە بۆسەدا دەبووم، ئاگاداری زمانم دەبووم نەبادا قسەیەکم لە زار دەرپەڕێ و سەرنجی ئەو کەسانە ڕاکێشێ کە من لە دڵەوە پەیمانم بەخۆم دابوو بیانشکێنم، کە تەنهاییم خۆی دەسەلماند، ئەوکات دەمتوانی خۆم بدەمە دەست ئۆخژنی غەمێکی پیاوانە.
بەو شێوەیە هەموو چاکەکاریەکانی من کۆمەڵە دراوێک بوون، کە دیوی پشتەوەیان هێندەی دیوی پێشەوایان درەوشاوە نەبوو، ڕاستە لە سەرێکی ترەوە عەیب و عارەکانم بە قازانج دەشکانەوە. بۆ نمونە هەر ئەوەی ناچار دەبووم دیوە ترسناکەکەی خۆم بشارمەوە، منی سارد نیشان دەدا و ئەوان ئەمەیان لەگەڵ فەزیلەتی مندا بەهەڵە تێکەڵ دەکرد. بێباکی و ساردی من خۆشەویستی ئەوانی بۆخۆی ڕادەکێشا و خۆپەرستیم لەبەخشینەکانمدا دەگەیشتە لوتکە. لە کورتی بیبڕمەوە -تا زیادەڕەوی لە نمونەهێنانەوەدا زیان بە

بەڵگەهێنانەوەکانم نەگەیەنێ بەڵام چۆن بڵێم؟ خۆم وا دەنواند کەسێکی شێلگیر و تووڕە و تۆسنم، کەچی قەت نەمدەتوانی لەبەرانبەر پێشکەشکردنی پێکێک مەی یان خۆبەدەستەوەدانی ژنێکدا خۆم ڕاگرم. بە چالاک و بەهێز بەناوبانگ بووم، بەڵام سنوری قەڵەمڕەوەم ناوچێ بوو. بەئاشکرا بانگەشەی ڕاستگۆیی و وەفاداریم دەکرد، لام وابێ لە نێوان ئەوانەی دەمناسین، سەرەنجام یەک کەسیان نەبوو خیانەتم لێ نەکردبێ. دیارە نەمدەهێشت خیانەتەکانم دەستی وەفاداریم بگرێ. من کاری زۆرم دەکرد و لەسایەی ئەو چێژەی وەرمدەگرت هەرگیز لە هاوکاریکردنی خەڵک ڕانەدەوەستام، بەڵام لە بەڵگەنەویستی ئەم بابەتە هەرچی بەیادی خۆمم دەهێنایەوە تەنیا بەڕواڵەت ئۆخژنم دەهاتێ، بەیانی وەها هەبوو؛ ئەمەندە خۆمم دادگایی دەکرد، تا دەگەیشتمە ئەو ئەنجامەی من تەنیا لە سووک کردنی خەڵکیدا شارەزاییم هەیە. زۆربەی جار ئەو کەسانە پتر لە کۆمەکی من سودمەند دەبوون کە پتر سوکایەتیان پێکرابوو. لەگەڵ ڕێزی زۆرمدا بۆ ئینسان، هەموو ڕۆژێ ڕوخساری کوێرەکانم بە تف سواخ دەدا.

ئەرێ بەڕاست هۆکارێک هەیە بۆ ئەم کارە؟ بەڵێ هۆکارێک هەیە بەڵام ئەمەندە سووکە هەر دڵم بۆی ناچێ، بەهەرحاڵ بیانووەکەم ئەوەیە؛ من هەرگیز نەمتوانییووە لە دڵمەوە بڕوا

بکەم کە کاروبارەکانی مرۆڤ گرنگ و بایەخدارن، شتی گرنگ کامە بوو؟ لەو بارەیەوە هیچم نەدەزانی، ئەوەی من دەمدی؛ جگە لە یارییەکی بێتام یان گەمەیەکی ناخۆش بۆ خۆخافلاندن هیچی تر نەبوو. ئەزانی هەر بەڕاست هەندێ بیروباوەڕ هەن من قەت لێیان تێنەگەیشتم!

هەمیشە بەسەرسوڕمان و غەمەوە بەد دەمڕوانییە ئەو بووەنەوەرە سەیروسەمەرانەی بۆ پارە دەمردن، یا لە ئازاری لە دەستدانی پلەوپایە هیوابڕاو دەبوون، یان بەشانازییەوە خۆیان لە پێناو بەختەوەریی خێزانەکەیاندا دەکردە قوربانی. من باشتر لە حاڵی ئەو هاوڕێیەم گەیشتم کە هاتبوو بەسەریدا واز لەجگەرە بهێنێ و هێنابووشی، بەڵام کە بەیانییەک لە ڕۆژنامەدا خوێندبوویەوە؛ یەکەم بۆمبی هایدرۆژینی تەقێنراوە و شوێنەوارە سەرسوڕهێنەرەکانیشی بۆ ڕوون بووەوە، دەستبەجێ هەستا بوو و خۆی کرد بوو بە دوکانی جگەرە فرۆشێکدا.

هەڵبەت جاری وا هەبوو وا خۆم نیشان دەدا کە ژیان بەهەند وەردەگرم، بەڵام هەرزوو ئەو بەهەند وەرگرتنەم لێ دەبووە شتێکی سوک و بێ مانا، ڕۆڵەکەی خۆمم تا ئەو شوێنەی کە دەمتوانی باش وازی دەکرد؛ ئەو ڕۆڵەی لە ئەستۆم بوو من تیایدا بونیامێکی و نیشتیمانپەروەر و لێهاتوو و مرۆڤدۆست و دژەستەم و بەئەخلاق بووم و ڕقم لە سوکی و نزمی بوو.

سەرت نەیەشێنم، تۆ تا ئێرا تێمدەگەیت، من وەک ئەو هۆڵندیانە وام کە لێرەن بێ ئەوەی لێرەش بن، ئەو کاتەی پلەیەکی زیاترم وەردەگرت، لێرە نەبووم. من ئەو ڕۆژانە نەبێ کە وەرزشم دەکرد یا هەر بۆخۆشی خۆمان شانۆییمان دەکرد و ڕۆڵم دەگێڕا، ئەگینا هیچ کاتێکی تر لە دڵەوە نارەحەت نەبووم، لە هەردووکیاندا ڕێسایەکی یاریکردن هەبوو کە زۆریش گرنگ نەبوو، بەڵام خەڵک پێیان خۆش بوو بە گرنگ وەریبگرن، من بە خرۆشێکی زۆر زۆرەوە حەزم لە کێبڕکێی یەکشەممانی شانۆی ئەو مەیدانەیە کە پڕە لەخەڵک و هۆڵی شانۆ، ئەوێ تاقە شوێنی ئەم دونیایەیە کە من تێیداهەست بەبێ گوناهی دەکەم.

بەڵام کە عەشق یان مەرگ یان هەژاری دێتە گۆڕێ، کێ هەیە بڵێ ئەمە ڕەوایە؟ چیمان لە دەست دێ؟ من ئەشقی (ئیزۆلت)* لە کتێب و شانۆدا نەبێ قەت بەڕاستی نازانم. لام وابوو بینەرەکان جارجار دەکەونە ژێر کاریگەری ڕۆڵی خۆیانەوە، وەڵامی برێگرتە داماو و تاوانبارەکانیشم لەگەڵ ئەو بڕوایەم تەواو یەکی دەگرتەوە، پاش ئەوە من لە نێو خەڵکیدا دەژیام بێ ئەوەی بەشداری حەز و ئارەزووەکانیان بم، باوەڕم بەو بەڵێنە نەبوو کە دەمدا، ئەوەندەشم ڕێز لەلایان هەبوو کە

---

* Tristan et Yseult-تریستان و ئیزۆلت: داستانێکی تراژیدیی عاشقانەی گەڕەوگوڕە، لە نیوەی دووەمی سەدەی دوانزەدا نوسراوە. و.ف

چاوەڕوانییەکەیان لەبارەی ماڵبات و ژیانی کۆمەڵایەتیمەوە بهێنمە دی، بەڵام هەموو جارێ جۆرە گەمژەییەک هەموو کارەکەی لێ تێکدەدام. من هەموو ژیانم لە تێپەڕین بە دوو ڕێگادا بەسەر بردووە؛ زۆربەی هەرە کارە گرنگەکانیشم ئەوانە بوون کە هێندەی ئیشەکانی تر بەخۆیانەوە دەستیان نەگرتووم. بەڵام هەر ئەوە نەبوو بە زیادبوونی قۆڕیاتەکانم نەتوانم لەخۆم خۆشبم و بەوپەڕی تووڕەییەوە لەم دادگاییکردنە سەرپێچی بکەم، ئەو دادگاییەی پێم وابوو لە ناوە و لەدەرەوەم کراوە؛ ئەمەش وای لێ کردم بە شوێن ڕێگەی ڕزگار بووندا بگەڕێم؟

ژیانی من، وەک بڵێی هیچی بەسەر نەهاتبێ، بە ڕواڵەت بەردەوام بوو، من کێنگڵم دەدا و دەتلامەوە، دەتگووت پەسن و پیاهەڵدانی خەڵک بۆ من دوو ئەوەندە زیادی کردووە، ڕێک لێرەدا بوو هەمووشتێک تێکچوو بەسەر یەکدا. تۆ ئەو دەربڕینەت لە بیرە کە دەڵێ: "واوەیلا بەحاڵی کەسێک، کە هەمووان مەدحی بکەن!"؟ ئاها! ئەوەی ئەم قسەیەی کردووە.. دەبێ بە ئاڵتوون بینووسی، واوەیلا بەحاڵی من، ئیتر دەبوو بووەستم و وەستام.

لەو کاتەدا بوو خەیاڵی مەرگ لەناکاو هاتە نێو ژیانی منەوە، ئەو ساڵانەم دەژمارد کە مەودای نێوان من و مەرگ بوون، بەشوێن ئەو پیاوانەدا دەگەڕام کە هاوتەمەنی خۆم بوون و

مردبــوون، ئــازارم دەچەشــت لەو خەیــاڵەی کە دەرفەتــی تەواوکردنی کارەکەم نییە، کارەکەم چی بوو؟ هیچ نەمدەزانی، ئەرێ بەڕاست ئەوەی دەمکرد ئەو زەحمەتەی دەهێنا؟ بەڵام مەسەلەکە ئەمە نەبوو. لە ڕاستیدا ترسێکی خەراپ شوێنم کەوتبوو، بونیام تا ددان بەهەموو درۆکانی خۆیدا نەنێت، ناتوانێ بمرێت، بەتەمای خودا یان یەکێ لە نوێنەرەکانی نەبووم، خۆ تێدەگەیت کە من زۆر لەم قسانە بالاتر بووم، بەڵام لام وابوو ددان بەخەڵکدا بنێم باشترە، بۆ نمونە هاوڕێیەک یان ژنێک کە خۆشم دەویست. ئەگینا گەر یەک درۆی شاراوە لە ژیاندا لەگۆڕێ بێت، مردن بۆ هەمیشە شوێنبزری دەکات و ئیتر کەس لە ڕاستی بابەتەکە ئاگادار نابێ، چونکە مردووەکە نەبێ کەس ئاگای لێ نییە، ئەویش لەژێر پەردەی نهێنییەکی خۆیدا چاوی لێکناوە.

ئەو کوشتنە ڕەهایەی حەقیقەت تووشی سەرە گێژەی دەکردم، بەیەک ڕستە پێت بڵێم؛ ئەمڕۆ سەرەڕای ئەوە گۆڕانکاریانەی بەسەر ئەو خەیاڵەدا ڕوویداوە، هێشتا چێژێکی خۆش دەدا بەمن، بۆ نمونە چێژی ئەو خەیاڵەی؛ من دەزانم ئەو شتەی هەموان لێی دەگەڕێن چ شتێکە؛ لەماڵەکەی خۆمدا شتێکم هەیە کە پۆلیسی سێ دەوڵەتی بێ هودە بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، بەڕاستی خۆشە، بەڵام با لێی

گەڕێین، ئەوکاتە هێشتا ئەو دەوای دەردپەڕێنەم نەدۆزیبووەوە و خۆمم ئازار دەدا.
هەڵبەتە خۆم سەرکۆنە دەکرد، ئاخر چ گرنگ بوو فریوی کەسێک لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، چ خۆسەرقاڵکردنێکی بێ جێیە یەکێ بییەوێ فریوێکی هیچ کە وەک پەنجەخوێیەک لە زەریای سەدەکاندا بزر بووبێ، بهێنێتەوە بەر ڕووناکی حەقیقەت! هەروا بەخۆمم دەگوت ئەگەر بە پێی ئەو مەرگانەی دیتوومن مەرگ هەڵسەنگێنم؛ ئەوا هەر مەرگی جەستە بەسە بۆ سزادانی ئینسان و گوناهی پێوە ناهێڵێت، مرۆڤ لە ساتی سەرەمەرگدا ڕزگاری دەبێت-یانی لە حەقی ئەوەدا کە بۆ هەتا هەتایە ون دەبێ- بەوەشەوە کەچی جارجار هەر دڵم دادەچڵەکا، مەرگ بەردەوام لەژوور سەرم بوو، لەگەڵی لە پێخەف دەردەکەوتم و ستایشەکانی جاربەجار بێ تاقەت تریان دەکردم، هەستم دەکرد درۆکردن لەگەڵ خەڵکدا بەرە بەرە زیاد دەکا، ئەوەندەش زۆر دەبێ کە ئیتر هەرگیز بۆم ناکرێ کاروبارەکانی خۆم ڕێک بخەم.
ڕۆژێک هات کە ئیتر گەیشتە تینم؛ یەکەم دژە کردەوەم برێ زیادەڕەوی تێدابوو، جا ئێستا کە درۆزن دەرچووم، دەچووم بەو خەڵکە گەمژەیە بڵێم بەرلەوەی تەڵە و فریوەکانم بۆ ئەوان

ڕوون ببێتەوە و پێیاندا بتەقێ، بیکێشم بەچاویاندا*. گەر بۆ ململانێی ڕاستی گوتن بانگم بکەن، بانگێشتەکەیان ڕەت ناکەمەوە.

بۆ ئەوەی بەر لە پێکەنیی خەڵک بگرم، وام دانا خۆم بخەمە ناو گاڵتەجاڕی گشتییەوە، لەسەر یەک دیسان مەبەستم بوو کۆتایی بە داوەریکردنی خەڵک بهێنم، دەمویست ئەوانەی پێدەکەنن بەرەو خۆمیان ڕاکێشم، یان هەر نەبێ خۆم بەرەو لایان ڕاکێشم، بۆ نموونە وام دادەنا لە شەقامێکدا زرم خۆم بکێشم بە نابینایەکدا، لەو خۆشییە شاراوە و چاوەڕوان نەکراوەوە لەو خەیاڵانەوە پێم دەگەیشت، بۆم ڕوون دەبووەوە کە بەشێک لەوجودم بەچ ڕادەیەک لەخەڵک بێزارە. نەخشەم دەکێشا تایەی عارەبانەی کەم ئەندامەکان پەنچەر بکەم و لە ژێر ئەو ئەسکەلانەی کرێکارەکان لەسەریدا لەگەرمەی کاردا بوون، هاوار بکەم: "خوێڕی لە برسا مردووانە"، یا لە میترۆ زللەیەک لە بناگوێی مناڵێکی شیرەخۆرە بسرەوێنم، من بیرم لەهەموو ئەوانە دەکردەوە بەڵام هیچیانم نەکرد، گەر کارێکی واشم کردبێ ئەوا لەبیر خۆمم بردۆتەوە. هەر گوێم لە وشەی عەدالەت بایە لە تووڕەییدا شێت دەبووم، بەناچاری لە بەرگرینامەکانمدا ئەو وشەیەم دەهێنا، بەڵام بۆ تۆڵە

---

* مەبەست لە نەریتی پێداکێشانی دەستکێشە بە دەمووچاوی بەرانبەردا لەیاری بۆکسیندا، کە بەمە بۆ سەر حەلەبەکەی ڕادەکێشیت. و.ف

سەندنەوە لە بەرچاوی خەڵک نەفرەتم لەڕۆحی مرۆڤایەتی دەکرد، خەڵکم لە پەیامێک ئاگادار دەکردەوە کە تێیدا پەردەم لەسەر ئەو ناعەدالەتییە هەڵدەدایەوە کە هەژارەکان بەرانبەر خانەدانەکان دەیان کرد. ڕۆژێکیان لە چێشتخانەیەک ڕۆبیانم دەخوارد، سواڵکەرێک هاتبوو سەرودڵی گرتبووم، بانگی خاوەنی چێشتخانەکەم کرد فڕێی بداتە دەرەوە و خۆشم ئەو خاوەنی عەدالەتەم بە دەنگی بەرز هاندەدا کە دەیگووت: "خاڵە تۆ سەرودڵی خەڵک دەگری، ئاخر وەرە خۆت بخەرە شوێنی ئەم ژن و پیاوانەوە" ئینجا بە دەنگێکیش کە هەمووان گوێیان لێ بێت وتم بەداخەوە، خۆ ئێستا ناکرێ وەک ئەو ئاغا ڕووسییە بکەین کە من زۆر خۆشم دەوێ، بێین و فەرمان دەرکەین ئەو دەست و پێوەندە هەمووی فەلاقە بکەین، ئەوەی ڕێزمان لێدەگرێ و ئەوەشی نایگرێ، چونکە وەک ئەو پێی وابوو: هەردوو بارەکە ئازایەتییە و لەبەرامبەردا دەبێ تەمێ بکرێن.

لەگەڵ ئەوانەشدا زیادەڕەوەیی زۆرترم دەکرد، دەستم دابووە نووسینی شیعرێک لە مەدحی پۆلیس و گیلۆتیندا*، خۆمم ناچار دەکرد بچمە ئەو قاوەخانە تایبەتیەی کە مرۆڤدۆستە شارەزاکانی ئێمە لەوێ خڕ دەبوونەوە، دیارە لە سایەی ئەو

---

* Guillotine- گیلۆتین: دەزگایەکە بۆ جیاکردنەوەی سەر لە جەستە، لە فەرەنسادا تا ساڵی ١٩٨١ لە سزای لەسێدارەداندا بەکارهاتووە و پاشتر قەدەغەکراوە. گیلۆتین لە ناوی دکتۆر (ژۆزێف ئینیاس گیلۆتین)ەوە هاتووە، کە خاوەنی بیرۆکەی دروستکردنی ئەم دەزگایەیە لە ساڵی ١٧٨٩. و.ک

ڕابردووە باشەی هەمبوو، بەگەرمی پێشوازییان دەکردم، جا ئەوکات بۆ ئەوەی بەسەر خۆمیدا بێنم لە پڕ قسەیەکی ناخۆشم دەنا بە دڵیانەوە بۆ نمونە دەمگوت: "سوپاس بۆ تۆ خودایە" یان: "ئاه، خوای گەورە" جەنابت دەزانی ئەو مەیفرۆشە بۆ دینانەی ئێمە چەند ترسنۆکن، بەدوای ئەو نیودێڕە بچووکەدا تاوێک بێ دەنگی سێبەری کردەکردە سەرمان، ئەوان حەپەساوانە سەیری یەکیان دەکرد و دواتر لە پڕێک دەبوو بە غەڵبەغەڵب، بڕێکیان ڕایان دەکردە دەرەوە و بڕێکیشیان بۆڵەبۆڵیان بوو، وەک ئیبلیس لە ژێر ئاوی پیرۆز، هەڵدەلەرزین وکێنگڵیان دەدا.

ڕەنگە ئەم شتانە بەلاتانەوە منالانە بێ، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە بەهانەی بەهێزتر بۆ ئەم قەشمەریانە هەبێ، من دەمویست یارییەکە تێک بدەم، بەڵێ دەمویست ئەو ناوبانگە فریودەرەی کە تەنانەت بیرکردنەوەش لێی شێتی دەکردم لە ناو ببەم، بە نەرم و نیانییەوە پێیان دەگوتم: "ئاخر پیاوێکی وەکو جەنابت..." من ڕەنگم لەڕوو دەبڕا، ئیتر ڕێز و حورمەتی ئەوانم نەدەویست، چونکە نەتدەزانی چییە، تێکەڵ بوو، جا چۆن وا دەبوو لە کاتێکدا من خۆم نەمدەویست وابێ، کەواتە هەروا باشتر بوو ڕێز و داوەریەکانیان بە گاڵتەجاریی پەردەپۆش بکەم، دەبوو بەهەر نرخێک بووە خۆم لە کۆت و بەندی ئەو هەستە ڕزگار بکەم کە خەریک بوو دەیخنکاندم،

پێمخۆش بوو ئەو بووکەڵە نازدارە بشکێنم کە لە هەموو شوێنێک هێمای من بوو، تا چی لە ناخیدایە بیخەمە پێشچاوی هەمووان، ئێستا ئەو قسەیەم بیر دێتەوە کە لە پێشدەمی پارێزەرە گەنجەکاندا کردم، کە هاتبوون لە منەوە شت فێر ببن.

کە سەرۆکی سەندیکای پارێزەران منی پێشکەش کرد و ئەوەندەی بەشانوباڵمدا هەڵدا، ماوەیەک جوڵەم بۆ نەکرا،ئەوجا بەو کەفوکوڵ و گەرمییەی لێم چاوەڕوان دەکرا کەوتمە قسە، بەڵام لەناکاو شێوازی تێکەڵکردنی بابەتم وەک نەخشە ڕێگایەکی پەسەند بۆ بەرگرینامە پێشنیار کرد، وتم مەبەستم ئەو شێوازە نییە کە دادگا نوێکانی پشکنینی بیروباوەڕ دایانڕشتووە و دز و ساحەب ماڵ پێکەوە دێننە دادگا، بۆ ئەوەی لەسەر تاوانی یەکەمیان لە دووەمیان هەڵبدەن، نا بە پێچەوانەوە، مەبەستم ئەوەیە بە پشتبەستن بە تاوانی پیاوە شەریفەکان بۆ نمونە پارێزەرەکە خۆی، دەبێ بەرگری لە دز بکرێ، مەبەستی خۆمم لەوبارەیەوە بەڕوونی دەربڕی: *(وای دانێن، من پارێزەری هاوڵاتییەکی نەگبەتم کە لەبەر ئیرەییبردن لە قەتڵێکەوە گلاوە، لەوێ دەڵێم: "جەنابی حاکم سەرنج بفەرموون؛ کاتێک بونیام بزانێ کە دڵپاکییەکەی لەلایەن بەرانبەرەکەیەوە قۆزراوەتەوە بۆ فریو و دەسخەڕۆکردن، تووڕەبوونەکەی شیاوی لێ خۆشبوونە، بەڵام*

*بە پێچەوانەوە ئاخۆ تاوانی ئەوکەسە زۆرتر نییە کە لەم بەرەوە لەسەر کورسییەکەی من دانیشتووە و لە ژیانیدا نە چاکەی کردووە نە ئازاری فریوخواردنی چەشتووە؟ من ئازادم، مەترسی دەستبڕین و فریودانم نییە، بەڵام من کێم؟ لە غروردا لویسی چواردە و لە پەڕینا تەگە و لە دروێنگییا فیرعەون و لە خۆشگوزرانیدا پادشام، کەسم کوشتووە؟ دیارە هێشتا نا، بەڵام ئەی ئایا لێگەڕاوم کەسی شیاو بمرێ؟ ڕەنگە، ڕەنگە ئامادەشیم ئەوکارە دووبارە بکەمەوە، ئەمە لەکاتێکدا ئەو پیاوە، تەماشای بکەن، ئەو پیاوە ئیتر کاری وا ناکات، لەوەی ئەوە کارەشی لەدەست قەوماوە، هێشتا وڕ و کاسە).*

ئەو وتارە بڕێک هاوکارە گەنجەکانی منی شڵەژاند، پاش تاوێک کردیانە گاڵتەو پێکەنین، کە منیش دەستم کرد بە کۆکردنەوەی ئاکام و دەرئەنجامی بەڵگەهێنانەوەکانم بەوپەڕی زمانپاراوییەوە پشتم بە مرۆڤ و مافە گریمانەییەکانی بەست، ئیتر ئەوپەڕی دڵنیا بوون. ئازیزم، ئەو ڕۆژە غەریزە زاڵ بوو. بە چەند پاتەکردنەوەی ئەو سەرشێتییە خۆشانە، هەرئەوەندەم پێکرا کەمێ بیروباوەڕی گشتی چەواشە بکەم، نەک ئەوەی تەواو چەکی بکەم، یا خۆم تەواو چەک بکەم، ئەو سەرسامییەی زۆرجاران لە گوێگرەکانمدا هەستم پێدەکرد، ئەو ناڕەحەتی و دڵەخورپەیەی هەوڵیان دەدا بەسەر خۆیانی نەهێنن هیچ ئۆخژنێکی نەدەدامێ، هەروەک ئەوەی ئێستاش

بە ڕووی تـۆوە دیـارە-نـا حاشـای لـێ مەکە-، سـەرنج بـدە هەرئەوەنـدە بەس نیـیە بونیـام خـۆی تاوانبـار بکـات، تـا گوناهەکـانی هەڵـوەرێ، لەبەر ئەوەی مـن وەک مەرێکـی بـێ تاوان بووم، دەبوو بەشێوەیەکی تایبەت خۆم تاوانبار بکەم و زۆری خایاند تا ئەو ڕێگایە فێربووم، کاتێکیش ئەوە فێربـووم تەواو تەنیـا و بـێ پەنـا کەوتبـووم، تـا ئەو کاتەش پێکەنـین هەروا گرتبـــووی دەورم، بـــێ ئەوەی هەوڵە پەرتەوازەکـــانم سـەرکەوتووبن و کـارە خێرخـوازانە و تەقـریبەن دۆسـتانەکانم کۆتایی پێ بێنێت.

بەڵام وا ڕۆژ ئـاوا دەبـێ و دەریـا هەڵدەکشـێ، زۆر ناخـایەنێ کەشـتییەکەمان دەکەوێتە ڕێ، بـڕوانە کۆترکـان لەو سـەرێوە پۆل دەبەستن، خۆیان دەتـرنجێننە پـاڵ یەک و هەڵکوڕمـاون. ئەوە ڕوونـاکی دادەکشـێ، دەتەوێ بێـدەنگ بـین و چێـژ لەم ساتە وەرگرین کە نیشانەی غەمێکی شوومی تێدایە؟ نـا، تـۆ زۆر دڵـت داوەتە بەسـەرهاتەکەم؟ گەورەیـی خۆتـانە، ئێسـتا ڕەنگە تەواو تامەزرۆی بیستنی بەسەرهاتەکەی من بووبێت. بەرلەوەی باسـی دادوەرە تۆبەکارەکانـت بـۆ ڕوون بـکەمەوە، دەبێ باسی ڕابواردن و (فەرامۆشخانە)ت بکەم.

تۆ بەهەڵەداچویت هاوڕێی ئازیزم، کەشتییەکە خێرا دەڕوات بەڵام زۆریدرزێ دەریایەکی نیوەمردوو یان مردووە، بەو کەنارە تەختانەوە کە لە تەمێکی خەستدا نوقم بووە، ناکرێ بزانرێ لە کوێوە دەست پێ دەکات و لە کوێدا کۆتایی دێت، لە بارێکی ئاوادا ئێمە بێ هیچ ئامارەیەک بەرەوەپێش دەڕۆین و ناکرێ دیاری بکرێ خێرایمان چەندە، ئێمە بەرەوەپێش دەئاژوین و هیچ شتێ ناگۆڕێ، ئەمە دەریاوانیی نییە، بەڵکو خەون و خەیاڵە.

لە کۆمەڵە دورگەکانی یۆناندا، من هەستم بە پێچەوانەی ئەمە دەکرد، پەیتا پەیتا دورگەی نوێ لە ئاسۆوە دەردەکەوتن و کەوانی بێ تروسکەیان سنووری ئاسمانی دیاری دەکرد، کەنارە بەردینەکان هێکرا هێکرا دەریایان دووکەرت دەکرد بێ ئەوەی بیشێوێنن، لەڕوناکیدا هەمووشتێک هێما بوو، بێ ئەوەی خۆمان ماتەڵ بکەین بە بەلەمە بچووکەکەمان کە بەزەحمەت خۆی دەکشان، لە دورگەیەکەوە بۆ دورگەیەکی تر

دەچووین. من دەتگوت شەو و ڕۆژ بە ڕەوگەی پێکەنین و کەفدا دەفرم، لەو کاتەوە یۆنان خۆشی؛ لە قوژبنێکی ڕۆحمدا، لە سوچێکی یادەوەریمدا بۆ ماندووبوون لە دەریادا سەرگەردانە. ئاه... یادەوەریی منیش سەرگەردانە، شاعیرانە قسە دەکەم! دۆستی ئازیز تکا دەکەم؛ مەهێڵە وابم.

هەر بەڕاست تۆ یۆنانت دیوە؟ نا؟ چ باشتر! لە جەنابت دەپرسم ئێمە لەوێ چی دەکەین؟ ئەوێ دڵی بۆ خەوشی دەوێت، دەزانی لەوێ پیاوەکان دەست دەخەنە ناو دەستی یەک و دوو دوو بە کۆڵانەکاندا پیاسە دەکەن؟ بەڵێ، ژنان لە ماڵێ دەخزێن و پیاوانی کامڵ و بەڕێز دەبینی، کۆڵێ سمێڵیان هێشتۆتەوە دەستیان خسۆتە دەستی یەک و بەوپەڕی دڵنیاییەوە بە شەقامەکاندا پیاسە دەکەن، لە خۆرهەڵاتیش جارجار وایە؟ دەی باشە، بەس پێم بڵێ؛ تۆ ئامادەیت لە شەقامەکانی پاریسدا دەست بخەیتە دەستی منەوە؟ ئاه کوڕی باش گاڵتە دەکەم، ئێمە فێری موجامەلەین، چەپەڵی گەیشتۆتە ڕادەیەک خۆمان بنوێنین. بەرلەوەی لە دورگەکانی یۆنانستان دابەزین دەبێ پاک پاک خۆمان بشۆین، لەویا دەریا ڕوون و بێگەردە و چێژ بێخەوش و ئێمەش...

با لەسەر کورسی ئەم کەنارە دانیشین، چ تەمێکی خەستە، وابزانم من لە نیوەی باسی "فەرامۆشخانە"دا بووم، بەڵێ،

عەرزت دەکەم مەبەستم چییە، پاش هەوڵی زۆرم، دوای ئەوەی چاوقایمی و لوتبەرزیم گەیشتە ئەوپەڕی، لە بێ هودەی کارەکانم ماندوو بووم و بڕیارمدا لە خەڵک دوور بکەومەوە. تا بەدوای دورگەی چۆڵدا نەگەڕام، دورگەی وا هەر نەماوە، پەنام دەبەر ژنان برد، تۆ دەزانی ئەوان هیچ کاتێ هیچ لاوازییەک بە خراپ نازانن؟ زۆرتر هەوڵدەدەن هێزی ئێمە بێ هێز بکەن، هەربۆیە ژنان پاداشتن، نەک بۆ جەنگاوەرەکان بەڵکو بۆ تاوانبارەکان.

ژن پەناگە و کەناری ئەوە، هەر لە پێخەفی ژندایە کە دەدەن بەسەریداو دەیگرن، ئەرێ ژن تاقە شتێ نییە لەم بەهەشتەی زەمینەوە بۆمان جێماوە؟ ماندوو شەکەت ڕووە و بەندەرە سروشتییەکەی خۆم ڕامدەکرد، بەڵام ئیتر وتارم نەدەدا، ئێستا وەک غەریزە برێ خۆم دەنوێنم، دواجار توانای داهێنانم نییە، لە وتنیشی دوو دڵم، دەترسم هەمدیس قسەیەکی ناشرین لە زارم بپەڕی، وابزانم ڕێک لەم کاتەدا بوو کە هەستم کرد دیسان پێویستم بە عەشقە، بێزەوەرە، وانییە؟ هەرچۆنێ بێ ئازارێکی نادیارم هەبوو، جۆرێ لە بێ بەریبوون، کە بۆشاییەکەی ناخمی بەرین تر دەکرد و ڕێگەی دەدام؛ بەشێک بەناچاری و بەشێکیش وەک کونجوکۆڵییەک، هەندێ بەرپرسیارێتی بگرمە ئەستۆم، چونکە پێویستم بەوە بوو،

خەڵکم خۆشبوێ و خۆشیان بوێم، پێم وابوو عاشق بووم، لە ڕاستیدا خۆم کەر دەکرد.
زۆرجار تەماشام دەکرد؛ پرسیارێکم هێناوەتە گۆڕێ، کە پیاوێکی بە ئەزموونی وەک من هەمیشە خۆی لێ بوارد بوو، گوێم لەخۆم بوو دەمگوت: "خۆشت دەوێم؟" دەزانی وا باوە لە وەڵامی ئەو جۆرە پرسیارانەدا تەنها بڵێن: "ئەی تۆ؟" گەر بمگوتبا منیش، ئەوە بەرپرسیارێتییەکم دەخستە ئەستۆم کە لە ئاستی ئاسایی هەستی ڕاستەقینەم بڵند تر بوو، گەر وێرابام بمگوتبا نا، لەو پێشهاتە دەترسام کە لەوانەیە ئیتر خۆشیان نەوێم و ئەوەش ئازاری دەدام. هەرچەند ئەو هەست و سۆزەی بەهیوابووم لە سایەیدا بحەسێمەوە، زۆرتر دەکەوتە ژێر هەڕەشەوە، کەچی من زۆرتر ئەوەم لە یارکەرەکەی بەرانبەرم دەخواست، هەربۆیە ناچار بە هەندێ بەڵێندان بووم، کە جار لەدوای جار ڕوون تر دەردەکەوت کە بەزۆر دڵم ناچار دەکەم هەستی خۆی برێ زیاتر بڕێژێ. بەم شێوەیە خۆمم وەک گەمژەیەکی خوێنشیرین هاتە پێشچاو، کە بەوردی لاپەڕەی 'پرسیار و وەڵامی هەست و سۆز'ی ناو گۆڤارەکانی خوێندۆتەوە و هاتووە باسی عەشق و مەشق دەکات، تۆ دەزانی ئەم دڵنیابوونە کەمەدنکێش و یەکلایی کەرەوەیە؟ منیش هەوڵمدا توانای خۆم لە قسەکردن لەسەر عەشق تاقی بکەمەوە و دواجاریش خۆم ڕازی کرد، لایەنی کەم تا کاتێک

که ئەو مەعشوقم بوو من تێگەیشتم؛ 'لاپەڕەی پرسیار و وەڵامی هەست و سۆز' لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا فێرت دەکەن چۆن باسی عەشق بکەی، بەڵام فێرت ناکەن چۆن عەشق بکەی. پاش ئەوەی دڵم بە تووتیەک نووسابوو دەبوو لەگەڵ مارێکدا بچمە جێیەوە، هەربۆیە لە قوڵێکی ترەوە شوێن ئەم عەشقە کەوتم کە کتێبەکان مژدەکەیان دەدا و خۆم هەگیز لەژیانمدا نەمدیبوو.

بەڵام من هیچ ئەزموونێکم لەم کارەدا نەبوو، زیاتر لە سێ ساڵ بوو تەوقاوتەوق؛ عاشقی خۆم بووبووم، چۆن دەمتوانی ئومێدی ئەوەم هەبێ دەستبەردای ئەم خووەم ببم؟ من وازم لەو خووەی خۆم نەهێنا و هەروا لە تاسەی عەشقدا مامەوە، بەڵێنەکانم زۆرتر کرد، لە ڕابردوودا لەگەڵ دەستەیەک ژن پەیوەندیم هەبووە، ئێستا لە یەک کاتدا گرفتاری چەند عەشقێک بووم، لەگەڵ ئەوەشەدا کە لە جاران بەتاڵتر و بێباوەڕ تر بووم، کەچی هەر ئەوانم بەدبەخت دەکرد، ئەرێ ئەوەم بۆم باس کردی کە تووتییەکەی من ئەمەندە بێ هیوا بوو خەریکبوو خۆی لەبرسان بکوژێت؟ باش بوو لەکاتی خۆیدا گەیشتمێ و فریای کەوتم، هەتا توشی بوو بە توشی ئەندازیارێکەوە کە لە سەفەری بالی* گەڕابووەوە و

* بالی ناوی دوورگەیەکە لە دوورگەکانی ئەندەنوسیا و (بال)یش شارێکە لە فەرەنسا، ڕوون نیبە لێرەدا نووسەر کامیانی مەبەستە. و.ک

سەروورپیشـــی مـــاش و برنجـــی ببـــوو، ڕۆژنـــامە و گۆڤـــاری خۆشەویست پێشتر تاریفی ئەویان کردبوو. هەرچۆنێ بێ، لەبری ئەوەی وەک دەڵێن بەرەو ئەبەدیەتی عەشق بڕۆم و بکەومە بەر لێ خۆشبوون، کەچی نەک وا نەبوو، بگرە هەڵە و سەرلێشیواویەکانم زیاتر بوو، هەر بۆیە بەشێوەیەک لە عەشق بێزاربووم تا چەند ساڵێ نەمتوانی کە گوێم لە دەستەواژەی "ژیانی پەمەیی"** و "مەرگی عاشقانەی ئیزۆت" بێت، لێوی خۆم نەگەزم. بۆیە هەوڵمدا واز لە ژنان بێنم و بە پاکی و دانبەخۆداگری بژیم، ئاخر هەر هاوڕێیەتییەکەیان بۆ من بەس بوو، بەڵام ئەوە وەک ئەوە وایە لە ناوەڕاستی یارییەکەدا وازی لێ بێنی. لە چێژ بترازێ، ژنان لە ڕادەبەدەر وەڕسیان دەکردم و دیاربوو منیش ئەوانم وەڕس دەکرد، کاتێ کە یاری لە گۆڕی نەبوو، ئیتر نواندنیش لە گۆڕێ نابێ، ئەو ساتە من بێ ئەملاولا لەگەڵ واقیع ڕووبەڕوو دەبووم، بەڵام دۆستی من؛ واقیع زۆر زۆر ناخۆش و وەڕزکارە.

کە لە عەشق و پاکیزەیی بێ هیوا بووم هاتمە سەرئەوەی دەست بدەمە بێ ناموسیی. بێ ناموسیی زۆر باش جێگای عەشق دەگریتەوە، پێکەنینەکان خامۆش دەکات و هەمدیس بێ دەنگی دێنێتەوە و بە تایبەتی نەمری دەبەخشێت.

** ژانی پەمەیی: ناوی گۆرانییەکی بەناوبانگی گۆرانیبێژی فەرەنسی (ئیدیت پیاف)ە. و.ک

لە مەستیی وشیارانەی نیوەشەوانی نێوان دوو ژنی دەڕپێ بەکۆڵدا؛ کە بێ هیچ داوایەک نووستووی، ئیتر خەون و ئەشکەنجە بوونیان نییە و ڕۆح بەسەر هەموو زەمەندا زاڵە و ئازاری بوون بۆ هەمیشە دەبڕێتەوە و کۆتایی پێ دێ. لەسەرێکەوە دەکرێ بڵێی من لەوەتەی هەم خەریکی ڕابواردن بووم، چوون هەرگیز دەستم لە خەونی نەمریی هەڵنەگرتووە، باشە ئەمە قوڵایی سروشتی من و بەری عەشقی گەورەی خۆم بەخۆم نەبوو؟ ئەو عەشقە نەبوو کە بۆم باس کردی؟ با، من لە سوێی نەمریدا دەسووتام، خۆمم لەڕادەی پێویست خۆشتر دەویست، زیاتر لەوەی بە خودی عەشقەوە پەیوەست بم، هیوام وابوو ئەو بونەوەرە گرانقەدرانەی کە جێی سەرنجم بوون، لەدەستم نەچن. چونکە لە بێداریدا؛ بونیام خۆشیشی باش ناسیبێ، هێشتا بەڵگەیەکی دەست ناکەوێت لەسەر ئەوەی ژیانی نەمری بە مەیمونێکی ئاوا هیچ و پووچ بەخشرابێ، بۆیە ناچار دەبێ کۆمەڵێ شت بدۆزێتەوە کە جێی ئەو نەمرییەی بۆ بگرێتەوە. منیش بەشوێن نەمریدا وێڵ بووم بۆیە لەگەڵ قەحبەکان دەخەوتم و شەوانی درێژ هەتا بەیان خەریکی خواردنەوە بووم. دیارە بەیانیان تامی تاڵی جەبری مردنم لە زاردا دەبوو، بەڵام ماوەیەکی زۆر لە کەشکەلانی فەلەکدا دەفڕیم، ئایا بوێری ددان پێدانانی ئەوەم هەیە؟ ئێستاش بە یادێکی شیرینەوە ئەو شەوانەم دێنەوە یاد کە

بەشوێن سەماکارێکدا کە ڕواڵەتی خۆی دەگۆڕی و سۆز و خۆشەویستی پێ دەدام، دەچوومە هۆڵێکی پیسی سەما کردن و تەنانەت شەوێکیان بە هۆی ئەوەوە لەگەڵ شەقاوەیەکی ڕێشن بە شەڕ هاتم. هەموو شەوان لەسەر سەکۆکە لە تۆزی ژێر تیشکی سووری هۆڵەکەدا خۆم دەنواند و بەملاولای خۆمدا فشەم دەباراند، چەندین سەعات لەسەر یەک دەمخواردەوە و چاوەڕێ ڕۆژبوونەوەم دەکرد، تا سەرەنجام لە پێخەفی هەمیشە کراوەی شازادەکەمدا کە وەک بووکەڵەیەکی قورمیشکراو خۆی دەدایە دەست شەهوەت و دوایش خێرا خەوی لێ دەکەوت، لە پێ بکەوم. کە خۆر بەسەر ئەم وێنە شێواوەدا تیشکی دەپژاند، من بێ جوڵە لە بەیانییەکی پڕ شانازیدا چاوم دەکردەوە.

لێت ناشرمەوە تەنیا ژن و خواردنەوە بەختەوەری شاراوەی منیان بۆ دابین دەکردم. دۆستی شیرینم من ئەم نهێنییە عەرزی جەنابت دەکەم تا بێ پەروا سودی لێ وەربگری؛ ئەو کاتە دەزانی کە ڕابواردنی ڕاستەقینە ئازادیبەخشە، چونکە هیچ بەرپرسیارێتییەکت ناخاتە ئەستۆ، ئەوەی خۆشڕادەبوێرێ دەبێتە خاوەنی خۆی، چونکە خۆشڕابواردن؛ پیشەی ئەوکەسانەیە کە عاشقی خۆیانن، جەنگەڵێکە بێ ڕابردوو و ئایندە، بە تایبەتیی نە بەڵێنی تێدایەوە نە سزای بەدواوەیە، ئەو شوێنانەی تێیاندا خۆشی دەگوزرەێنن لە تەواوی جیهان

جیاوازتره، که دەچیته ژووریٚ ترسەکەت وەک ئومێد لەدەرەوە جیٚ دەهێڵــی، لەویٚ ناچارنیــت قسـه بکەیـت، ئەوەی لەدوی دەگەڕێیت دەتوانی بیٚ قسـه و تەنـانەت زۆربەشیان بـیٚ پـارە بەدەستی بهێنی، ئــاهـ.. تکا دەکەم لێم بـگەڕی سوپاسـی و ستایشـــی ئەو ژنه نەنـــاس و لە یـــادکراوانه بـــکەم که لەو سەردەمەدا یارمەتییان داوم، ئێستاش یـادی ئەوان که شتێکه لە ڕێز و حورمەت هەر لە دڵمدا ماوە .

هەرچۆنی بێـت، مـن سـودێکی زۆرم لەو ئـازادییە وەردەگـرت، تەنـانەت مـن لە هۆتێلێکدا بینـرام که وەک دەڵـێن خـۆمم بـۆ تاوان تەرخان کردبوو، لەگەڵ قەحبەیەکـی کەوتـوو و هاوکـات لەگەڵ کچێکـــی خانەدانـــدا دەژیـــام، لەگەڵ یەکەمیـــان وەک خانەدانێـک خـۆم دەنواند که خزمەتکـاریی خـاتونێکی ڕێـزدار دەکەم، لەگەڵ دووەمیشـــیاندا بـــوارم دەدایە تـــا هەنـــدیٚ لە ڕاســـتییەکانی بـــۆ ڕوون ببێـــتەوە، لە نەگبەتـــیم قەحـــبەکە عادەتێکی بۆرژوازیانەی هەبوو؛ دواتر ڕازی بوو یادەوەرییەکـانی خــۆی بــۆ ڕۆژنــامەیەکی ئــاینی بنووســێت که بــواری بــۆ بیروباوەڕی زۆر مۆدێرنانه ڕەخساند بوو. کچەکەش شووی کرد بــۆ ئەوەی هەســـته چەپێنراوەکــانی پڕبکــاتەوە و کەڵــک لەتواناکـــانی خـــۆی وەربگرێـــت. لەهەمـــان کاتـــدا و هەر لەوسەردەمەدا، ڕێکخراوێکی پیاوانه که زۆربەی جار تۆمەتیـان دەدرایه پـاڵ، منیـان بە ئەندامی خۆیـان وەرگرتبـوو، منـیش

بەخۆم دەنازیم. لێی گەڕێ، تۆ ئەزانی تەنانەت خەڵکە باشەکانیش لەوەی بتوانن پەرداخێک ئاو زیاتر لە خەڵکی تر بخۆنەوە بە خۆیانەوە دەنازن؟ سەرەنجام وەختە بوو لەو عەیش‌ونۆشە پڕ لە بەختەوەرییەدا ئارامی و ڕەهاییەکم چنگ بکەوێ.

بەڵام لێرەشدا دیسان لە ناخمەوە ئاستەنگییەکم هاتە پێش؛ ئەو لەمپەرە جگەرم بوو، هەستی ماندوویەتییەکی سامناک، کە هێشتاش بەری نەداوم. بونیام دەیەوێ وا خۆی نیشان بدات نەمرە، کەچی دوای چەند هەفتەیەک تەنانەت لەوەش دڵنیا نییە بکەوێتە بەیانی. تاقە ئەنجامێک لەو ئەزموونە وەرمگرت ئەوە بوو؛ کە دەستم لەو کەیفوسەفایەی شەوانە هەڵگرت، ژیان لەبەرچاوم کەمتر لە جاران بەژان و تاڵ بوو، ماندویەتی هاوکات جەستەی دەتەپاندم و ڕۆحمی دەتاشی. هەر زیادەڕەوییەک لە هەر شتێکدا؛ هێزی ژیان و لەئەنجامدا ئازار کەم دەکاتەوە، کەچی بە پێچەوانەوە ڕابواردن؛ هیچ ئاژاوەیەکی بەدواوە نییە، تەنیا خەونێکی درێژە. دەزانم جەنابت سەرنجی ئەوەت داوە؛ ئەو پیاوانەی بەڕاستی بەدەست چاوچنۆکیەوە دەناڵێنن، زیاد لەهەر شتێ هەڵپەی ئەوەیانە لەگەڵ ئەو ژنانەدا بخەون کە پێیان وایە خیانەتیان لێ کردوون. دیارە دەیانەوێ جارێکی تریش دڵنیا ببنەوە کە گەنجینە بەنرخەکە هێشتا هەر هی خۆیانە، یانی دەیانەوێ

بیانکەنە مولّکی خۆیان، کەچی ئەوەش هەیە؛ پاش ئەوە کەمتر هەست بە چاوچنۆکی دەکەن.

چاوچنۆکی؛ توانای خەیاڵ و هاوکات ئاکامی داوەری مرۆڤە لەسەر خۆی. بونیام ئەو فکرە قۆڕانەی لەسەریدایە هەمیشە دەیساوێ بەملی ئەوانی تردا، خۆشبەختانە زیادەڕەوی لە خۆدامرکاندنەوەدا خەیاڵیش وەک توانای داوەریکردن لاواز دەکات، ئیتر ئازار دەستلەملانێی پیاوەتیی دەنوێ و خەوەکەشیان بەقەد یەک درێژە دەکێشێ، هەربۆیەشە گەنجەکان لەگەڵ یەکەم مەعشوقیاندا دڵخورپە گەورەکانیان لەدەست دەدەن. هەندێ لەو هاوسەرێتیانەی تەنیا ژیانێکی ڕۆتین و باون، هاوکات تابوتێکن بۆ توانا و داهێنانی دوو کەسەکە. بەڵێ دۆستی ئازیز هاوسەرگیری شتێکی بۆرژوازیانەیە، خەڵکەکەی ئێمەی ناچاری نێو جێگە کەوتن و تەمەڵی کردووە و زۆرنابات نیشتیمان بەرەو هەڵدێری لەناوچوون دەبات.

زیادە ڕەوی دەکەم؟ نا، بەڵام لە مەسەلە سەرەکییەکە دوور کەوتمەوە، هەر دەمویست عەرزت بکەم من لە ڕابواردنی ئەو چەند مانگە چیم پێ برا، من لە تەمێکدا دەژیام کە دەنگی پێکەنینەکەی تێیدا کپ دەبوو، ئەوەندە کپ کە ئیتر لەکۆتایدا نەمدەبیست، گرنگی نەدان و حەزنەکردن لە هیچ شتێک، کە ئاوا زوو لە ناخی مندا جێیەکی زۆری داگیر کردبوو، ئیتر

بناغەی داکوتابوو، جاربەجاریش توندتر دەبوو، ئیتر نەدەهەژام، خولقوخووم باش نەبوو، یان باشترە بڵێم خولقوخووم هەر نەمابوو، (سیی) گیراو بە وشک بوونەوە شیفای دێ و خاوەنە بەختەوەرەکەی خۆی وردە وردە خەفە دەکات، بەو شێوەیە ئەو دەوایەی من بۆخۆمم دۆزیبووەوە بەرەو نەمانی دەبردم، هێشتاش بە پیشەکەی خۆم دەمگوزەراند هەرچەند لەسایەی دەم درێژییەکانم زیانی زۆرم پێکەوتبوو، باری نالەباری ژیانی ناوەوەم نەیدەهێشت وەکو پێویست بە کارەکەم ڕابگەم و خستبوویە مەترسییەوە، کەچی بەو حاڵەشەوە ئەوەندەی لەسەر زیادەڕەوییەکانی زمانم سەرکۆنە دەکرام نیو ئەوەندە لەسەر زیادەڕەوییەکانی شەوانەم نەدەکرام، دیارە بریگرتەکانیشم لەبەر ئەوەی تەنها بە زمان خودام بە شاهید دەگرت و بەڵگەم پێ دەهێنایەوە، متمانەیان پێم نەما، دەترسان نەکا خودای تەعالا نەتوانێ وەک ئەو پارێزەرەی لە گۆڕەپانی دادگادا تاقانەیە و کەس ناگاتەوە پێی، لەسەریان بکاتەوە. هەنگاوێکی مابوو بریگرتەکانم پێیان وابێ من هەر لە تەنگانە و نەزانیندا پەنا بۆ خودا دەبەم، بریگرتەکانم ئەو هەنگاوەیان نا و جار لەدوای جار پتر لێم دەتەکینەوە کەم و کەمتر دەبوونەوە، هێشتاش جارجار و هەر جارەش لە جاری پێشوو درەنگتر بەرگرییەکم

دەستدەخست، تەنانەت هەندێ جار بە لەبیرکردنی ئەوەی بڕوام بەوشتە نییە وا دەیڵێم، بەرگرییەکی باشم دەکرد.

ئەوای دەنگم بەشوێن خۆیدا کێشی دەکردم و من شوێنی دەکەوتم، بێ ئەوەی وەک جاران بەرز بفڕم، تۆزێک لەزەوی بەرز دەبوومەوە، نزم و خشکەیی وەک دەڵێن: "نزیک لە زەوی" دەفڕیم. بەکورتی لەدەرەوەی ئیشەکەم خەڵکێکی کەمم دەدی، ئەو قەراغ و قوجاخە خەفەتهێنەرەم دەپاراست کە لە یەک دوو سەرجێی شەکەتکەرەوە مابووەوە، تەنانەت جاری وا هەبوو چەند شەوێکم بە هاوڕێیەتییەکی تایبەت، بێ ئەوەی بگلێ لە شەهوەتەوە تێدەپەڕاند. چونکە خووم بە غەمەوە گرتبوو، بە دەگمەن گوێم بەو قسانە دەدا کە بۆیان دەکردم، تۆزێک گۆشتن ببووم و توانیم دواجار خۆم قایل بکەم بەوەی ئاریشەکەم چارەسەر بووە، تاقە کارێک کە هەمبوو ئەوە بوو دانیشم و چاوەڕێی پیری بم.

ڕۆژێ یەکێ لە یارەکانم داوەتی گەشتێکی کردبووم، بێ ئەوەی پێی بڵێم بەوجۆرە ئاهەنگی چاکبوونەوەم دەگێڕم. خۆم لە کەشتییەکی ئۆقیانوسبڕدا لەسەکۆی سەرێ دیتەوە، لەپڕ لە ناوەڕاستی زەریادا کە ڕەنگی ئاسنی بەخۆوەگرتبوو؛ خاڵێکی ڕەشم بینی، خێرا ئاوڕم بۆ دایەوە و دڵم کەوتە پەلەپەل، کە خۆم ناچار کرد دیسان سەیری ئەو شوێنە بکەمەوە؛ خاڵە ڕەشەکە نەمابوو، ویستم هاوار بکەم و گەمژانە

داوای یارمەتی بکەم؛ کە خاڵە ڕەشەکە دەرکەوتەوە، یەکێک لەو پارچە تەختانە بوو کە کەشتییەکان لە پاش خۆیانەوە جێیان دێڵن، ئەگەرچی ئیتر من تاقەتی سەیرکردنیم نەمابوو، بەڵام دە فکری خنکاوێک کەوتبووم. ئەو کات بە بێ هەستی سەرپێچی وەک چۆن بونیام خۆی دەداتە دەست بیرۆکەیەک کە زۆر لە مێژە ئاشنایەتی، تێگەیشتم ئەو هاوارەی چەندساڵێ لەوەوپێش لەسەر پردەکەی ڕوباری سێن گوێم لێی بوو، هێشتا تەواو نەبووە، بگرە لەگەڵ ڕوبارەکەدا بەرەوە دەریای مانش* ڕۆیشتووە و لەڕێگای پانایی بێ سنوری زەریاوە دنیای بڕیوە و لەوێ چاوەڕێی من بووە هەتا ڕۆژێک ڕووبەڕووم ببێتەوە. ئەوەشم بۆ ڕوون بووەوە؛ کە ئەو هێشتا لەسەر ڕووی دەریا و ڕووبارەکاندا و بەکورتی لە هەر شوێنێ نیشانەیەک لە ئاوی تاڵی سەرانشۆی** منی لێ بێ، چاوەڕێم دەبێ.

* Manche-مانش: مەبەست لە ئاوی کەناڵی مانشە کە کەوتۆتە باشوری فەرەنسا و باکوری ئینگلتەراوە، مانش بەشێکە لە زەریای ئەتڵەسی و ئەم زەریایە بە دەریای باکورەوە دەبەستێتەوە.
و.ک

** Baptism- تەعمید: لە کوردیدا سەرانشۆکردنی پێدەوترێت، لە مەزهەبە جیاوەزەکانی ئاینی مەسیحییدا مەرجی بوونە مەسیحییە، کە بریتییە لە خۆهەڵکێشان لە ئاوێکی ڕۆیشتوودا بە مەرجێ هەموو گیانی کەسەکە تەڕ ببێت، ئەم پرۆسەیەش لە مەراسیمێکی ئاینی و لەسەر دەستی قەشە یان سەرانشۆکارێک دەکرێ. یەکەمجار مەسیح لەسەر دەستی (John the Baptist- یەحیای سەرانشۆکار) کەهەمان ناوی پاڵەوانی ئەم ڕۆمانەیە؛ خۆی سەرانشۆ {تەعمید}کردووە. و.ک

پێم بڵێ؛ بۆ ئێمە لێرە لەسەر ئاو نین؟ لەسەر ئاوێکی ڕێک، هەموار، یەک نەوا، بێ کۆتایی، کە کەنارەکانی خۆی لە کەناری زەوی دەسوێ، چۆن دەکرێ بڕوابکەین کە چەند ساتێکی تر لە ئەمستردامین؟ ئێمە هەرگیز لەم جامە پان و بەرینەی سەرانشۆ دەرباز نابین، گوێ هەڵخە؛ قاوقیژی مەلە دەریاییە نادیارەکان نابیستی؟ ئەگەر ڕووەو ئێمە دەقیژێنن، بۆچیمان بانگ دەکەن؟

ئەوانە هەمان ئەو مەلانەن کە ئەوێ ڕۆژێ بەسەر زەریای ئەتڵەسییەوە قاوقژیان دەکرد، منیان بانگ دەکرد. ئەو ڕۆژەی دڵنیا بووم کە چاک نەبوومەتەوە، هێشتا دیلی ئەو داوەم و دەبێ لەگەڵی بسازێم، ژیانی پڕ لە شانازی تەواو بوو و تورەییشی لەگەڵ خۆیدا کۆتایی پێ هێنا. دەبوو خۆ بەدەستەوە بدەم و ددان بەتاوانباری خۆمدا بنێم، دەبوو لە "فەرامۆشخانە" بژیم، تۆ ئەو ژوورەت نەدیووە؛ کە لە سەدەکانی ناوەڕستدا لە شێوەی خەنەکێکی سەرداخراودا لەژێر زەویدا دروستیان دەکرد و ناویان نابوو "فەرامۆشخانە"؟ ئاسایی لەوێدا بۆ هەتاهەتایە فەرامۆشیان دەکردی.

جیاوازی ئەو جێگایە لە خەندەکەکانی تر؛ زیرەکیی نەخشەکەی بوو، ئەمەندە بەرز نەبوو کە زیندانییەکە بتوانێ بە پێوە تیایدا ڕابوەستێت و ئەوەندەش پان نەبوو بتوانێ بەتەواوی قاچی تیادا ڕاکیشێت، دەبوو دەست لە

بەپێوەوەستان و نوستن بشوات و بە چەماوەیی بژی، خەو؛ کەوتن و بێداریش؛ گرمۆڵە بوون بوو. دۆستی شیرین، ئەو داهێنانە بەو هەموو سادەییەوە بەمانای وشە؛ بلیمەتانە بوو، هەموو ڕۆژی زیندانییەکە بەو گوشرانە بێ جوڵەیەی جومگەکانی وشک دەکرد؛ تێدەگەیشت تاوانبارە و بێ تاوانی ئەوەیە بتوانی بەئارەزوی خۆت؛ خۆت بکێشیتەوە، ئایا دەتوانی؛ کەسێک خووی بە قەڵا و بەرزاییەوە گرتبێ، لە خەندەکێکی ئاوادا بهێنیتە بەرچاوت؟ دەڵێی چی؟ دەڵێی دەکرێت لەوەها خەندەکێکدا بیت و بێ تاوانیش بیت؟ زۆر ئەستەمە زۆر، ئەگینا بەڵگە هێنانەوەکەی من بە دەردی ئێرا ناخوا، ئەوەی بێ تاوانێ ناچار بێت بە پشتی چەماوەوە بژی، گریمانەیەکە کە من بۆ تەنیا ساتێکیش ئامادە نیم بیری لێ بکەمەوە، سەرەرای ئەوەش؛ ئێمە ناتوانین بێ تاوانیی کەس بسەلمێنین، بەڵام دەتوانین لێبڕاوانە تاوانباربوونی هەموو کەسێ بە شتێکی ڕوون و مسۆگەر بزانین، هەر مرۆڤێک شایەتە لەسەر تاوانی هەموو مرۆڤەکانی تر، ئەوەیە ئیمانی و ئومێد من.

باوەڕبکە؛ ئاینەکان کە ئەو کاتەی باسی ئەخلاق دەکەن و بە فەرمانکردن دەکەونە هەڕەشە لە خەڵک، ئەوکاتە دەکەونە هەڵەوە. بۆ دروستکردنی تاوانبار و سزادان هیچ پێویست بە بوونی خودا ناکات، هاوچەشنەکانی ئێمە بە یارمەتی خۆیان

ئەم کارە دەکەن. تۆ باسی ڕۆژی دادوەری خوایانە {قیامەت} دەکەیت، ڕووخسەت بفەرموو بەو پەڕی ئیحترامەوە بە قسەکەت پێبکەنم، من بێ هیچ ترس و دوودڵیەک چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم، من شتێکم بینی زۆر زۆر لەوە قورسترە: من داوەریکردنی مرۆڤەکانم بینیووە، ئەوان تاوان لەسەر سووک کردنیشیان لەدەست نایەت، تەنانەت وای دادەنێن ئەو تاوانە خێرێکی تێدا بووە، لایەنی کەم تۆ شتێکت لەبارەی ئەو قەفەزی تف لێکردنەوە بیستووە کە میللەتێک لەم دواییانەدا دای هێنا، هەر بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت لە هەموو میللەتانی سەر ئەم ئەستێرەیە مەزنترە. هیچت لەو بارەیەوە بیستووە؟ ژوورێک بەخشت دروست دەکەن و بەندییەکەی تێدەکەن کە نەتوانێت تێیدا ببزوێ، ئینجا دەرگایەکی کۆنکرێتی لێ دادەخەن کە تاسەر چەناگەی دێت، تەنیا دەموچاوی بەدەرەوە دەبێت و هەر پاسەوانێک لەوێوە تێپەڕی بەڵغەمەیکی تێدەگرێ، ئەویش لە قەفەسە خشتییەکەدا تەنگاوەوە ناتوانێ دەموچاوی بسڕێ، ئەگەرچی بۆی هەیە چاوی لێک بنێ. باشە ئازیز..؟ ئەوە داهێنانی مرۆڤە و بۆ دروست کردنی ئەو شاکارەش هیچ ئیشێکیان نەکەوتە خودا. باشە؟ کەواتە سودی خودا دەبێت هەر ئەوەبێت بێ تاوانی دەستەبەر بکات. من ئاین زۆرتر وەک ڕێکخراوێک دەبینم، کە کاری تەنها شۆردن و سپی کردنەوەیە، دیارە کە هەرواش

بووه بەڵام بۆ ماوەیەکی کەم، واتە هەر سێ ساڵ و ئەویش ناوی هەر لەگۆڕێ نەبووە، پاش ئەوە سابوونیان لێبڕاوە، ئێمە لوتمان پێپیسە کەچی دەماخمان دەسرپین، هەموو نەزان و گەمژەین، هەموو تەمێ کراوین، با تف لەخۆمان بکەین و ئیتر بۆ پێشەوە! بەرەو فەرامۆشخانە ڕابکەین، با بزانین کامان زووتر تفەکەی لێ دەکات، هەر ئەوەندە هاوڕێی ئازیز دەمەوێ نهێنییەکی گەورەت بۆ بدرکێنم؛ چاوەڕێی دادوەری ڕۆژی قیامەت مەبە، ئەو داوەرییە هەموو ڕۆژێک دەکرێ.

نا، هیچی وا نییە، لەم نەوشێیە نەفرەتییەدا کەمێ هەڵدەلەرزم، ئیتر وا گەیشتین، ئەمەیە، لە پێشدا جەنابت فەرموو، بەڵام تکا دەکەم کەمێک بمێنەرەوە و هاودەمم بە، قسەکەم تەواو نەکردووە، دەبێ لەسەری بڕۆم، هەر ئەم لەسەر ڕۆیشتنە دژوارە، هەر بەڕاست دەزانی بۆ لەخاچ دا؟ (مەسیحیان) هەر ئەوکەسەی کە لەوانەیە هەر ئێستا تۆ بیری لێ بکەیتەوە؟ باشە هۆکاری زۆر هەبوون بۆ ئەم کارە. بۆ کوشتنی بونیام هەمیشە هۆگەلێک لە گۆڕێیە، بەڵام بە پێچەوانەوە پاساو بۆ ژیانی مەحاڵە، هەربۆیەشە؛ تاوان هەمیشە و بێ تاوانیی تەنیا هەندێ جار، بۆ بەرگری لەخۆی پارێزەر دەدۆزێتەوە. بەڵام بە تەنیشت ئەو هۆکارانەی بۆ ئەم ڕۆح کێشانە سامناکە لەو دووهەزار ساڵەدا بۆیان هێناوینەتەوە، هۆکارێکی گەورەی تر هەیە و من نازانم بۆچی

ئاوا بە وردی لێمان دەشارنەوە. هۆکارەکەی ئەوەیە؛ کە ئەو خۆی (مەسیح) زانیویەتی تەواو بێ تاوان نییە، وای دابنێ دەستی لەو تاوانانەدا نەبێ کە خراوتە پالی، بەلام تاوانی تری کردووە، تەنانەت ئەگەر خۆیشی نەیزانیبێ چییە، باشە نەیدەزانی؟ ئایا ئەو خۆی سەرچاوەی هەموو مەسەلەکەیە؟ هەلبەت شتێکی لەسەر کوشتاری هەندێ بێ تاوان هەر بیستبوو؛ یانی کۆمەلکوژیی ڕۆلە و منالی یەهود، لە کاتێکدا دایکوباوکی ئەمیان لە شوێنێکی قایم شاردبووەوە، ئەوانە بۆچی کوژران؟ هەر لەبەر ئەم نەبوو؟ دیارە ئەو خۆی ئەمەی نەویستبوو، ئەو سەربازە خوێناویانە، ئەو مندالە لەتوپەتکراوانە، ڕقی ئەویان هەلدەستاند، بەلام دلنیام بەو سروشتەی هەیبوو، نەیدەتوانی لە بیریان بکات. ئاخۆ ئەو خەم و پەژارەیەی لە هەموو کارێکیدا هەستی پێدەکرا، حیرمانی بێ دەرمانیی ئەو کەسە نەبوو کە بە درێژایی شەو گوێی لە دەنگی ڕاهیل* دەبوو؟ ئەوجا بەسەر مندالەکانیدا دەگریا و نەیدەهێشت دلی بدەنەوە؟ شەوانە شینوشەپۆڕی دەگەیشتە ئاسمان؛ ڕاهیل بانگی مندالەکانی دەکردەوە کە بۆ ئەو مردبوون و ئەو هەر وا زیندوو بوو!

---

* ڕاهیل: {کە بە ڕاحیلیش ناسراوە} ژنی یەعقوبە. کامۆ لێرەدا باسی ونکردنی یوسف لەسەر دەستی براکانی دەکات، کە بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی باوکیان تەنها بۆخۆیان؛ یوسفیان سەرەونگروون کرد. و.ک

ئەو{مەسیح} بەوەدا کە مرۆڤی باش دەناسی، دەیزانی و لێی ڕوون بوو-ئاخ کێ بڕوای بەوە دەکات کە؛ تاوان هەر ئەوە نییە کەسێک بکوژیت، بەڵکو تاوان زۆرتر ئەوەیە خۆت زیندوو بمێنیتەوە- شەو و ڕۆژ ڕووە و تاوانی بێ تاوانی خۆی زۆری بۆ ئەستەم و ناخۆش بوو، لەوەی هەوڵ بدات ئاگای لەخۆی بێ و هەر بژی، وا باش تر بوو دوایی بەکارەکەی بێنێت و بەرگری نەکات، بمرێ {بچێتە سەر خاچ} بۆ ئەوەی ئیتر تاقە بوونەوری زیندوو نەبێ، بۆ ئەوەی بچێتە شوێنێکی تر بەڵکو لەوێ پشتیوانی لێ بکرێ. لەوێ پشتیوانیان لێ نەکرد و دەستی کرد بە سکاڵا بۆ ئەوەی مەسەلەکە کۆتایی پێ بێت، سکاڵاکەشیان سڕییەوە، بەڵێ وابزانم سێیەم داڕێژەری ئینجیل بوو کە بۆ یەکەم جار قۆڵی لێ هەڵماڵی بۆ سڕینەوەی سکاڵاکەی ئەو: "باوکە، بۆ بەجێتهێشتم...؟". ئەوە داوایەکی فیتنەهەڵگیرسێن نییە؟ باشە، مقەستەکان کەوتنەکار! جا تەماشا بکە، ئەگەر لۆقا* هیچی نەسڕیبایەوە، کەمتر خەڵک سەرنجی دەدەیە ئەو دێڕە، بەهەرحاڵ مەسەلەکە ئەوەندە گەورە نەدەبوو؟ بەم شێوەیە سانسۆر بەدەنگی بەرز ئەو شتە دەڵێت کە خۆی دەیسڕێتەوە، سیستمی جیهانیش ناتەبا و دژ بەیەکە.

---

* Luke لۆقا: لەبنەڕەتدا ناوی نووسەر و داڕێژەرێکی ئینجیلە کە ئینجیلەکەی هەر بەناوی خۆیەوە ناسراوە و سێیەمین و درێژترین ئینجیلە لە نێو ئینجیلە باوەڕپێکراوەکاندا. و.ک

بەڵام هەرچۆنێ بێ، ئەو هەر سانسۆر کرا و ئیتر نەیتوانی بەردەوام بێت، دۆستی ئازیز من دەزانم چی دەڵێم. سەردەمانێک بوو نەمدەزانی چۆن ئەم ساتە بگەیەنم بەساتی دواتر، بەڵێ، دەکرێ لەم جیهانەدا شەڕ بکەیت و وا خۆت نیشاندەیت عاشقی، برا مرۆڤەکەت ئەشکەنجە بدەیت و لە ڕۆژنامەکاندا خۆت بنووێنی، لەوانە سادەتر بەدەم بلوز چنینەوە زەمی دراوسێکەت بکەیت. بەڵام هەندێ جاریش بەردەوام بوون و هەر بەردەوام بوون لە توانای مرۆڤ بەدەرە، دەی ئەویش {مەسیح} لە مرۆڤ زیاتر نەبوو، باوەڕبکە لە بەر ژانی ڕۆحدەرچوونەکەی خۆی هاواری کرد، هەر لەبەر ئەمەشە خۆشمدەوێت؛ ئەو هاوڕێ ئازیزەی نەیزانی مرد.

نەگبەتییەکە لێرەدایە خۆی مرد و ئێمەی بەتەنیا جێهێشت بۆ ئەوەی چی دەبێ ببێ، بۆ ئەوەی بەردەوامبین تەنانەت ئەگەر لە فەرامۆشخانەشدا بگیرسێنەوە. ئەوەی ئەو دەیزانی ڕۆژێک بێ ئێمەش بیزانین، بەڵام نەتوانین ئەوەی ئەو کردی ئێمە بیکەین و وەک ئەو بمرین. هەڵبەتە هەوڵیانداوە کەمێ کۆمەک لە مردنەکەی ئەو وەربگرن، ئاخر گوتنی ئەو وتەیە نیشانەی بلیمەتی بوو: "ئێوە زۆر لەبەرچاو نین، ئەوە حەقیقەتە، کەوا بوو ناچینە سەر ڕوونکردنەوە و هێنان و بردن، یەکسەر بە خاچ کۆتایی پێ دەهێنین". بەڵام ئێستا، ئەوانە زۆرن کە دەچنە سەر خاچ تەنها بۆ ئەوەی خەڵک لەمەودایەکی

دوورترەوە بیانبینیێ، تەنانەت ئەگەر بۆ ئەم کارە پێویست بێ یەکێک لەوانەی زۆر دەمێکیشە لەویا ماوەتەوە پێپەست بکەن، زۆر کەس بڕیاریان داوە واز لە بەخشندەیی بێنن، تا سەری چاکەیان بپەرژێ! ئـاخ، لەو نادادپەروەرییە، لەو ناحەقییەی لەویان کرد، خەریکە بە ئازارەوە دەمکوژێت!

دەستم پێکردەوە دیسان، هەر دەڵێی لەدادگادا بەرگرینامە دەخوێنمەوە، ببوورن، حەزدەکەم بزانن منیش هۆکاری خۆمم هەیە، بۆ نمونە؛ چەند کۆڵانێ لەولاترەوە مۆزەخانەیەکی لێیە، پێی دەڵێن؛ "عیسای مەسیح لە بنمیچ دا" ئەو کات لەبری گۆڕ مردوویان لە بنمیچەکاندا دادەنا، چار چی بوو؟ لێرە لافاو ژێرزەمینەکان پڕ دەکات لە ئاو.

بەڵام بێ خەمبە ئەمڕۆ عیسای ئەوان نە لەژێرزەمین و نە لە بنمیچدایە، ئەوان ئەویان لەسەر کورسی حوکم لە قووڵایی دڵـی خۆیانـدا دانـاوە و چەکوشـەکانیان بەرزدەکەنەوە و بەردەوام دادوەری دەکەن، بەنـاوی ئەو داوەری دەکەن، ئەو لەگەڵ ژنی داوێنپیسدا بە نیانی دەدوا: "من تاوانبارت ناکەم!" لەگەڵ ئەوانەشدا ئەوان خەڵک مەحکوم دەکەن، لەهیچ کەس خۆش نابن، بەناوی مەسیحەوە دەبن بەقوربانت، مەسیح؟ ئازیزم ئەو چاوەڕوانییەکی وای نەبوو، ئەو تەنها دەیوست خەڵک خۆشیان بوێت، دیارە تەنانەت لەنێو مەسیحیەکانیشدا خەڵکانێک هەن کە خۆشیان دەوێت، بەڵام ئەوانە بە پەنجەی

دەست دەژمێردرێن، ئەو خۆی دەمێ بوو ئەوەی لا ڕوون بوو، ئەهلی تەنز و گاڵتەوگەپ بوو، پۆترس* هەر ئەو پۆترسە ترسنۆکەی نکۆڵی لە ناسینی ئەو کرد: "من ئەم کابرایە ناناسم، نازانم مەبەستتان چییە؟ و.... شتی تریش....." هەر بەڕاست لەحەدی دەرکرد بوو. مەسح لێرەدا ڕەگەزدۆزییەکی زمانەوانی دێنێتە ئاراوە: "من لەسەر ئەم بەردە کلێسایەک دروست دەکەم"** پێت وایە گاڵتە لەوە بەهێزتر دەبێ؟ بەڵام نا ئەوان دیسان شاگەشکە دەبنەوە: "بینیتان! خۆی وتی!" هەر بەڕاستی خۆی وای وتبوو، ئەو باش ئەمەی دەزانی، دوای ئەوەش بۆ هەتاهەتایە ڕۆیشت و پشتی تێکردن بۆ ئەوەی حوکم بکەن و خەڵک مەحکوم بکەن، لە زاریاند بڕیاری لێ خۆشبوون و لەدڵیاندا فەرمانی مەحکوم کردن بدەن.

چونکە ناکرێ بڵێی ئیتر بەزەیی نەماوە، نا، خوای گەورە ئێمە بەردەوام باسی بەزەیی دەکەین کەچی {لەمەحکومکردنەکانماندا} کەس بێ تاوان دەرناکەین.

---

* Pierre —پوترس: {یان بطرس یان شەمعون} ناوی سەمعانی کوڕی یوحەنایە و یەکێکە لە دوازدە هاودڵەکەی مەسیح و باوکی کلێسای کاسۆلیکی ڕۆمە، ئەوەی نووسەر بە نموونە هێناویەتەوە سپێدەی ڕۆژی لەخاچدانەکەی مەسیحە کە لە وەڵامی پرسیاری پاسەوانەکاندا، پوترس نکوڵی لێدەکات و شەوی پێشوو تریش {دواشێو} عیسا پێیوتبوو کە: "بەڵام پوترس، هەر ئەمڕۆ پێش ئەوەی کەڵەشێری بەیانی بخوێنێ، تۆ سێجار نکوڵی لە ناسینی من دەکەیت...". و.ک

** پۆترس هەرچەندە ناوە بەڵام بە مانای (بەرد)یش دێت، وەک دەوترێ مەسیح بەو دێرە جۆرە پێشبینیەکی بۆ ئاییندە کردووە، ئەگەر خوێنەر یادی بێتەوە کە پاشتر پۆترس دەبێت بە دامەزرێنەری کلێسای کاتۆلیک. و.ک

حاکمەکان بەسەر تەرمی بێ تاوانییدا دەخولێنەوە، بە هەموو جۆرەکانییانەوە هەم لایەنگرانی مەسیح و هەم دوژمنەکانی، پێت خۆش بێ و پێت ناخۆش بێ هەردووکیان دوو دیوی دراوێکن و لە فەرامۆشخانەیەکدا پێکەوە ئاشتبوونەتەوە. نابێت بەتەنها هەر هێرش بکەیتە سەرلایەنگرانی مەسیح، ئەوانی تریش لەو کارەدا تاوانبارن. دەزانی یەکێک لەو خانووانەی دیکارتی تێدا دەحەوایەوە لەم شارەدا چی لێ هاتووە؟ بووە بە شێتخانە! بەڵێ شێتی و ئەشکەنجە بۆتە شتێک بۆ هەمووان، دیارە ئێمەش ناچارین لەم گەمەیەدا بەشدار ببین، بەدڵنیاییەوە تۆ بۆت ڕوون بۆتەوە کە من لەسەر هیچ شتێک نامێنمەوە و دەزانم تۆش وەک من بیر دەکەیتەوە، لەبەرئەوەی هەموومان دادوەرین، کەواتە هەموومان بەرانبەر یەکتری کەمتەرخەمین، هەریەکە و بەشێوە سوک و چروکەکەی خۆمان مەسیحین، بێ ئەوەی بەخۆمان بزانین، بەیەکتر لە خاچ دراوین، یان لایەنی کەم لە خاچ دەدراین ئەگەر من؛ کلمانس، ڕێگەی ڕزگاربوون، تەنها ڕێگەچارە، بەکورتی ئەگەر حەقیقەتم نەدۆزیبایەوە...

نا، هاوڕێی ئازیز هەر لێرەدا قسەکەم تەواو دەکەم، نەترسیت! ئێستا بەجێتدێڵم، ئەوە ماڵی منە پێشبینی چی لێدەکەیت؟ پیاو لە تەنیایدا کە ماندوویێتیش دێتە سەری، سوک و باریک خۆی لێ دەبێت بە پێغەمبەر، منیش لە

حاڵێکی وەهادام و پەنام هێناوەتە بەر بیابانێکی لە بەرد و تەم و ئاوی بۆگەن، پێغەمبەرێکی بەتاڵ بۆ سەردەمێکی سووک، ئەلیاسێک* بەبێ مەسیح، تێژی لە تا و خواردنەوە، پاڵی بەو دەرگا ڕزیوەوەداوە و پەنجەی ڕووەو ئاسمانی پڕ لە هەور بەرزکردۆتەوە و خەریکە نەفرەت لەو خەڵکە دەکات، کە بێ یاسا تاقەتی هیچ داوەرییەکیان نییە. هاوڕێی ئازیز ئەوان تاقەتی داوەرییان نییە و مەسەلەکەش هەر ئەوەیە. ئەوەی ملکەچی قانونە هیچ گومانێکی لەو داوەرییە نییە کە ئەو سیستمە دەیکات کە ئەو باوەڕی پێیەتی، بەڵام گەورەترین ئازارەکانی مرۆڤ ئەوەیە، بەبێ قانون دادگای بکرێت. ئێمەش هەر گیرۆدەی ئەم ئازارەین، دادوەرەکان کە جڵەویان بەرداوە هەر بەحوکمی قەزاو قەدەر غار دەدەن و دوو پاروو دەکەنە یەک، جا ئێستا نابێت هەوڵ بدەین لەوان خێراتر ڕابکەین؟ لێرەدایە ئەوەی کە بڵێی ببە. دەبێ، پێغەمبەرەکان و شیفادەرەکان زۆر دەبن و هەڵپەیانە هەتا زەوی چۆڵ نەبووە و خەڵکی تێدا ماوە، بە قانونێکی باش یان بە ڕێکخراوێکی باش فریای بکەون، خۆشبەختانە من فریا کەوتووم، من کۆتایی و من دەستپێکم، من مزگێنی قانوون دەدەم، بە کورتی من قازییەکی تۆبەکارم.

---

* Elie-ئیلیاس: {یان ئیلیا} یەکێک لە پێغەمبەرەکانی بەنی ئیسرائیل، لە دوابەشی تەوراتدا پێشبینی کراوە کە ئەم پەیامبەرە بەر لە دەرکەوتنی مەسیح دێت و مژدەی هاتنی مەسیح ڕادەگەیەنێت. و.ک

بەڵێ، بەڵێ، سبەینێ پێت دەڵێم ئەم ئێشە دڵگیرە چییە، تۆ دوو سبەی لێرە دەڕۆی؟ کەواتە دەبێ پەلە بکەین، ئەگەر حەزت کرد وەرە بۆ ماڵی من، سێ جاران تەلیفۆن بکە، ئەچیتەوە پاریس؟ پاریس دوورە، پاریس جوانە، من لەیادم نەکردووە، تەقریبەن ڕۆژئاوابوونەکەیم لەم کاتانەی ساڵدا بیر دەکەوێتەوە، شەو وشک و خشپەخشپ بەسەر ئەو ماڵانەدا دێت کە لە دوکەڵدا شین هەڵگەڕاون، شار بەدەنگێکی کپ دەگرمێنێ و ڕووبارەکە هەر دەڵێی بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە، لەو کاتانەدا بوو کە من لە کوچەکاندا سەرم لێ دەشێوا، ئەوانیش {خەڵک} ئێستا سەرگەردانن، من دەزانم! ئەوان سەرگەردانن کەچی وا نیشان دەدەن بەرەو ژنە ماندوو و ماڵە خۆشەکانیان پەلەپەلیانە، ئاخ! هاوڕێ گیان، دەزانی بوونەوەرێکی تەنیا لە شارێکی گەورەدا سەرگەردان بێ، چ حاڵێکی هەیە...؟

خەجاڵەتم کە وا بە ڕاکشاوییەوە میوانداریت دەکەم، هیچ نییە، برێک تاکەم بەرزە، ئەویش بە ژینۆڤێ چاری دەکەم، من لەگەڵ ئەم نەخۆشییە جارجارەیە ڕاهاتووم، لام وابێت مالاریایە، ئەو وەختەی پاپابووم گرتم. ئا ئەوەی وتم تەنیا نیوەی گاڵتەیە، دەزانم بیر لەچی دەکەیتەوە؛ کە من قسە دەکەم، زەحمەتە ڕاست و درۆت بۆ لێک جیاوەبێ، ددانی پێدا دەنێم حەق بە تۆیە، منیش هەر.... سەرنج بدە؛ یەکێ لە هاوڕێکانم خەڵکی دەکرد بەسێ بەشەوە؛ ئەوانەی وایان پێ باشە هیچ نهێنییەکیان نەبێ، بۆ ئەوەی ناچار نەبن درۆ بکەن، ئەوانەی درۆکردنیان پێ باشترە لەوەی هیچ نهێنییەکیان نەبێ، ئەوانەی هەم حەزیان لەوەیە نهێنییەکیان هەبێ و هەم حەزیان لەوەشە درۆ بکەن، لێت دەگەڕێم تا بزانم من دەخەیتە کام دەستەیەیانەوە.

جا چییە، باشە درۆ سەرەنجام بونیام نابات‌ەوە سەر ڕێگای حەقیقەت؟ ئایا چیرۆکەکانی من هەموویان یەک مانایان نییە و ناگەنە یەک دەرئەنجام؟ ئیتر ترسی بۆ چییە ڕاست بن یان درۆ، گەر لە هەردوو باردەکەدا من وەک چۆن بووم و چۆنم وام نیشان بدەن؟ جاری وا هەیە تێگەیشتن لە ناخی ئەوەی درۆ دەکات، زۆر ئاسانترە لەوەی ڕاست دەکات. حەقیقەت

وەک ڕووناکیی چاو بەشەوارە دەخات، درۆ؛ بەپێچەوانەوە وەک ڕۆژێک کە تازە هەڵدێ، یان تازە ئاوا دەبێ؛ هەمووشتێ نیشان دەدات. هەرچۆنێ پێت خۆشە وای دانێ، بەڵام من سەردەمانێک لە ئۆردوگای زۆرەملێی دیلەکاندا بە مەقامی پاپا شاد بووم.

تکا دەکەم دانیشە، تۆ هەر بەم ژوورەدا هەڵدەڕوانی، ڕاستە بەتاڵە بەڵام خاوێنە؛ تەنها تابلۆیەکی ڤێرمێرەی* تێدایە، نە کەلوپەلێک و نەقاپوقاچاخێک و تەنانەت نە کتێبێک، من زۆر دەمێکە وازم لە خوێندنەوە هێناوە، ئەو کاتانەی ماڵەکەم پڕ بوو لەو کتێبانەی نیوەچڵ خوێندبوومنەوە، جا هەموو شتێکی نیوەچڵی بێزارکەرە و هێندەی کاری ئەوانە قێزەونە کە قووتوی جگەری قازیان دەهێنا، پاروویەکیان لێ دەخوارد و ئەوی تریشی تا دەستیان دەگەیشت فڕێیان دەدە.

جگە لەوەش من تەنها حەزم لە کتێبی ددانپێدانانە و نووسەری ئەوجۆرە کتێبانەش تەنیا بۆ ئەوە دەنووسن تا ددان بەهێچدا نەنێن و ئەوەی دەیزانن هیچی نەدرکێنن، ئەوەکاتەی بانگەشەی کەشفکردنی حەقیقەتێک دەکەن، دروست هەمان ئەو کاتەیە کە دەبێ ئاگادار بیت، چونکە دەیانەوێ تەرمێک بڕازێننەوە. باوەڕبفەرموو من زێڕینگەرەم، بۆیە هەر لەوێدا لە کتێبەکان گەڕام، ئیتر نە کتێب و نە هیچ

* Johannes Vermeer-یوهانس ڤێرمێر: نیگارکێشی بەناوبانگی هۆڵەندیی سەدەی حەڤدە. وەک

شتێکی زیادە، تەنیا شتە پێویستەکان کە خاوێن و بریقەدارن، وەک تابووت! لەگەڵ ئەم تەختەخەوە هۆڵندیانە و سەرچەفی بێ پەڵە و خاوێن، ئەوە چییە دەڵێی هەر ئێستا تەرمی کەسێکیان لە کفنێکی حازردا مۆمیا کردووە.
حەزدەکەیت بزانیت لە سەردەمی پاپایەتیدا چیم بەسەرهات؟ دەزانی، هەر لەو ڕووداوە ئاساییانە، ئاخۆ توانام هەیە لەو بارەیەوە قسەبکەم؟ بەڵێ پێموایە تماکەم تابەزیووە، ساڵانێکی زۆر لەمەوپێش لە ئەفریقا، ئەو شوێنەی لە سایەی سەری جەنابی ڕۆملەوە* ئاگری شەڕ تێیدا بڵێسەی دەسەند، نا دڵنیابە من لەنێو شەڕەکەدا نەبووم، تازە وازم لەشەڕی ئەوروپا هێنابوو. هەڵبەتە لەخۆبەخشەکان بووم، بەڵام گۆڕەپانی شەڕم بە چاو نەدی، لەلایەکەوە بەداخ بووم، لەوانە بوو ئەوە زۆر شتی گۆڕیبا. سوپای فەڕەنسا لە گۆڕەپانی شەڕدا هیچ پێویستییەکی نەکەوتە من و تەنیا داوای لێ کردم لە کشانەوەدا بەشداربم، پاش ئەوە من دیسان پاریسم ئەڵمانییەکانیشم بینییەوە. بزوتنەوەی بەرگری کە تازە ناوی کەوتبووە سەر زاران، تۆزێک کەڵکەڵەی خستە سەرمەوە، هەر ئەوکاتە بوو پەیم بە نیشتیمانپەروەریی خۆم برد، ئەوە

---

* Erwin Johannes Eugen Rommel ئێروین ڕۆمل: یەکێک لە ناازترین سەرکردەکانی هێزی نازییە و سەرکەوتنی بەرچاوی بۆ سوپای ئەڵمانی لە باکوری ئەفریقا تۆمار کردووە، ماوەیەک سەرکردەی پاسەوانە تایبەتییەکانی هیتلەر بووە و پاش تێوەگلان لە دۆسییەکی تیرۆرکردنی هیتلەردا بە گازی سیانیدی کاربۆن خۆی کوشتووە. و.ک

گاڵتەت لێ دێ؟ هەڵە دەکەیت، من لە یەکێک لە پلاتفۆرمەکانی تونێلبانەکەی* پاریسدا بەو هەستە گەیشتم؛ سەگێک لە ڕاڕەوە پێچاوپێچەکاندا گیری خواردبوو، سەگێکی گەورەی تیسکنی گوێبڕاوی چاودرەخشان، بە هەڵبەز و دابەزەوە بۆنی بە قاچی ڕێبوارانەوە دەکرد، من بە خۆشەویستییەکی دێرین سەگم خۆش دەوێت، چونکە سەگ لێبووردەیە. کس‌کسم لەسەگەکە کرد، تیامابوو، بەڵام بە ئاشکرا دیاربوو ڕازی بووە، بە ماوەی چەند مەترێک بەرانبەر بە من دەڕۆیشت و بە خۆشحاڵییەوە کلکەلەقێی دەکرد، لەو کاتەدا ئەفسەرێکی گەجی ئەڵمانی کە زۆر بە پەلە دەڕۆیشت، بەتەنیشتمدا تێپەڕی و کە گەیشتە ئاستی سەگەکە، دەستێکی بەسەرداهێنا، ئاژەڵەکە بێ هیچ دوودڵییەک هەر بەو خۆشحاڵیەوە دوای کەوت و لەچاو ون بوون. ئەوەندەم ڕق لەسەربازە ئەڵمانییەکە هەستا، ناچاربووم بڵێم ئەو دژەکردارەی خۆم لە نیشتیمانپەروەیمەوە بووە، خۆ ئەگەر سەگەکە بەدوای کەسێکی ئاسایی فەرەنسیدا بڕۆیشتبایە من هەر گوێشم نەدەدایە، کەچی بە پێچەوانەوە لەو کاتەدا وام دەهێنایە پێش چاو ئێستا ئەو ئاژەڵە بەستەزمانە لە ئەڵمانیا بووە بە مەزە و جێی ڕابواردنیان، ئەو بیرکردنەوەیەش سەیر

* مەبەست لە پلاتفۆرمی تونێلبانە؛ ڕاڕەوی چاوەڕێکردنی میترۆ یان شەمەندەفەری ژێر زەوییە. و.ک

تووڕەی دەکردم، بەم شێوەیە ئەنجامی تاقیکردنەوەکەم بەدڵ بوو.

بۆ ئەوەی هەندێ زانیاری لەسەر بزوتنەوەی بەرگری بەدەستبێنم، چوومە باشوری فەرەنسا، بەڵام کە گەیشتمێ و برێ شتم چنگ کەوت دوودڵ بووم، ئەو کارەی من تۆزێ شێتانە و ئەگەر ڕاستیشت بوێ برێ شاعیرانە و پاڵەوانانە بوو، بەتایبەت کە پێم وایە چالاکی نهێنی نە لەگەڵ سروشتی من یەک دەگرێتەوە و نە لەگەڵ ئەو تاسەیەی بۆ لوتکە کوێستانییەکان هەمە. وام هەست دەکرد لەژێرزەمینێکدا شەو و ڕۆژ داوای تەونکارییم لێ دەکەن، لە چاوەڕوانی ئەوەدا تا بوونەوەرانێکی دڕندە بێن و لەوێ دەرم بکەن و لەپێشدا ڕیسەکەم لێ بکەنەوە بە خوری و دوایش ڕامکێشنە ژێر زەمینێکی ترەوە و هەتا ڕۆحم لەبەردا ماوە تێم هەڵدەن. من ستایشی ئەوانەم دەکرد کە شانیان دەدایە بەر ئەو ئازایەتییەی ژێر زەمین، بەڵام ئەوە بە من نەدەکرا.

بۆیە چوومە باکوری ئەفریقا بەو نیەتە شاراوەیەی خۆم بگەیەنمە لەندەن، بەڵام لە ئەفریقا بارودۆخەکە لەبار نەبوو، بەڕای من؛ گروپە جیاوازەکان هەریەکەیان بەشی خۆیان لەسەر حەق بوون. من وەک خۆم مامەوە. پێتەوە دیارە وا بیردەکەیتەوە؛ من زۆر خێرا بەسەر ئەو وردەکاریانەدا بازدەدەم کە مانایەکیان هەیە، باشە، وای دابنێ لەبەرئەوەی

تۆم بە پێی بایەخی ڕاستەقینەی خۆت هەڵسەنگاندووە، بە خێرایی بەسەریاندا تێ دەپەڕم بۆ ئەوەی وات لێ بکەم پتر سەرنجیان لێ بدەیت. هەرچۆنێ بێت دواجار گەیشتمە وڵاتی تونس، لەوێ دۆستێکی شیرینم کارێکی باشی بۆ دۆزیمەوە، ئەو دۆستەم کە ژنێکی هێجگار زیرەک و وریا بوو لە سینەمایەک کاری دەکرد. من دوای ئەوکەوتم بۆ شاری تونس، تا ڕۆژانی دواتر هێزەکانی هاوپەیمانان لە جەزایر دانەبەزین، نەمزانی ئیشە ڕاستەقینەکەی ئەم دۆستەم چییە، ئیتر ئەڵمانەکان گرتیان و منیش بێ ئەوی خۆم بمەوێت دەستبەسەر کرام. نازانم ئەو چی بەسەر هات، هەرچی منیشە هیچ توندوتیژییەکیان لەگەڵم نەنواند و دوای ترسێکی زۆر بۆم ڕوون بووەوە بۆ پاراستنی من وایان کردووە. لە نزیک تەرابلوسەوە منیان بەڕێکرد بۆ ئۆردوگایەک کە لەوێ مرۆڤ بە ڕووتوقووتی زۆرتر بەدەست تینوێتییەوە دەیناڵاند هەتا تێ هەڵدان. باسی ئەوێ هەر ناکەم، ئێمە کوڕی ئەم نیوسەدەیەی دوایی، بۆ ئەوەی ئەو جێگایانە بهێنینە پێش چاوی خۆمان پێویستمان بە وەسف و ڕوونکردنەوە نییە، سەدو پەنجا ساڵ لەوەوپێش خەڵک بۆ دارستان و دەریا هەستی شاعیرانەیان دەبزووا، کەچی ئێمە ئەمڕۆ غەزەل بۆ خەندەک و زیندانەکان دەهۆنینەوە. کەوابوو متمانەت پێ دەکەم، چەند شتێکی

تریشی بخەرە سەر: گەرما، ئەو خۆرەی ڕاستەوخۆ دەیدا لە چاوت، مێش، لم، تینوێتی.

من گەنجێک فەرەنسیم لەگەڵ بوو، زۆر دیندار بوو، بەڵێ، دەتگوت لە داستانی پەریانەوە هاتۆتەدەر، زەلامێک بوو وەک دیگوکلین* بۆ شەڕکردن لە فەڕەنساوە چوو بوو بۆ ئیسپانیا، لەوێ ژەنەڕاڵێکی کاسۆلیکی* دەستگیری کردبوو لە زیندانی نابوو، لە ئۆردوگاکانی فەڕانکۆدا دیتبووی-ئەگەر بێ ئەدەبیی نەبێ کە ئۆک و لۆبیاش دەبێ کلێسای ڕۆما پیرۆزی بکات، زۆری خەفەت خوارد بوو، ئاسمانی درەوشەوەی ئەفریقا-کە دواتر کەوتبووە ئەوێ و بێ ئیشی و کاتی زۆری بەتاڵی لە ئۆردوگا، هێشتا نەیان توانیبوو ئەو خەفەتەی لەبیر ببەنەوە، بەڵام بیرکردنەوە زۆرەکانی و ئەو هەتاوە بەتینەش کەمێک لە باری ئاسایی دووریان خستبووەوە. ڕۆژێکیان ئێمە دە دوازدە پیاوێک دەبووین، لە ژێر خێوەتێکدا لەنێو مێش و مەگەزدا کە قورقوشمی تەواوەی لێ دەچۆڕا، دانیشتبووین و هەناسەبڕکێمان بوو، ئەو دیسان دەستی کرد بە قسەوتن بە فڕانکۆ، کە بە ڕۆمی ناوی دەهێنا، بە سەروچاوێکی شێواو و

---

* Bertrand du Guesclin-دیگۆکلین: یەکێک لەفەرماندە شەڕکەرەکانی سوپای فەرەنسییە لەسەدەی چواردەدا، کە دوژمنانی لە خاکەکەی وەدەرنا و بەتایبەت لە ئیسپانیا سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێنا. و.ف

* ژەنەڕاڵی کاسۆلیکیی مەبەست لە دیکتاتۆری ئیسپانیی (فرانسیسکۆ فرانکۆ Francisco Franco)یە ژەنەڕاڵ و سەرۆکی ئیسپانیا بوو لە ١٩٣٩-١٩٧٥ لە سەردەمی حوکمڕانی ئەم فرانکۆیەدا؛ تەنیا لە نێوان ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٤ بەژمارە ١٩٢٦٤٨ کەس لەسێدارە دراوە. و.ک

ریشێکەوە کە چەند ڕۆژێک بوو نەیتاشی بوو، سەیری ئێمەی دەکرد. لە نێو قەدی بەرەوەژوور شەلالی عارەق بوو، پەنجەکانی لەسەر پەراسووە دەرپەڕیوەکانی کە جوان دیار بوون، یاریان دەکرد، وتی پاپایەکی ترمان پێویستە کە لەجیاتی ئەوەی لەسەر تەختی پادشایەتیدا دوعا بخوێنێ، دابەزێ لە نێو چارەڕەش و لێ قەوماواندا بژی، ئەوەش هەتا زووتر بێ درەنگە.

سەری ڕادەوەشاند و بە نیگای شڵەژاوییەوە سەیری ئێمەی دەکرد و دووپاتی دەکردەوە کە بەڵێ: "هەتا زووتر بێ درەنگە!"، دواتر لەپڕ هێور بووەوە و بەدەنگێکی ماندوو و غەمۆک وتی دەبێ پاپا لەنێو ئێمەدا هەڵبژێردرێ، پیاوێکی باش، بە هەموو عەیبوعار و باشییەکانییەوەهەڵبژێردرێ و پەیمانی لەگەڵ ببەسترێ، تەنیا بەو مەرجەی قبووڵی بێت لە دڵی خۆی و ئەوانی تریشدا ئازارە هاوبەشەکانمان بە زیندووی ڕاگرێ، ئەوجا وتی: "لەنێو ئێمەدا کێ لەهەمووان قۆڕپاتی زیاترە؟" من هەروا بەگاڵتە دەستم بەرزکردەوە، هەر منیش دەستم بەرزکردبووەوە "باشە، ژان باتیست بۆ ئەو کارە دەشێ"، نا ئەوەی نەگوت چونکە من ئەوکاتە ناوێکی ترم هەبوو، بەلام وتی خۆهەڵبژاردن -وەک من کردبووم- گەورەترین فەزیلەتە و پێشنیاری کرد من هەڵبژێردرێم، جەماعەتیش هەروا بەگاڵتەوە لەهەمانکاتدا شێلگیرانە

قبووڵیان کرد، ئەگەر ڕاستیت دەوێت دیگۆکلین کاری تێکردبووین، لام وایە خۆم زۆر پێنەکەنیم، یەکەم لەبەر ئەوەی پێم وابوو ئەو پەیامبەرە چکۆلەیە ڕاست دەکات و دووەم لەبەر ئەوەی هەتاوی بەتین و کاری تاقەتپڕوکێن و سەرەڕای ئەوانەش ململانێی توند لەسەر ئاو؛ وای کردبوو ئێمە زۆر باری دەروونییمان باش نەبێت، هەرچۆنێک بێت من چەند هەفتەیەک ئەرکی پاپایەتم شێلگیرانە ڕاپەڕاند.

ئەو ئەرکە چی بوو؟ لەڕاستیدا من شتێک بووم وەک سەردەستەی گروپەکە یان سەرپەرشتیاری بەندینخانە، هەرچۆنێ بێ ئەوانی تر و ئەوانەشی کە بێ ئیمان بوون، ڕاهاتن بەگوێم بکەن، دیگۆکلین ئازاری دەکێشا و من ئازارەکەی ئەوم بەڕێوە دەبرد. لەوکاتەدا پەیم بەوە برد کە پاپایەتی هێندەش ئاسان نییە، دوێنێ شەویش دوای ئەوەی لەبارەی برا دادوەرەکانمانەوە بە ڕابواردنەوە قسەم بۆ کردی، دیسان ئەو خاڵەم بیر کەوتەوە. لە ئۆردوگا کێشەی گەورەمان دابەشکردنی ئاو بوو، گروپگەلی سیاسی یان ئاینیی دیکە پێک هاتبوون، کە هەرکام لەوانە لە بەرژەوەندی هاوڕێکانی خۆیان کاریان دەکرد، منیش ناچار بووم هەندێ ئاسانکاریی بۆ هاوڕێکانی خۆم بکەم، کە ئەوەش لەخۆیدا جیاوازی دانان بوو، بەڵام لەناو خۆشماندا هەر نەمتوانی یەکسانیی تەواو بەرپا بکەم. بەپێی بارودۆخی هاوڕێکانم یان ئەو کارانەی

دەبوو بیکەین، یەکێکیانم دەخستە پێش ئەوانی دیکەوە، باوەڕبفەرموو ئەو جیاوازی خستنە خەریک بوو کارەکە بەرەو شتی هەستیار تر بەرێ، بەڵام بەڕاستی من ماندووم و ئیتر پێم خۆش نییە بیر لەوسەردەمە بکەمەوە، هەر ئەوەندە دەڵێم؛ من ڕۆژێک ئەو سفرەیەم کۆکردەوە؛ ئاوی هاوڕێیەکمم خواردەوە کە خەریک بوو گیانی دەدا، نا دیگوکلین نەبوو، لام وایە ئەو پێشتر مردبوو، ئاخر لەڕادەبەدەر خۆی دوور دەگرت، جگە لەوەش ئەگەر ئەو زیندوو بوایە لەبەر ئەوەی زۆرم خۆش دەویست زیاتر خۆمم ڕادەگرت، چونکە خۆشم دەویست، بەڵێ خۆشم دەویست، هەرنەبێ پێم وایە، کەچی من ئاوەکەم خواردەوە لە کاتێکدا خۆمم بەوە ڕازی دەکرد؛ ئەوان زۆرتر پێویستیان بە منە تاکو ئەو کە هەرچۆنێک بێ دەمرێ و دەبوو من خۆم بۆ ئەوان بپارێزم.

هاوڕێی ئازیز، بەم شێوەیە ئیمپڕاتۆر و کلێساکان لەژێر خۆری مەرگدا دروست دەبن. جا بۆ ئەوەی بڕێ قسەکەی دوێنێ شەوم چاک بکەمەوە، باسی بۆچوونێکی باش و مەزنت بۆ دەکەم، کە لەکاتی باس کردنی هەموو ئەو شتانەدا بەزەینمدا هات و ئێستا تەنانەت نایشزانم ئەوانەم هەر بەڕاستی بەسەر هاتووە یان بە خەون دیتوومن. بۆچوونە مەزنەکەم ئەوەیە؛ کە دەبێ لە پاپا خۆش ببین، لەبەرئەوەی ئەو لە هەموان

پتر پێویستی بەم لێ خۆشبوونە هەیە و دواتریش لە ڕێگەی ئەم لێ خۆشبوونەوە دەکرێ خۆت لەو بە بەرزتر دانێیت.
ئاخ، ئەرێ قاپییەکەت باش داخستووە؟ بەڵێ؟ تکا دەکەم بۆ دڵنیابوون سەیرێکی بکەرەوە، بمبوورە من برێ واسواسم، کە دەمەوێ بنووم، قەت دڵنیا نیم لەوەی باش دەرگاکەم داخستووە یان نا، هەمووشەوێ دەبێ هەستم و سەیرێکی بکەمەوە، بونیام لەهیچ شتێ دڵنیا نییە، ئەوەم پێشتریش بۆ باس کردبووی، لات وانەبێ ئەو نیگەرانییەم بۆ دەرگا داخستن، وەک نیگەرانی دەوڵەمەندێکە لە دەرگاکەی، نا، من جاران دەرگای باڵەخانە و ئۆتۆمبێلەکەشم دانەدەخست، پارەکەشم نەدەشاردەوە و دڵم لای ماڵ و سامانەکەم نەبوو.
ئەگەر ڕاستیت دەوێت من شەرمم دەکرد لەوەی هەمە، جاری واهەبوو لە کۆڕەکاندا لە گەرمەی گفتوگۆدا بەدەنگی بەرز هاوارم کردووە: "هاوڕێیان، خاوەندارێتی، تاوانە!" جا چونکە بای ئەوەندە گەورە نەبووم سامانەکەم لەگەڵ هەژارێکی شیاودا دابەش بکەم، دەچووم دەمخستە بەردەمی ئەوانەی کە لەوانە بوو بیدزن، بەو هیوایەی بەڕێکەوت نادادپەروەرییەکە قەرەبوو بکەمەوە، بەتایبەتی من ئەمڕۆ خاوەنی هیچ شتێک نیم، کەوابوو بۆ ئارامی نا، بەڵکو بۆ خۆم و ئامادەیی زەینێک کەهەمە نیگەرانم، بۆیە دەمەوێ دەرگای وەژوورکەوتنی ئەو

دونیا بچووک و داخراوەی من کە تێیدا پادشا و پاپا و دادوەرم، تەواو داخراو بێ.

تکا دەکەم ئەگەر زەحمەت نییە دەرگای ئەو سندوقە بکەرەوە، ئەم تابلۆیە، بەڵێ ئەم تابلۆیە، لێی بڕوانە، نایناسیت؟ ئەوە تابلۆی "دادوەرە عادیلەکان"ـە، داناچڵەکێیت؟ ناشێ بێ عیلم بیت لێی؟ بەڵام ئەگەر ڕۆژنامەت خوێندبێتەوە، بیرت دەکەوێتەوە لە ساڵی ١٩٣٤ دا لە گێند* یەکێک لە نیگارەکانی ڤان ئێک** بەناوی "مەڕی سۆفی"*** لە کلێسا گەورەکەی سانت باڤۆن دزرا، ئەو تابلۆیە ناوی "دادوەرە عادیلەکان"**** بوو، کۆمەڵی دادوەری نیشان دەدا کە بەسواری ئەسپ هاتبوون بۆ ستایشی مەڕی خودا، لە

---

* Ghent-گێند: یەکێک لە شارەکانی باکوری بەلژیکایە و هاوسنوورە بە وڵاتی هۆڵانداوە. و.ک

** Jan van Eyck-ژۆن ڤان ئێک: یەکێک لە بەناوبانگترین نیگارکێشەکانی سەدەی پازدەیە و بەرەگەز هۆڵەندییە و خاوەنی نیگاری گەورە و بەناوبانگی "مەڕی سۆفی"یە. و.ک

*** Agneau Mystique-مەڕی سۆفی: {یان مەڕی پەنهانی یان پەرستنی مەڕ} تابلۆیەکی ناسراو و گەورەی ڤان ئێکە، گوزارشتە لە مەسیح کە هەر وەک مەڕێک پاک و بێگەردە، نیگارەکە ئاڵۆزو و پێکهاتووە لە چەند بەشێک، یەکێک لەو بەشانە تابلۆی (دادوەرە عادیلەکان)ـە و.ک

**** Les Juges integers-دادوەرە عادیلەکان: ناوی بەشێک لە نیگاری گەورەی (مەڕی سۆفی)ی ڤان ئێکە، ئەم بەشە لەشەوی ١٠ ئاپریلی ١٩٣٤ لەلایەن کەسێکەوە دەدزرێت، لەناو چوارچێوەکەیدا کە بەدیوارەکەوە دەمێنێتەوە؛ دزەکە نامەیەک بەجێدێڵێ و دەنووسێت: "ئەم تابلۆیە لە ئەسڵدا هی ئەڵمانیایە و ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی" دواتر دزەکە پەیوەندی بە ئۆسقۆفەوە دەکات و داوای بڕی یەک ملیۆن فرانکی بەلژیکی دەکات لەبەرامبەر گەڕانەوەی تابلۆکەدا، ئۆسقۆف لەگەڵ وەزیر قسە دەکات تا داوای دزەکە جێبەجێ بکات بەڵام وەزیر داوەکە ڕەت دەکاتەوە.

پاشتر دزەکە لەکاتی سەرەمەرگدا دەڵێت "ئەو نهێنییەی کە هەڵمگرتووە نایدەم بە کەس و لەگەڵ خۆم دەیبەمە ژێرگڵ". وا پێدەچێ کەسانێکی تر بزانن تابلۆکە لەکوێیە بەڵام هەرگیز نەدۆزرایەوە، ئێستا کۆپییەک لە تابلۆکە لە جێگای ئۆرگیناڵەکە دانراوە، کاراکتەرەکەی کامۆ لێرەدا باگەندەی ئەوە دەکات کە تابلۆکە لای ئەوە. و.ک

جیاتی ئەو تابلۆیە تابلۆیەکی تریان دانا، کە بەوپەڕی لێهاتووی و دەست ڕەنگینییەوە لە تابلۆ ئۆرگیناڵەکە هەڵگیرابووەوە، چونکە تابلۆ ئۆرگیناڵەکە هەرگیز نەدۆزرایەوە. باشە، ئەوە ئەوە، تا من لەو نێوەندەدا هیچ کارەم، یەکێ لە مشتەرییەکانی مەکسیکۆسیتی کە تۆ ئەو شەوە بەسەرخۆشی بینیت، تابلۆکەی بە بتڵێک ژینۆڤێ بەو گوریلایە فرۆشت، من لە پێشدا بە هاوڕێکەمانم گوت لە شوێنێکی لەباردا هەڵیواسێ، ماوەیەکی زۆر لەکاتێکدا لە سەرانسەری دونیادا بەدوای دادوەرە عادیلەکانی ئێمەدا دەگەڕان، ئەوان بەزوور سەری مەیخۆر و سۆزانیەکانەوە لە شوێنە بەرزەکەی خۆیانەوە، خۆیان دەنواند. پاشتر لەسەر داوای من گۆریلا فەنی بە ئامانەت لێرە دانیا، سەرەتا زۆری پێ ناخۆش بوو، بەڵام کە بۆم ڕوونکردەوە، ترسا و ڕازی بوو، لەو کاتەوە ئەو دادوەرە بەڕێزانە هەر لەگەڵ منن، خۆ دیتت لەوێ لەسەر ئاودەستەکان جێگاکەیان چەند خاڵییە.

بۆچی من ئەم تابلۆیەم نەدایەوە؟ ئاخ.. ئاخ! تۆ وەکو پۆلیس هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکەیت، زۆر باشە، من هەر ئەو پەرسڤەت دەدەمەوە کە بە لێکۆڵەرەکەی دەڵێم:-هەڵبەت ئەگەر ڕۆژێک لەڕۆژان یەکێک بزانێت ئەم تابلۆیە هاتۆتە ژوورەکەی من لەبەرئەوەی یەکەم: تابلۆکە هی من نییە، بەڵکو هی خاوەنی مەکسیکۆسیتیە کە ڕێک هێندەی ئۆسقۆفی

گێند بەشی پێوەیەتی، دووەم: لەنێوان ئەوانەدا کە تەوافی مەڕی خودا دەکەن، کەس ناتوانێ ئەسڵ و عادی لەیەک جیاکاتەوە، کەواتە گوناهەکەی من زیانی بۆ کەس نییە، سێیەم: بەوجۆرە من گەورەتر دەبم، چونکە خەڵکی جیهان ستایشی چەند دادوەرێکی درۆزن دەکەن و تەنها منم دادوەرە ڕاستەقینەکان دەناسم، چوارەم: ڕەنگە ئەو بەختەوەرییەم پێ ببڕدرێ کە بخرێمە زیندانەوە، ئەو بیرۆکەیەش لەزۆرلاوە خەڵەتێنەرە، پێنجەم: ئەم دادوەرانە دەچن تەوافی مەڕێک بکەن، کە ئێستا نە مەڕ ماوە و نە بێ تاوانی. کەواتە ئەو دزە بەدەستوبردەی ئەم تابلۆیەی دزیووە، هۆکاری عەدالەتێکی نەناسراو بووە، کە هیچ باش نییە دژایەتی بکەن.

دواین هۆکار ئەوەیە: بەم جۆرە ئێمە بە پێی کاروبارەکانی خۆمان دەجولێینەوە، ئێستا کە دادپەروەری تەواو لە بێ تاوانی جیاکراوەتەوە، ئەویان بەسەر خاچەوەیە و ئەمیان لە سندوقدا؛ من ئازادم بە پێی باوەڕی خۆم بجوڵێمەوە. دەتوانم بە ویژدانێکی ئاسودەوە خەریکی پیشەی دادوەری تۆبەکار بم، کە دوای ئەو هەموو چەرمەسەری و ناتەباییەی لەو پیشەیەدا هەیە جێی خۆم کردۆتەوە و ئێستا کە تۆ دەتەوێ لێرە بڕۆیت، وەختی ئەوەیە باسی بکەین.

لە پێشدا ڕوخسەت بفەرموو من هەستم تا باشتر پشوو بدەم، ئاخ چەندە شەکەتم! دادوەرەکانم بخەرەوە ناو سندوقەکەوە

و دەرگــای ســندوقەکەش قفــڵ بــدە. دەســتخۆش. هەر لەم ساتەدا من وا خەریکم کاری دادوەری تۆبەکار ئەنجام دەدەم، نوســـینگەکەم زۆرتـــر لە مەکسیکۆســـیتیە، بەڵام حەز و کەفوکوڵی زۆر، بونیام ناچار دەکات لەدەرەوەش چالاک بێ، تەنانەت ئەگەر لەناوجێشدا بم و تــاشم لێهــاتبێ، دیســان بەئەرکەکەی خــۆم هەر ڕادەگەم، ئیتــر ئەوە پیشــەیەک نییە بەکاری بهێنین، بەڵکو لەهەر چرکەساتێکدا وەکو هەوا هەڵی دەمژین. لەڕاستیدا پێت وانەبێ من لە ماوەی ئەو پێنج ڕۆژەدا هەر بۆ چێژوەرگرتن، لەسەر ئەو باسە دووروودرێژە ڕۆیشتم، تــا لەپێشدا ئەوەندە قسەی بێ جێم کردووە کە ئیتر بەسمە، ئێستا کە قسە دەکەم مەبەستێکم هەیە، دیارە مەبەستەکەم ئەوەیە دەنگی پێکەنینەکان کپ بکەم و خــۆم لە داوەریکــردن ببوێرم، ئەگەرچــی بەڕواڵەت هیچ ڕێگەیەکــی ڕزگــاربوونیش لە گــۆڕێ نیــیە، مەگەر گەورەتــرین ئاســتەنگی ڕزگاربوونمــان ئەوەنــیە؛ کە لە پــێش هەمــووانەوە ئــێمە خۆمــان مەحکــوم دەکەیــن؟ کەوابــوو بــۆ دەســتپێکردن پێویســتە بــێ هەڵاوێــرد و جیــاوازی دانــان حــوکمکردن بەســەر هەمووانــدا بگشــتێنین، بــۆ ئەوەی هەر لەئێســتاوە دەســەڵاتەکەی ئەو [خودا] کەم بکەینەوە.

بنەمای گشتیی کارەکەی لەسەرەتاوە ئەوەیە؛ هەرگیز بۆ هــیچ کەسێک هیچ بیانوویەک نییە، من نکوڵی لە هەڵە و نیازپــاکی

و بەهەڵەداچوونی خێرا و سوککردنی سزا دەکەم. لە پەیڕەوی مندا تاوان لەکەس دانابڕێت و کەسیش بەر لێبوردن ناکەوێ، هەر سوکوئاسان دەیخەنە سەریەک و ئەوجا: "کارنامەکەت ئەوەیە؛ تۆ هەرزەیت، چەپەڵی، ئەفسانەپەرستیت، هاوڕەگەزبازی، هونەرمەندیت و شتی دیکەش..." هەروا سوکوسانا هەروا وشک و ڕەق، هەر بۆیە من لەفەلسەفەشدا وەک سیاسەت لایەنگری تیۆرییەکم نکوڵی لە بێتاوانی ئادەمیزاد بکات و لایەنگری کردارێکم کە وەک تاوانبار لەگەڵی بجوڵێتەوە، بەم شێوەیە هاوڕێی شیرینم دەبینی؛ من لایەنگری هۆشمەندی کۆیلایەتی و کۆیلەبوونی مرۆڤم.

ئەگەر ڕاستیت دەوێ، بەبێ کۆیلایەتی ڕێگەچارەی کۆتایی لە گۆڕێ نییە، من زۆر زوو ئەوەم بۆ ڕوون بووەوە، پێش ئەوە جگە لە ئازادی، هیچ وشەیەکم لەسەر زار نەبوو، کە نانی بەیانیم دەخوارد، وەک کەرە لە نانەکەم هەڵدەسوو، ڕۆژ هەتا ئێوارێ ئازادیم لەزارمدا کاوێژم دەکردەوە، هەر هەناسەیەکی دەمدایە دەرێ بۆنوبەرامەی ئازادی پێوە بوو، هەر کەس بەرهەڵستی بکردمایە من ئەم شا وشەیەم بەسەریەوە دەنا، من ئازادیم خستبووە خزمەت حەز و ئارەزوو هێزی خۆمەوە، لە پێخەفیشدا بە گوێی ئەوانەمدا دەچرپاند کە لەگەڵم نووستبوون، یارمەتی دەدام دەستبەرداریان ببم و من لەسەرخۆ........ بەسە. دەورووژێم و جڵەوم لەدەست

دەردەچێ، لەو ڕابردووەدا؛ جاری وا هەبووە بێ هیچ نیازێک کەڵکم لە ئازادی وەرگرتوە و تەنانەت سەیری ساویلکەیشم بکە، دوو یان سێ جار قۆڵم هەڵماڵی بەرگری لە ئازادی بکەم، هەڵبەتە نەک ئەوەی تا سنووری مەرگ لەگەڵی بڕۆم، بەڵام هەرچۆنێ بێ خۆمم توشی چەرمەسەری و مەترسیی کردووە، لەو بێ باکیانەم خۆش ببە: نەمدەزانی چی دەکەم، نەمدەزانی ئازادی پاداشت نییە، مەدالیای ئازایەتیش نییە، تا بەشانازی ئەوەوە شامپایان بێنین و ئاهەنگ بگێڕین، جگە لەوە دیاریش نییە، قووتوویەک شیرینی کە دەمتی پێ شیرین بکەیت، ئاخ، نا، سزایەکی تاقەتپڕوکینە، خۆدینەوەیەکە لەوپەڕی تەنیایدا دەبێت قۆڵی لێ هەڵماڵی و نیوە گیانت دەکات، نە شەرابێک لە گۆڕێیە و نە دۆست و برادەرگەلێک پێکەکانیان بەرزبکەنەوە و بە سۆزەوە سەیرت بکەن، تەنیا لەتەلاری غەمدا، تەنیا لە شوێنی تاوانکاران، لەبەرانبەر دادوەراندا ڕاوەستاویت، دەبێ بەتەنیا سەبارەت بەخۆت و داوەری ئەوانی تر بڕیار بدەیت، لەو سەری هەر ئازادییەکەوە بڕیاری دادگایەک هەیە، لەبەر ئەوەیە کە ئازادی باری شان قوورس دەکات، بەتایبەت کاتێ کە تات هەیە، یان ئازارت هەیە، یان کەست خۆشناوێ.

ئاخ هاوڕێی ئازیز، کاتێک کەسێک تەنیایە؛ نە خودایەکی هەیە و نە ئەربابێک، قورسایی ڕۆژەکان لەسەری سامناک و

تـۆقێنەرە، هەربـۆیە ئێسـتا کە خـودا بـاوی نەمـاوە، دەبـێ ئەربابێک بۆخۆت هەڵبژێریت، ئیتر ئەم وشەیە مانـای نەماوە، بای ئەوەندە نییە؛ دڵی کەسی لەسەر بیەشێنیت. لە حەکیمە ئەخلاقییەکانی خۆمـان ورد ببەرەوە کە ئەوەنـدە شـێلگیرن و هاوچەشـنەکانی خۆیـان و هەمـوو شـتێکیان خـۆش دەوێـت، بـسارودۆخی ئەوان و مەسـیحییەک زۆر لێـک دوور نیـیە، جگەلەوەی ئەوان لە کلێسا ئامۆژگاری خەڵک ناکەن، تـۆ پێـت وایە چـی ناهێڵێـت حەکیمەکـان بچـنە سـەر ڕێبـازی ئـاین؟ لەوانەیە ڕێـز و حـورمەت، حـورمەت بـۆ مرۆڤـایەتی، بەڵـێ سڵەمینەوە لە قسەی خەڵک. نایەنەوێ حەیایان بچێ، هەست و سـۆزی خۆیـان لەدڵیانـدا بەنـد دەکەن، بـۆ نمـونە مـن چیرۆکنووسێکی بێ ئیمـان دەناسم، کە هەمـوو شـەوێ نـوێژ دەکات، بەڵام جگە لە نیەتەکانی شەوانەی ئەوە هەر مەپرسە لە کتێبەکانیدا چی بەسەر خـودا دێنیت! یەکێک لەو دوژمـنە سەرسـەختانەی دیـن، ڕۆژێـک دڵـی بـۆ کـردمەوە و هەردوو دەسـتی-دیـارە بـێ ئەوەی نیـازێکی خراپـی هەبـێ- بەرەو ئاسمان هەڵبڕی و وتی: "تۆ هەواڵێکی نوێت نەدامـێ، ئەوان هەموویـان ئـاوان" خـۆ ئەگەر بـڕوا بەقسـەکەی بکەیـت سەداهەشتای نووسەرەکانی ئێمە هەرئەوەندەی نەیانزانیـانیە ئیمـزا بـکەن {نەخـوێنەوار بوونـایە}، ئەوە نـاوی خوایـان دەنووسی و دەستیان دەکرد بە زیکر و تەزبیحات، بەڵام ئیمزا

دەکەن {خوێندەوارن}، چونکە بەبڕوای خۆیان؛ خۆیان خۆش دەوێت و زیکری کەس ناکەن، لە خۆیان بێزارن، هەرچۆنێ بێ لەبەرئەوەی ناتوانن خۆ لە داوەریکردن ببوێرن، ناچارن لە ئەخلاقدا تۆڵە بکەنەوە. بەکورتی ئەوان شەیتانپەرستێکی قانیعن. هەر بەڕاستی چەرخێکی ناشیرین و مەسخەرەیە! سەیر نییە زەینی خەڵک ئاوا شێوا بێ، یەکێک لە هاوڕێکانم تا مێردێکی باش و بەوەفا بوو بێ ئیمان بوو، بەڵام هەر کە بوو بە پیاوێکی داوێنپیس ئیتر ئیمانی بۆ مەسیح پشکووت.

ئای لە دووڕوویی و خونوێنی و هیچ و پووچیی ئەو خەڵکە، سەرەڕای ئەو شتە غەمهێنەرانەش، باوەڕ بفەموو هەموویان وان؛ کە جوێن بە ئاسمان دەدەن، بێ دین بن یان بەدین، خەڵکی مۆسکۆ بن یان بۆستن، هەرهەموویان مەسیحین و ئاینیان لە باوانیانەوە بە میرات بۆ جێماوە. بەڵام سەیر لەوەدایە کە ئیتر باوکێک (خودایەک) لە گۆڕێ نییە، یاسا و ڕێسایەک لەناواندا نییە! هەمووان ئازادن، کە وابوو دەبێ گۆزەی خۆیان لەکانی وەکێشن {دەستی خۆیان بووەشێنن}، جا چونکە نە ئازادیان دەوێت و نە سەرئەنجامەکەشی، حەزیان لەوەیە زەرەرێک بکەن. یاسایەکی ترسناک داڕێژراوە، ئاگر دەکەنەوە و سێدارە هەڵدەخەن بۆ ئەوەی ئەوان بخەنە جێی کلێساکانەوە، با عەرزت بکەم ئەوان {خەڵک} هەموویان

ساڤۆنارۆلان*، تەنیا باوەڕیان بەتاوانە، هەرگیز بڕوایان بە لێبوردنی خودایی نییە، دیارە بیری لێ دەکەنەوە، ئەوەی داوای دەکەن؛ هەر ئەو لێبوردنەیە، بەڵێ وتنە، خۆبەدەستەوەدانە، بەختەوەری بوونە و جا چونکە بەسۆز و هەستیاریشن، خەونیان هەر دەزگیرانداری، کچۆڵەی جوان، هاوڕێی چاک و مۆسیقایە. بۆ نموونە من کە زۆر هەستیشم ناسک نییە، دەزانی خولیایەکم لەسەردایە؛ عەشقێکی تەواو بە گیان و بەدڵ، شەو و ڕۆژ، بەردەوام لە ئامێزی یەکتردا بوون، چێژوەرگرتن و دیسان تاسەباربوون و ماوەی پێنج ساڵی بەردەوام و دوای ئەوەش مەرگ، ئەفسوس!.

باشە ئێستا کە دەزگیرانداری بە عەشقێکی بەردەوامەوە نەبێ، بە هاوسەرێتییەکی پڕ توندوتیژی دەگات، ئەویش بە دەسەڵات و لێدانەوە. لە بنەڕەتدا هەر ئەوەیە هەموو شتێک بۆ منداڵ چۆنە، بەوجۆرە سادە بکرێتەوە و بۆهەر کارەی فەرمانێکی بۆدەربکرێت و خێر و شەڕ چوون کۆیلایەتی واتە ڕوون و بەڵگەنەویست بخرێتە ڕوو، منیش لەگەڵ ئەوەدا هاوڕام ئیتر گرنگ نیە سیسیلی بم یان جاوی، ئەگەر مەسیحیش نەبوومایە هەر مەیلم بەلای کەسی یەکەمیان {خودی مەسیح} دەچوو، بەڵام لەسەر پردەکانی پاریس تێگەیشتم منیش لە ئازادی

---

* Girolamo Savonarola ساڤۆنارۆلا: قەشە و وتاربێژ و حاکمێکی توندڕەوی فلۆرەنسا بووە لە سەدەی چواردەدا، پاش ناکۆکی لەگەڵ پاپادا، لەسێدارە دەدرێ و دواتر بۆ گۆڕوونکردنی لاشەکەی دەسوتێنرێت. و.ک

دەترسم، کەوا بێت هەر بژێ "ئەرباب" جا هەرکەس بێت بۆ ئەوەی جێی یاسای ئاسمان بگرێتەوە: "ئەی باوکی ئێمە، کە بۆ کەمێک لێرەیت.... ئەی ڕێپیشاندەری ئێمە، ئەی سەرۆکەکانی ئێمە کەڕووخۆش و جوانخاس و توندوتیژن، ئەی ڕێبەرانی خوێنڕێژ و خۆشەویست..." بەکورتی ئەوەی دەیبینی، ئەوەیە؛ ئازاد نەبین و وێڕای پەشیمانیی، ملکەچی کەسێک بین لەخۆمان بێ شەرەفتر بێ.. دۆستی شیرینم کاتێک هەمووان تاوانبار بین، ئەوکات دیمۆکراسی دێتە ئاراوە، ئەوە بێ ئەوە تۆڵەکردنەوەیەکی وەکو مردن لەتەنیایدا حیساب بکەین. مەرگ تاکە کەسییە، بەڵام کۆیلایەتی دەستەجەمعییە، ئەوانی دیش وەکو ئێمە و هاوکات لەگەڵ ئێمەدا، کۆمەڵە حیسابێکیان هەیە دەبێ پێیدا ڕابگەن و خاڵی گرنگیش هەر ئەوەیە؛ هەموو کۆببنەوە، بەڵام سەرشۆڕ و بەچۆکدا هاتوو.

باشە، وا باشتر نییە وەک خەڵکی تر بژیم و بۆ ئەوکارەش مەگەر نابێ خەڵکی تر لە من بچن؟ هەڕەشە، بێ ئابڕوویی، پۆلیس، هۆکاری ئەو لێک چوونەن، سوکایەتی پێکراو، گەمارۆدراو، لێدراو لەو کاتەدا کە دەتوانم هەموو هێزی خۆم بنوێنم و لەوەی هەم چێژ وەربگرم و بەکورتی سروشتی بم.

هاوڕێی ئازیز، هەر بۆیە دوای ئەوەی بە ئاشکرا سڵاوم بۆ ئازادی نارد، بە نهێنی بڕیارمدا کە دەبێ دەستبەجێ بیدەمە

دەستی یەکێکی تر، جا هەرکەس بێت، ئێستاش هەر جارێک بتوانم لە کلێساکەی خۆم لە مەکسیکۆسیتی وتار دەبێژم و داوا لە خەڵکە دڵسافەکەم دەکەم؛ مل شۆڕ بکەن و هەرچۆنێ بێ بە خاکەڕایی و ترسی ئاسایی، ئەو هێمنی و ئاسایشە بەدەست بێنن کە لە کۆیلەیەتیدا هەیە، تەنانەت ئەگەر سەرەنجام ئەو کۆیلایەتییە بە ئازادی ڕاستەقینەش لەقەڵەم بدەم.

بەڵام من شێت نیم، باش دەزانم کۆیلایەتی هەتا سبەینێ دەستەبەر نابێ، کۆیلەیەتی یەکێکە لە لایەنە باشەکانی داهاتوو، هەر ئەوەندە و تەواو، دەبێ خێرا لەگەڵ ئەوەی هەیە هەڵکەم و ئەگەر بەشێوەی کاتییش بێت ڕێگەچارە بدۆزمەوە. کەوایە پێویست بوو ڕێیەکی تر بدۆزمەوە، بۆ ئەوەی حوکمی دادگا بەسەر هەموو خەڵدا بگشتێنم و بەو جۆرە قورساییەکەی لەسەر شانی خۆم کەم بکەمەوە، من ئەو ڕێگایەم دۆزیوەتەوە. تکا دەکەم تۆزێک پەنجەرەکە بکەرەوە، ئێرە زۆر زۆر گەرمە، زۆریشی مەکەرەوە، چونکە سەرمام دەبێ. بیرۆکەکەی من هەم سادەیە و هەمیش بەسوودە؛ چۆنە هەمووان بە ئاودا بدەم تا تەنیا من مافم هەبێ خۆم لەبەر هەتاوەکەدا هەڵخەم؟ ئاخۆ دەبێ منیش وەک زۆربەی خەڵکە بەناوبانگەکەی سەردەمی خۆم، بچمە سەر مینبەر و نەفرەت لە مرۆڤایەتی بکەم؟ ئەوکارە زۆر ترسناکە! ڕۆژێ یان شەوێ

لەناکاو قاقا بەرز دەبێتەوە، ئەو بڕیارەی لەسەر خەڵکیت داوە، سەرەنجام دەگەڕێتەوە و ڕووی خۆت دەگرێتەوە و زیان دەگەیێنێت.

دەپرسی: ئەی چی بکەین؟ باشە، ڕێگەچارەی بلیمەتانە ئەوەیە؛ من تێگەیشتم کە جارێ هەتا ئەو وەختەی ئاغاکانمان بە قامچییەکانیانەوە دەگەن، ئێمە دەبێ وەک کۆپەرنیکۆس* لۆژیک ئەمدیو و ئەودیو بکەین تا سەربکەوین، واتا ئێستا ناکرێ خەڵک مەحکوم بکەین، بە بێ ئەوەی خۆمان دەستبەجێ نەکەوینە بەر داوەری، دەبێ لە پێشدا خۆمان مەحکوم بکەین، بۆ ئەوەی دوایی بتوانین داوەریش لەسەر خەڵک بکەین، چونکە سەرەنجام کاری هەموو دادوەرێک دەگاتە تۆبەکردن، کەواتە دەبێ لە پێشدا ڕێگەچارەیەکی پێچەوانە بگرینە بەر و لەپێشدا تۆبە بکەین، بۆ ئەوەی دواجار بکرێ بگەینە دادگایی و دادوەری. تێگەیشتی دەڵێم چی؟ بەڵام بۆ ئەوەی مەبەستەکەی خۆم ڕوونتر دەرببڕم، بە تۆ دەڵێم چۆن کار دەکەم.

لەپێشدا نووسینگەی پارێزەرییەکەمم داخست، پاریسم بەجێهێشت و چووم بۆ سەفەر، لە شوێنێک دەگەڕام، کە بکرێ کارێک بکەم و لەوێ بەناوێکی ترەوە دەست پێ بکەم،

* Nikolaus Kopernikus-نیکۆلای کۆپەرنیکۆس: گەردووناسێکی پۆڵەندییە و خاوەنی بیردۆزی خولانەوەی زەوییە بەدەوری خۆردا و بە دامەزرێنەری زانستی گەردوونی نوێ دادەنرێت. بە هۆی ئەم بۆچوونەشی کڵێسای کاسۆلیکی بوونە دوژمنی و بە کافر تاوانباریان کرد، چونکە کڵێسا دەیگوت زەوی چەقی هەموو گەردوونە و جێگیرە و ناجوڵێت و خۆریش بەدەوری زەویدا دەخولێتەوە، پاشتر ناچار بوو لە بیردۆزەکەی خۆی پەشیمان ببێتەوە. و.ک

له دونیـــادا زۆر جــێگه هەن بــۆ شــتی وا، بەڵام ڕێــکەوت، ئاسانکاریی، گەمەی چارەنووس و هەروەهـا خـۆدوور گرتن تـا ڕادەی خەڵوەت کێشـان، وایـان لێکردم ئەم پـایتەختی تەم و ئـاوە هەڵبژێـرم. شـارێک کە کەناڵەکـان بە دەوریـدا لێـدراون، پڕپڕە لە خەڵک و بونیام لە هەموو دونیاوە دێن بۆ سـەیری. مـن نووسـینگەی کـارەکەمم لە بـارێکی مەیخـانەی گەڕەکـی دەریاوانەکـان هەڵبـژارد، کڕیارەکـانی بەندەرەکە جۆراوجـۆرن، هەژاران هەرگیــــــز نـــــاچنە گەڕەکە ڕازاوەکـــــــان، بەڵام دەوڵەمەنـدەکان خـۆت بەچـاوی خـۆت بینیـووتە، ئەگەر بـۆ جارێکیش بێت ڕێگەیان دەکەوێتە جێگا بەدناوەکان. من تەنها چاوەڕوانی بورژواکانم دەکرد، بە تایبەت ئەوانەی سەریان لـێ شواوە، چونکە تەنیا لەگەڵ ئەواندا باشـترین ئەنجامم دەست دەکەوت، هەر وەک هونەرمەندێکی لێ هـاتوو کە کەمانچەیەک دەژەنێ دەمتوانی باشـترین ئاوازیان لێ دەربهێنم.

بەوجـۆرە مـاوەیەکە مـن لە مەکسیکۆسـیتی خەریکـی پیشـە بەسوودەکەم بـووم، پیشـەکەم وەک خـۆت تاقیـت کـردەوە لە پێشدا ئەوەیە لەبەرچاوی خەڵک دەست بکەم بە ددانپێدانان و بەڕاسـتوچەپدا خـۆم تاوانبـار بـکەم، ئەوە کـارێکی ئەسـتەم نییە، چونکە ئێستا ئیتر زەینم باشـە، هەڵـبەت ئاگاداریە مـن زۆر توند و خەراپ خۆم تاوانبار ناکەم، مست لە سـنگی خـۆم داناهێنمەوە، تا من نـرم و لەسـەرخۆ کەشـتییەکەم دەئـاژووم،

دەچمە نێو وردەکارییەکانەوە، خۆم دەرباز دەکەم و تەنانەت لاش دەدەم و وای لێ دەکەم بڵێ ڕاست دەکەیت و لەبیریشی بمێنێ. ئەوەی پەیوەندی بە منەوەیە، لەگەڵ ئەوەی تایبەت بە خەڵکەکەیە تێکەڵیان دەکەم، خاڵە هاوبەشەکانمان، ئەو ئەزموونانەی پێکەوە هەمان بووە، ئەو لایەنە لاوازانەی وەک یەک هەمانن، دەنگی لەبار و بەکورتی کەسایەتی باو، ڕێک بەوشێوەیەی لە من و ئەوانی تریشدا زاڵە، لەبەرچاوی دەگرم. لە هەموو ئەو شتانە ڕوخسارێک دروست دەکەم، کە ڕوخساری هەمووانە و هاوکات ڕوخساری کەسیش نییە. بەکورتی؛ ماسکێکی وەک ئەوەی لە فێستیڤاڵەکاندا بەکاری دەهێنن، ئەو دەمامکانە لە دەموچاوی مرۆڤ دەچن، بەڵام هێڵەکانی ئەم ڕوخسارانە سادە و کراوەترن، کە یەکێک لە بەرانبەریان ڕادەوەستێت، بەخۆی دەڵێ: "سەیرە.، من ئەمەم لە شوێنێک دیووە!". کە وەک ئەمشەو وێنەسازییەکەم تەواو بوو، بە دەربڕینی داخ و کەسەرەوە نیشانی دەدەم و دەڵێم: "ئەفسوس!، سەیر بکە من چۆنم" و ئیتر بانگەشەکە تەواو دەبێ، بەڵام ڕێک لەوکاتەدا ئەو وێنەیەی نیشانی خەڵکی سەردەمی خۆمی دەدەم، وەک ئاوێنەیەکی لێ دێت.

لە کاتێکدا خۆڵەکەوەم بەسەرخۆدا کردووە، بەهێوری قژم دەڕنمەوە و دەموچاوم بەنینۆکەکانم دەڕنم، بەڵام بە نیگایەکی پتەوەوە بەرانبەر هەموو بەنی ئادەم ڕادەوەستم و چیرۆکی

شـــــەرمەزارییەکانی خـــــۆم دەگێـــــڕمەوە، بـــــێ ئەوەی لەو کاریگەریانەی جێیان دێڵێت خافڵ ببم، کاتێکیش کە دەڵـێم: "من سووکترین هیچوپووچ بووم"، ئیتـر کـاتی ئەوە دێ وردە وردە و بێ ئەوەی هەستی پـێ بکرێت لە وتارەکەمـدا وشـەی (مـن) بـکەم بە (ئـێمە)، کە دەگەمە ئەو دێـڕەی: "ئـێمە ئەو بـوونەوەرەین" ئیتـر یـارییەکە گەیشـتۆتە کۆتـایی و دەتـوانم پێیان بڵێم ئێوە چین، دیارە منیش وەک ئەوانم، ئێمە هەمـوو لە قـــوڕێکین، بەڵام مـــن لە لایەنـــێکەوە لەوان باشـــترم، هەر ئەوەی کە خۆم دەیزانم، ئەوەش مافی قسە کردنم پێ دەدات. دڵنیام تـۆ ئەو لایەنە باشـەمت بۆ دەرکەوتـووە، چەنـد زیـاتر خۆم تاوانبار بکەم هێندە زیاتر مافی داوەریکردنی تۆم دەبـێ، لەوەش زیاتر، تۆش هاندەدەم خۆت هەڵسەنگێنی، ئەوکـارەش ڕێک ئۆخژنم دەکات، ئاخ هـاوڕێی ئـازیزم.. ئـێمە بـوونەورێکی سەیر و سەمەرە و داماوین و ئەگەر تۆزێک بە ژیانی ڕابردووی خۆماندا بچیـنەوە، زۆر شـت دەدۆزیـنەوە کە لێـی تـوڕە بـین، تاقی بکەرەوە، دڵنیابە من بە هەستێکی تەواو برایانەوە گـوێ لە ددانپێدانانەکانی تۆ دەگرم.

پـــێمەکەنە! بەڵـــێ تـــۆ بریگرتەیەکـــی ســـەختگیریی و ســـەربەگۆبەندی، مـــن هەریەکەمجـار کە بینیمـــی زانـیم، بەڵام ئاخرییەکەی ڕادێی، چار نییە، خەڵک زیاتر لەوەی زیرەک بن، بەهەســـتن، دەســـتبەجێ دەکرێـــت بیـــانخەڵەتێنی. بەڵام بـــۆ

خەڵکی زیرەک دەبێ کات تەرخان بکەیت، هەر ئەوەندە بەسە ڕێوشوێنی کارەکەیان بە قووڵی بۆ ڕوون بکەیتەوە، ئیتر لە بیریان ناچێتەوە و بیری لێ دەکەنەوە، دواجار ڕۆژێک برێک بە گاڵتە و برێکیش بە شڵەژاوی دەست دەکەن بە ددانپیانان.
بەڵام تۆ جگە لەوەی زیرەکیت، جەستەیەکی لەباریشت هەیە بۆ کار، لەگەڵ هەموو ئەو شتانەشدا دانی پێدا دەنێی، کە ئەمڕۆ لە چاو پێنج ڕۆژ لەمەوپێش کەمتر لەخۆت ڕازیت؟
ئێستا من چاوەڕوان دەبم نامەیەکم بۆ بنووسی، یان بە پێی خۆت بێیتەوە، چونکە دڵنیام دێیتەوە! تۆ هەر بەو شێوەیەی هەیت دەمبینیتەوە، لەبنێڕا بۆچی بگۆڕێم؟ لە کاتێکدا بەو بەختەوەرییەی شایانە گەیشتووم بەجێی ئەوەی بۆی بەداخبم، بە دووڕوویی قبووڵم کردووە، تەنانەت لەناویشیدا سەقامگیر بووم و ئەو ئارامی و هێمنییەم بۆ دەستەبەر بووە کە لە هەموو ژیانمدا لێی دەگەڕام. پێمگوتیت گرنگ ئەوەیە خۆت لە دادوەریکردن ببوێرین، بەڵام لەڕاستیدا هەڵەم کرد، گرنگ ئەوەیە پیاو بتوانێ هەمووشتێ بەخۆی ڕەوا ببینێ، ئەگەرچی ناچاریش بێ جاربەجار بێ توانایی خۆی بەدەنگی بەرز بڵێت.
من سەرلەنوێ و ئەمجارە بێ پێکەنین؛ هەمووشتێ بۆخۆم بەڕەوا دەبینم. من ژیانم نەگۆڕیووە: هەروا عاشقانە خۆمم خۆش دەوێت و سود لەخەڵکیش وەردەگرم، سەرەنجام ددانان بەهەڵەکانمدا ڕێگەی ئەوەم پێ دەدات؛ شان سووکتر

لەجاران دیسان دەست پێ بکەمەوە و دوو هێندە چێژ وەرگرم: لە پێشدا لە سروشتی خۆم و دوایش لەهەستی خۆشی پەشیمانی.

لەو کاتەوەی ئەو ڕێگەچارەیەم دۆزیوەتەوە، خۆم دەدەمە دەست هەمووشتێک؛ دەست ژن، لوتبەرزیی، غەم، ڕق و تەنانەت ئەو تسایەی لەم ساتەدا هەست دەکەم لەمندا بە تەوژم دەبێ، من دواجار و دیارە بۆ هەمیشە حوکمڕانی دەکەم، دیسان بەرزاییەکم دۆزیوەتەوە، لوتکەیەک کە بەتەنیا پیایدا سەردەکەوم و دەتوانم لەوێوە داوەری لەسەر هەموو مندالەکانی ئادەم بکەم، جارجار لە مەودایەکەوە کە وردە وردە درێژ دەبێتەوە، ئەو وەختەی کە شەو بەڕاستی جوان بێت، لەدوورەوە دەنگی پێکەنینێکم دێتە گوێ، کە دیسان دڵەڕاوکێم پێدەخات، بەڵام هەر خێرا مەخلوقات و خەلیقەت لە بن باری قورسی بێ دەسەلاتی خۆمدا دەهاڕم و سەرلەنوێ دەبوژێمەوە.

کەوا بوو من لە مەکسیکۆسیتی چەندیش بخایەنێت هەر چاوەڕێت دەبم، تا بێیتەوە و ملکەچی و کۆیلەبوونی خۆت نیشان بدەیت. باشە، ئەو بەتانییە لابە، دەمەوێ هەناسەیەک هەڵکێشم. تۆ دێیت، وا نییە؟ من شێوازی کارەکەمت بە تیروتەسەلی بۆ باس دەکەم، چونکە زۆر لەبەر دڵمی، تۆ دەمبینی کە چۆن و چەندەها شەو ئەوان لە سووکی کارە

چەپەڵەکانیـــان ئاگـــادار دەکەمەوە، ئیتـــر هەر لەم شـــەوەوە دیسان دەست پێ دەکەمەوە، ناتوانم واز لەوکارە بێنم و خـۆم لەچێژی ئەو سـاتە بـێ بەش بـکەم، کە بینـیم یەکێـک لەوان بەیارمەتی ئەلکهول لە کاتێکدا بە مست لە سنگی خۆی دەدا، بە لادا دێـت. هـاوڕێی شـیرین مـن لەو کـاتەدا گەورە دەبـم، گەورە دەبم و بەئازادی هەناسە هەڵدەکێشـم، لەسـەر لـوتکەی شاخەکەم دادەنیشم و دەشتەکەم لەبەرچاوی خۆم ڕاخستووە، ئای چەند سەرخۆشکەرە پێـت وابـێ تـۆ خـودای و بڕوانـامەی هەمیشـەیی گەنـدەڵیی ئەخلاقـی و خەراپەکـاری، بـۆ خەڵـک دەربکەیت.

مـن لە نێـو دەسـتەی فریشـتە خەراپەکـانی خۆمـدا لە سـەر ئاسمانی هۆڵنداوە لەسەر تەخت دادەنیشـم و ئـاپۆرای خەڵـک لە ڕۆژی مەحشەردا لەنێو ئاو و تەمومژدا دەبینم کە بەرەو من دێـنە دەرێ و هەڵدەکشـێن، لەسـەرخۆ هەڵدەکشـێن و مـن دەبیـنم یەکەمـین کەسیان ئـاوا زوو گەیشـتووە، لە ڕوخسـارە شـێواوەکەیدا -کە بەدەسـت نیـوەی داپۆشـیووە- چرچـی و پەژارە و نائومێـــــدی دەخـــــوێنمەوە، بەژارەیەک کە لە چارەنووسـی هاوبەشـی بونیامەکـانەوە سـەرچاوە دەگـرێ و نائومێدە لەوەی ڕێگەیەک نییە بۆ دەربازبوون، منیش بەزەیـیم پێیدا دێتەوە و بە بێ ئەوەی بیبەخشم، دەزانـم بە بـێ ئەوەی بیبورم و ئـاخ، سەرەنجام هەست دەکەم من دەپەرستێت!

بەڵـــی، زۆر هەوڵ دەدەم، چـــۆن دەتـــوانم بە ئـــارامی لە جێگاکەمدا بنووم؟ من دەبێ لە ئێوە بەرزتر بم، ئایدیاکانم بەرەو بەرزایـیم دەبەن، لەو شـەوانەدا یـان باشـتر بڵـێم لەو بەیانیـانەدا-چونکە کەوتن لە بەرەبەیاندا دەردەکەوێت- من لەمـاڵەوە دەچـمە دەرێ، بەهەڵـپە، بە تەنیشـت کاناڵەکانـدا دەکەومە ڕێ، لە ئاسمانە تازەکەدا، پەڕوپۆ ناسکتر دەبنەوە، کۆترەکان بڕێک بەرزتـر دەفڕن، تیشکێکی گوڵڕەنگ بەسـەر گوێسەوانەکاندا خۆی دەخشێنێ، ڕۆژێکی تر لە خـولقەتی من ڕادەگەیەنـێ، یەکەم شـەمەندەفەری کارەبـایی لە نێـو هەوا شـێدارەکەدا زایەڵەی هـوڕینەکەی لەوسـەری ئەورووپـا وەکـو کەڕنـای لەخەون هەسـتان دەنـگ دەداتەوە، ئەو ئەورووپـایەی هەر ئێسـتا لەوێ سـەدان میلیـۆن مـرۆڤ؛ شـوێنکەوتووەکانی مـن، بە دەمێکـی تـاڵەوە بە زەحـمەت لە پێخەفەکانیـان دێنەدەرەوە، تـا بچـنە سـەر کـارە نـاخۆش و وشـکەکانیان، لەوکاتەدایە بەباڵی هزر بەسەر ئەم کیشوەرەدا کە بێ ئەوەی خـۆی بزانـێ ملکەچـی فەرمـانە، من بەرز دەفـڕم و ڕووونـاکی بۆنخۆشی ڕۆژێک هەڵدەمژم، کە خەریکە هەڵدێ و بەکورتی بە وشەی ناساز مەست دەبم و هەست بە بەختەوەری دەکەم. بەڵێ من بەختەوەرم، پێت دەڵـێم کە بەختەوەرم، تۆ مـافی ئەوەت نییە باوەڕ بەبەختەوەری من نەکەیت، من تـا ڕادەی مەرگ بەختەوەرم! ئـــاخ ئەی خۆرەتاو، ئەی کەنار دەریاکان،

ئەی دوورگەکانی بەر بــا گەرمە وەرزییەکان، ئەی سـەردەمی لاوێتی، کە بیرەوەریت کزە لە دڵم هەڵدەستێنی!
بمبــوورن دیســان ڕادەکشـێمەوە. دەترســێم زۆر هەژابێــتم، سەرەڕای ئەوەش من ناگریم، جاری وا هەیە کە بونیام سـەری لـێ دەشـێوێ، گومـان لە شـتە بەڵگەنەویسـتەکانیش دەکـات، تەنـانەت ئەوکـاتەی پەی بە نهێنــی ژیـانێکی چێژبەخشـیش بردبێ. ڕێگە چارەی مـن هەڵـبەت تەواو کامڵ نییە، بەڵام کە مرۆڤ ژیانی خۆی خۆشنەوێ، وەختێک دەزانێ دەبێ بیگـۆڕێ و ڕێگەیەکی دیکە نیـیە، ئەرێ وانیـیە؟ ئەرێ دەکـرێ یەکێـک ببێتە کەسێکی تر؟ مەحاڵە! دەکرێ ئیتر هیچ کەسێک نەبـێ؟ لایەنی کەم بۆ جارێکیش بێت خۆت لەپێناو کەسێکی دیـکەدا لەبیـر بــکەی؟ بەڵام چـۆن؟ زۆرم لـێ مەکە، مـن وەک ئەوە دەرۆزەکـارە پیــرە وام کە ڕۆژێکیـان لە کـافێیەک لە پـاریس دەسـتمی گرتبـوو، بەری نەدەدا و دەیگـوت: "ئـــاخ قوربـان، ئێمە ئینسانی خەراب وناشایسـتە نین، تەنیـا ڕووناکیمـان ون کردووە" بەڵێ ئێمە ڕوناکی و بەرەبەیان و بێ گوناهی پیرۆزی ئەو کەسەمان ونکردووە کە لە خۆی خۆش دەبێت.
تەماشـابکە بەفـر دەبـارێ! ئـــاخ، دەبــێ بچــمە دەرەوە! ئەمستردام لە شـەوێکی سـپیدا خەوی لـێ دەکەوێـت، کانـاڵە ئاوریشــمییە ڕەشــەکان لە ژێــر پلیکـانە چکـۆلەی لە بەفــر داپۆشراودا، کۆڵانە چۆڵەکان، دەنگی کپی هەنگاوی من، پاکی

و بێ گەردییەکی تیژتێپەڕە، چوون بەیانی هەمدیس دەبێتەوە قوڕ و لیتە. بڕۆی کڵاوەی* بەفر ببینی کەچۆن بەسەر شووشەکاندا پەرش دەبێ؟ بڕۆیت کۆترەکان دەبینی، هەڵبەت هەمان ئەو کۆترانەن، ئەو ئازیزانە سەرەنجام بڕیاریانداوە بنیشنەوە، ڕووی ئاوەکە و گوێسوانەکان بە توێژاڵێکی ئەستوری توکوپەڕ دادەپۆشن، خۆیان بەپەنجەرەکاندا دەکێشن، ئای لەو هوروژمە! با هیواداربین هەواڵی خۆشیان هێنابێ، هەمووان ڕزگار دەبن، ئاگاداربە نەک هەر هەڵبژێردراوەکان، سەرەوەت و سامان و ئازارەکان دابەش دەکرێن، بۆ نمونە تۆ لەمڕۆ بەدواوە هەموو شەوێ لەبەر خاتری من لەسەر عەردەکە دەنوویت و ئیتر لەوجۆرە کارانە! دەی باشە بزانم پێی لێ بنێ، ئەگەر لە ئاسمانەوە گەردوونگەڕێک بێتە خوارەوە بۆ ئەوەی من لەگەڵ خۆی بەرێت، یان ئەگەر بەفر لەناکاو گڕ بگرێ، تۆ سەرسام دەبیت؟ بڕوات بەو شتانە نییە؟ منیش نیمە، بەڵام هەرچۆنێ بێ، دەبێ لەماڵ بچمە دەرێ.

باشە، باشە، ئاسودە دەنووم، بێ خەم بن! هەرچۆنێک بێ زۆریش متمانە بە دەربڕینی پەژارە و وڕێنەکانی من مەکە، مەبەستێکیان تێدایە، بۆ نمونە هەر ئێستا کە تۆ باسی خۆتم بۆ دەکەیت، من بۆم ڕوون دەبێتەوە کە ددانپێدانانە

* کڵاوە: کلوی درشت و گەورەی بەفر. و.ک

وروژێنەرەکانم ئامانجی خۆیان پێکاوە یان نا؟ لە ڕاستیدا من هەمیشە هیوادارم گوێگرەکەی بەرانبەرم پۆلیسێک بێ و لەسەر دزینی "دادوەرە عادیلەکان" بمگرێت، کەس ناتوانێ لەسەر شتی تر بمگرێ، واتییە؟ بەڵام ئەم دزییە یاسا دەیگرێتەوە و من کارەکانم وا ڕێک خستووە، بە هاوبەشی تاوانەکە دانەرێم، من ئەم نیگارە دزراوەم شاردۆتەوە و هەرکەسێکیش بییەوێت بیبینێ نیشانی دەدەم، کەواتە تۆ دەمگریت و ئەوەش بۆ دەستپێکی کارەکە باشە، پاشتر ڕەنگە خەریکی کارەکانی تریش بیت، بۆ نموونە سەری من بپەڕێنی و من ئیتر لە مەرگ نەترسم و ڕزگارم بێ. ئەو کاتە تۆ سەری من کە هێشتا خوێنی لێ دەچۆڕێت، بۆ ئەو خەڵکەی کە کۆبوونەتەوە بەرز دەکەیتەوە تا خۆیانی تێدا بناسنەوە و من وەک سەرمەشقێکی بەپەنگ کراو دیسان بەسەریاندا زاڵ ببمەوە. لە کاتێکی وادا، ئیتر هەموو شتێک کامڵ دەبێ منیش هەروەکو نەبوبێتم، ژیانی خۆم؛ پیشەی پەیامبەرێکی درۆین کە لە بیابانەوە هاوار دەکات و ئامادەش نییە لەوێ بچێتە دەرێ، تەواو دەکرد.

بەڵام خۆ تۆ پۆلیس نیت، ئەم جۆرە کارە زۆر ئاسان دەکرێ، چۆن؟ ئاخ! دەبینی، من خۆم وای بۆ چووم. کەواتە لەخۆڕا نەبوو ئاوا سەرسامانە خۆشم دەویستی، تۆ لەپاریس سەقالی پیشەی بەڕێزی پارێزەریت! من باش دەمزانی ئێمە لە یەک

بنوبنەچەین، ئەرێ هەموومان لەیەکتر ناچین؟ بەبێ ئەوەی ڕووی قسەمان لە یەکێک بێت، بەردەوام قسە دەکەین و هەمیشە تووشی بابەتی وەکو یەک دەبین، هەر دەڵێی لەوەپێش وەڵامەکانیش دەزانین، کەوابوو تەماننا دەکەم، بۆم بگێڕیتەوە شەوێکیان لە کەنار ڕووباری سێن، چیت بەسەرهات و چۆن توانیت ژیانی خۆت بخەیتە مەترسییەوە، هەرخۆت ڕێک ئەو قسانە بکە کە وا لەچەندین ساڵ لەوەبەرەوە لە شەوەکانی مندا زایەڵەیان دێ و دواجار من لەزمانی تۆوە دەیانڵێمەوە: "ئەی خانمە قەشەنگەکە، دیسان خۆت بخەرەوە ئاوەکە، با من دەرفەتم هەبێت جارێکی تر هەردووکمان ڕزگار بکەم!" یەک جاری تر،

چ یەدەک خستنێکی بەجێیە، ها! ئوستازی ئازیز، وای دانێ بانگهێشتەکەی من وەک خۆی قبووڵ بکەی، ئەو کات دەبێ ئەو کارە بکەیت، وەیی..! ئاوەکە چەند ساردە! بەڵام با بێ خەم بین! ئێستا ئیتر زۆر درەنگە.. هەمیشە زۆر درەنگە، بەختەوەرانە!.

## -کۆتایی-

# له بارەی ئەلبێر کامۆوە...

کامۆ، نووسەر، ڕۆژنامەنووس و فەیلەسوفی فەرەنسی لە ٧ی نۆڤێمبەری ١٩١٣ لە (مۆندۆڤی-Mondovi) جەزایر لەدایک بووە. باوکی کامۆ بەناوی (لوسیەن- Lucien) هەتیوێک بووە و خۆی خۆی فێری خوێندن و نووسین کردووە و لە ئەنبارێکی شەرابدا لە نزیکی ماڵەکەیدا کاری کردووە. دایکی، (کاترین هێلێن سینتێس- Catherine Hélène Sintès) نەخوێندەوار بووە و کێشەی قسەکردن و بیستنیشی هەبووە. دایک و باوکی کامۆ، هەردووکیان مندالانی ئەوروپایی هەژاربوون کە بە هیوای بەدەستهێنانی دەرفەتێکی باشتر بۆ ژیان لە ئەوروپاوە بەرەو جەزایر کۆچ دەکەن.

بنەماڵەی باوکی کامۆ فەرەنسین و بنەماڵەی دایکیشی خەڵکی ئیسپانیا و نیشتەجێی دوورگەی (مینۆرکا- Minorca)

هەشت مانگ دوای لەدایکبوونی کامۆ، باوکی بانگهێشت دەکرێت بۆ سەربازی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا. بابی کامۆ لە سێپتێمبەری ١٩١٤ لە شەڕی مارێن بەهۆی پارچەی خۆمپارەوە بریندار دەبێت و دوای چەند هەفتەیەک دەمرێت.
هەموو ئەو شتەی کە کامۆ لە باوکی دەیزانی؛ ئەوەیە کە وەک چیرۆک بۆیان گێڕابووەوە. قۆناغی منداڵی کامۆ لە جەزایر تێکەڵاوێک بوو لە هەژارییەکی سەخت و خۆشییە ساکارەکان. لەگەڵ دایک، برا، نەنک و دوو خاڵی لە ئاپارتمانێک بە سێ ژووری بچووکەوە دەژیان. ئاپارتمانەکەیان نە کارەبای هەبووە و نە ئاو. لە خوارەوە ئاودەستێکی تورکی لێبووە کە هەمیشە کوونەکەی بۆگەنی لێهاتووە. دایکی کاری پاکوخاوێنی کردووە. دایەگەورەی بنەماڵەکەیانی بەڕێوەبردووە کە ئەویش نەخوێندەوار بووە و بۆ پەروەردە و بارهێنانی منداڵەکان هەمیشە تێیهەڵداون. سەرەڕای هەموو ئەوانە هەمیشە کامۆ دایکی ستایش دەکرد و لە دەردی دڵکردن لەگەڵ برا و دوو خاڵەکەی چێژی دەبرد. کامۆ عاشقی قەراغ دەریا و هەتاو بوو. لە گەمەکردن لەگەڵ هاوڕێکانی خۆی لە کووچەکانی گەڕەکی بلکور کە لە هاوسێیەتی گەڕەکێکی عەرەب بووە چێژی دەبرد، کە دواتر ئەم قۆناغەی منداڵی لە ڕۆمانی نامۆیدا ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەیە.

کـامۆ لە دوا کتێبیـدا، ڕۆمـانی نـاتەواوی (مرۆڤـی یەکەم- LePremierHomme) بـاس لە نیگـای سەرسـەرەکیی (بێ بناغە) بنەماڵەکەی لەسەر دین دەکات. بنەمـاڵەی کـامۆ ئەگەرچی بە ناو کاسۆلیک بوون، بەڵام هامووشـۆی قەشـەیان نەکـردووە و نەچـوونەتە کڵێسـا و باسێکیشـیان لە خـودا نەهێناوەتە ئاراوە. کاسۆلیک بوون بەڵام هەروەکو فەرەنسـی بوونیـــان کاســــۆلیکبوونیان لە دیاریــــدەگەلێکی وەک سەرانشۆکردن (تەعمید)، عیشـای ڕەببـانی، زەماوەنـد، و ... ناشتنی مردوو، کورت کردبووەوە.

کەسێک کە لە ژیانی کامۆدا ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە، یەکێک لە مامۆسـتاکانی دەورەی سـەرەتایی کـامۆ بـووە بە نـاوی (لوویی ژێرمەن- Louis Germain) ژێرمەن هەسـت بە تواناکانی کامۆ دەکات و نەنکی کامۆ ڕازی دەکات کە بهێڵێت وانەی تـایبەتی بە کـامۆ بڵێتەوە تـا بتوانێت کە تاقیکـاریی بورسـی خوێندنـدا بەشـداری بکـات. دایەگەورەی ئیزنـی دا و کـامۆ لە تاقیکـارییەکە سـەردەکەوێت و بورسـی خوێنـدنی وەردەگرێت و دەتوانێت بەجێی ئەوەی کە وەک براکەی بچێتە سـەرکار، بچێـتە دواناوەنـدی. کـامۆ لە دەورەی دواناوەنـدی تووشی بە مامۆستایەکی دیکە هات. مامۆستایەکی لەسـەردڵان بە نـاوی (ژان گـرونیە- Grenier Jean) لەو هەمـوو کتێبانەی کە کامۆ لە دەورەی دواناوەندیدا خوێنـدبوونیەوە، لە

دوو کتێب زیاتر لە هەموان خۆشیدەهات؛ (دوورگەکان)ی ژان گرونیە و (چارەنووسی مرۆڤ)ی ئاندرێ مالرۆ.
کامۆ لە ١٩٥٩دا دەنووسێ: (دوورگەکان) بە وەبیرهێنانەوەی "ڕازەکان... شتە پیرۆزەکان... و سروشتی مرۆڤ" حەقی کەموکووڕیی پەروەردەی ئاینی منیان دەکردەوە. کامۆ هەروەها لە (دوورگەکان)ـەوە فێردەبێت کە چۆن دەتوانرێت بە وەسفی شتێک و ڕووداوە واقعییەکان، بیر و ڕامانی فەلسەفی بهێنرێتە ئاراوە.
لە ساڵی یەکەمی دواناوەندیدا بوو کە زانی نەخۆشی سیلیەتی و ئەو نەخۆشییەش بەدرێژایی هەموو ژیانیدا ئازاریدا. ئەمە کاتێک بوو کە هێشتا ئەنتیبیوتیک نەدۆزرابووەوە، بەڵام دەرمانە ئاساییەکان کامۆی لە هێرشە کوشەندەکانی ئەو نەخۆشییە ڕزگار کرد. کامۆ لە ١٩٣٣ دەچێتە زانکۆی جەزایر و بە تێزێک بەناونیشانی: 'میتافیزیکی مەسیحی و فەلسەفەی نوێ- ئەفلاتوونی' لە فەلسەفەدا بەکالۆریوس وەردەگرێت..
گەرچی نمرەکانی کامۆ بەرز نەبوون، بەڵام توانی کە لە خولی دوکتورای (ئاگریگاسیون) درێژە بە خوێندن بدات و بڕوانامەی مامۆستای فەلسەفە وەربگرێت. لە ١٩٣٨دا داواکاری کامۆ بۆ کاری مامۆستایی لە ڕشتەی فەلسەفە لە جەزایر ڕەت کرایەوە. وێدەچێت دەوڵەت نەیوستبێت کە خەرجی پزیشکی نەخۆشێک لە ئەستۆی خۆی بگرێت.

تێکەڵاوێک لە باوەڕبەخۆبوون، جلوبەرگی خاوێن و ڕووخساری لەسەردڵانی ئەوی لەلای ژنان خۆشەویست کردبوو. تەواوی ئەم تایبەتمەندیانە لەسەر زوبانی ژان کلیمانسی پاڵەوانی ئەم ڕۆمانەیەوە (کەوتن)؛ بە وردی بیردەهێنێتەوە، سەرەڕای هەموو ئەوانە لە تەمەنی ٢٠ساڵیدا بەپەلە لەگەڵ ژنێکی بێ خەم و خیاڵ و ژیکەڵە بە ناوی (سیمۆنە هایە- Simone Hié) دەچێتە هاوسەرییەوە. دایکی سیمۆنە کە پزشکێکی چاوی سەرکەوتوو بوو بەو هیوایە کە کامۆ یارمەتی سیمۆنە بدات بۆ دەستهەڵگرتن لە مادده هۆشبەرەکان بە دەست و دڵێکی ئاواڵەوە هەموو پێداویستییەکانی ئەو بووک و زاوایەی دابین کرد، بەڵام کامۆ نەیتوانی. کامۆ کاتێک کە زانی سیمۆنەی ژنی لەگەڵ دوکتۆرێک لە بەرامبەر دابینکردنی مادده هۆشبەرەکاندا دەخەوێت، لە سیمۆنە جیادەبێتەوە. کامۆ جارێکی دیکە زەماوەند دەکات. ژنی دووەمی، (فرانسین فور - Franciue Faure) مامۆستای بیرکاری و خەڵکی (ئوران- Oran) بوو. فرانسین هەم جوان بوو هەم دەروونگەرا و بەتاقەت بوو.

لە ساڵی ١٩٤٥ فرانسین دووانەیەک دێنێتە سەردنیا بە ناوەکانی کاترین و ژان. فرانسین ئەگەرچی هیچکات لە کامۆ جیا نەبۆوە، بەڵام لە خیانەتە هەمیشەیی و ئاشکراکانی کامۆ ڕەنجی دەبرد. لە نیوەی دەیەی ١٩٣٠دا کامۆ پڕ بوو لە هێز.

سەرقاڵی ڕۆژنامەگەری بۆ (ئالجێر ریپۆبلیکەن- Alger Républicain) دەبێت و ڕۆمانێک و چەندین وتار و شانۆ دەنووسێت و گروپێکی شانۆیی دروست دەکات و دەچێتە نێو حیزبی کۆمۆنیست. ماوەی ئەندامێتی کامۆ لە حیزبی کۆمۆنیستدا زۆر ناخایەنێت. لە ساڵی ١٩٣٧دا کامۆ لەلایەن حیزبەوە بەهۆی پشتیوانی لە عەرەبە ڕادیکاڵەکان کە بۆ وەدەستهێنانی مافە کۆمەڵایەتی و شارستانییەکانیان خەباتیان دەکرد، دەردەکرێت. بەڵام لە کاری نووسیدا تازە لە سەرەتای ڕێگادا بوو. یەکەم ڕۆمانی کامۆ، مەرگێکی بەختەوەر، ئەوەندە ڕێکوپێک نەبوو کە شیاوی چاپکردن بێت. بەڵام چەند وتارێکی لە ساڵی ١٩٣٧ لەژێر ناوی "پاش و پێش" و چەند وتارێکی دیکەشی لە ساڵی ١٩٣٩ لەژێر ناوی "ژین" بڵاوکردەوە.

ساڵی ١٩٣٩ ساڵی دەستپێکردنی شەڕی دووەمی جیهانی بوو. کامۆ هەوڵیدا لە سوپادا خۆی ناونووس بکات، بەڵام بەهۆی نەخۆشییەکەی داواکارییەکەی ڕەتکرایەوە. لە بەهاری ١٩٤٠دا سوپای ئەڵمانی فەڕەنسا داگیردەکات و کەمێک دواتر ئاڵجێر ریپوبلیکەن ڕادەوەستێندرێت و کامۆیش بێکار دەمێنێتەوە. دۆستێکی بە ناوی (پاسکاڵ پیا- Pascal Pia) کارێکی لە پاریس بۆ جێبەجێ دەکات؛ کارێک لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (پاریـ سوار- Paris-Soir) کامۆ لە ساڵی

١٩٤٢ ڕۆمـانێکی گرنـگ بە نـاوی نـامۆ بڵاودەکـاتەوە. لەدوای ئەویش لە ساڵی ١٩٤٣ چەنـدێک لە وتارەکـانی بە پێوەنـدی و نزیکـایەتی لەگەڵ ڕۆمـانەکەی، (ئەفسـانەی سـیزیف- Le Mythe de Sisphe) کاتێـک کە وەک نووسـەرێک ناوبـانگی دەرکـرد تـوانی لەلای خـاوەنی دەزگـای چـاپەمەنی نووسـراوەکانی، گالیمـار، کـاری ئیـدیتۆری وەربگرێـت و هەتـا کۆتایی ژیانیشی لە هاوکاریکردن لەگەڵ گالیمار بەردەوام بوو. کـامۆ ڕقـی لە هەمـوو شـتێکی نازییەکـان بـوو. لە ڕەگەزپەرەسـتییەکانیان، لە دژایەتیکردنیـان بەرامـبەر بە جوولەکەکـان، لە توتالیتاریبوونیـان و لە سـەرەڕۆیی و مرۆڤکوشتنیان. لە ساڵی ١٩٤٣ چووە نـاو ڕیـزی بـزووتنەوەی بەرگـری لە فەرانسـا و لەم ڕۆمانەشیدا (کەوتـن) ئامـاژە بەم جموجوڵە سیاسیەی خۆی لەگەڵ بـزوتنەوەی بەرگـری دەدات، هەندێک دواتریش بـوو بە سەرنووسـەری ڕۆژنـامەی (کومبـا- Combat) لە ساڵەکانی ١٩٤٥-١٩٤٤ دوو شانۆنامەی بەهێز دەنووسـێت و دەیانبـاتە سـەر سـەکۆی شـانۆ: (بەدحـاڵیبون –TheMisunderstanding) و (کالیگولا Caligula) لەو کاتانەدا لەگەڵ ژان پـۆل سـارتر و سیمۆن دۆبۆڤوار و ئەندامانی دیکەی ئەو گروپە ئاشنا دەبێت. بۆ کەسێکی وەک کامۆ کە لە کەشوهەوایەکی پـڕ لە هەژاری و نەخوێندەواریدا گەورە ببوو ئەزمـوونکردنی پـایەیەکی ئەوتـۆ و

لەگەڵ ڕووناکبیرانێکی ئاوا بەناوبانگی پاریسی گەلێک ناخۆش و هەندێکیش ترسناک بوو.

لە سەردەمی داگیرکەری نازییەکاندا بوو کە ناوی کامۆ بۆ یەکەم جار بە ئێگزیستانسیالیزمەوە لکا. ئەگەرچی بە ڕواڵەت یەکەم جار فەیلەسوفێکی کاسۆلیک بە ناوی (گابریەل مارسێل-Gabriel Marcel) وشەی فەرانسیی ئێگزیستانسیالیزمی کۆپی کردووە، بەڵام لەڕاستیدا ڕامانێکی فەلسەفی کە لەسەر بناغەی بابەتگەلی وەک بوونی مرۆڤ، هەڵبژاردن و ڕەسەنایەتی پێکهاتبێت، دەتوانین بیگەڕێنینەوە سەر سورێن کیرکێگور، هەمان پرۆتێستانی توند و تۆخی دانیمارکی. کامۆ هۆگرییەکی زۆری بە بابەتگەلی ئێگزیستانسیەوە هەبووە و بە سەختی لە دوو کەس لە داڕێژەرانی ئێگزیستانسیالیزم کاریگەر بووە: فیۆدۆر دۆستۆیۆفسکی و فرێدریش نیچە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا کامۆ هەمیشە لەوەی کە خۆی وەک ئێگزیستانسیالیست بناسێنێت، خۆی پاراستووە.

بە کۆتاییهاتنی شەڕی دووەمی جیهانی کامۆ خوێنەرێکی زۆر لە هەموو جیهاندا و چانسێکی باش بۆ بەشداریکردن لە ساغکردنەوەی فەڕەنسادا بەدەست دێنێت. ئەو چوارساڵی تەواو بە گیان و دڵ هەوڵی دا هەموو ئەو وانە ئەخلاقی و سیاسیانەی کە لە خەبات بە دژی زوڵم و ستەمی نازییەکان

فێربببوو، لەڕێگەی سەروتارەکانی: چەند نامەیەک بۆ هاوڕێی ئاڵمانی، نە قوربانی نە جەلـلاد و لە ڕۆمانی دووەمی: "تاعوون" و لە شانۆنامەی (گەمارۆی شار State of Siege) بڵێتەوە.

لە ساڵی ١٩٤٨ شەڕی سارد یەکێتی نێوان وڵاتەکانی خستەژێر تیشکی خۆیەوە. کامۆ لە شانۆنامەی (دادپەروەرەکان- The Just Assassins)ساڵی ١٩٤٩ و لە کتێبی "مرۆڤی یاخی" (١٩٥١) کەوتە بەر باسی شۆڕش و ستەمکاری و هەستانەوە. کامۆ دەیگوت کە مارکسیزم و یەکێتیی سۆڤیەت مەترسییەکی گەورەترن لەچاو سەرمایەداریی ڕۆژئاوایی بۆ ئازادیی، کەسایەتیی و بەختەوەریی مرۆڤ. دەتوانین بڵێین کە لە هەمان کاتدا "سارتەر"یش بە ئاکامێکی تەواو دژ بە کامۆ گەیشت. دوای ناردنی چەند نامەی تاڵ و ئاشکرا دۆستایەتی ئەو دوانە تێکچوو. پێشتریش لە دۆستایەتی پاسکال پیا بێبەش ببوو، هەمان کەس کە ئێستا لە شارێل دۆگۆل و حیزبە سانتریستەکەی ئەو لایەنگری و بەرگری دەکرد.

کامۆ لە ساڵی ١٩٤٥ هەندێک وتاری لەژێر ناوی 'هاوین' دا بڵاوکردەوە. ئەگەرچی ئەم وتارانە لە کاتی جۆراوجۆردا نووسرابوون، بەڵام باس لە عەشقی کامۆ بە جەزایر دەکەن. لە ئۆکتۆبەری ١٩٤٥ ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕ، بزووتنەوەی

ئازادیخوازیی نەتەوایەتی، هێرشی بردەسەر جەزایرییەکانی نیشتەجێی ئەورووپا (FLN). لە ١٩٥٥ فەرەنسییە چەکدارەکان دەستیان بە هێرشی هاوچەشن کرد لە بەرامبەر کوشتارەکانی FLN و لەسەر بناگەی 'بەرپرسیاریێتی گشتی' خوێنی زۆر بێتاوانیان ڕشت. بەدرێژایی شەڕی جەزایر، بۆ ترساندن و وەرگرتنی زانیاری دەستیان کرد بە ئەشکەنجە و ئازاری زیندانییەکان. سارتەر و بنەماڵەکەی لایەنگری شۆڕشگێڕانی FLN بوون کە دەیانویست جەزایر لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسا ئازاد بکەن. بەڵام کامۆ دوولەت بوو. ئەو لە ڕەگەزپەرستیەک کە هەشت ملیۆن جەزائیری کردبوو بە هاونیشتیمانی پلەدوو بێزار بوو، لەگەڵ ئەوەشدا توندوتیژی FLNیشی مەحکوم دەکرد و بە شتێکی ناحەز و ناپەسندی دەزانی و پێیوابوو کە ئازادبوونی جەزایر بەدەست FLN کانە و دواتر وەدەرنانی زیاتر لە یەک ملیۆن غەیرە جەزایری لێدەکەوێتەوە، هەروەها بنەماڵەکەی خۆشی.
کامۆ دەیگوت: "من باوەڕم بە داد هەیە، بەڵام بەر لە داد لە دایکم پشتیوانی و پارێزگاری دەکەم". ئەو بۆ گەیشتن بە شێوازێکی هێمنانە بۆ چارسەری کێشەکان خەباتی کرد، دەنگی دەدا بە مافی چارەنووسی جەزایر لەنێو فیدراسیۆنێکی فەرەنسیدا، هەر بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆیشت بەرەو جەزایر بۆ خڕکردنەوەی پشتیوانی. کاتێک کە نەیتوانی هیچ لایەنگر و

هاوبیرێ پەیدا بکات، دوو ساڵ بێدەنگیی هەڵبژارد. لە ساڵی ١٩٦٢ جەزایر بە سەربەخۆیی تەواو گەیشت، بەڵام زۆربەی دانیشتوانی ئەوروپایی ئەو وڵاتە بەرەو باشووری فەڕەنسا هەڵاتن.
لە ساڵی ١٩٥٦ کامۆ سێیەم ڕۆمانی خۆی بە ناوی "کەوتن" بڵاوکردەوە. ستایڵ و شێوەی ئەو ڕۆمانە لەچاو هەموو ئەو شتانەی کە پێشتر کامۆ نووسیبوونی جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە. لە نێوان ئەو ڕەخنانەی کە لەسەر ئەو ڕۆمانە نووسران ڕەخنەی ئەرێنیی و نەرێنیی تێدابوون، بەڵام کتێبەکە فرۆشێکی یەکجار زۆر باشی دەبێت و لە شەش مانگی یەکەمدا ١٢٦٥٠٠ نوسخەی لێ دەفرۆشرێت. ساڵی دواتر کامۆ چەند کورتەچیرۆکێکی زۆر سەنجڕاکێش و وتارێکیش بە دژی لەسێدارەدان لەژێر ناوی "ڕوانینێک لەسەر گیوتین" بڵاودەکاتەوە.
لە ساڵی ١٩٧٥ لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید، خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب بە کامۆ دەدرێت. ئەم خەڵاتە بێگومان دەیتوانی سەرکەوتنێک بێت بۆ کامۆ و شادی کات، بەڵام دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەکی زۆر باڵ بەسەر ئەم شادییەی ئەودا دەکێشێ. ئەو نیگەرانی ئەوە بوو کە نەکا بە ناحەق ئەو خەڵاتەی پێدرابێت و چەندین جار گوتوویەتی کە ئەم خەڵاتە دەبوا بە ئاندرێ مالرۆ درابا. ئەو نیگەرانی خەمۆکی و کردەوەی

خۆکوشتنی فرانسین و هەروەها بەرەو داکشانی ساغی و تەندرووستی خۆیشی بوو. ئەو نیگەرانی ئاژاوە و کێشەکانی نێو جەزایر بوو. لە ٤٣ ساڵیدا لەوە دەترسا کە باشترین ساڵەکانی ژیانی تێپەڕیبێتن. بە ڕۆژنامەنووسێک دەڵێت: "خەڵاتی نۆبڵ لەناکاو هەست بە پیربوونی دامێ."

یەکێک لە خۆشییەکانی کامۆ لە هەموو ژیانیدا هەڵگرتنەوە و بردنەسەر سەکۆی بەرهەمی نووسەرانی دیکە بوو. لە هەمان سەرەتای کاردا شانۆنامەیەکی لەسەر ڕۆمانێکی مالرۆ بە ناوی ڕۆژەکانی تورەیی نووسی و بردیە سەر سەکۆی شانۆ. لە کۆتایی کارەکانیشیدا لە ساڵی ١٩٥٦ شانۆنامەیەکی لەسەر ئەساسی میرات بۆ راهیبەیەکی فۆکنەر نووسی و بردیەسەر شانۆ. لە ساڵی ١٩٥٩شدا لەسەر شەیتانەکانی دیستۆیۆفسکی شانۆنامەیەکی نووسی و بڵاوی کردەوە. ئەو بیری لەوە دەکردەوە کە ١٠ ساڵی تەواو خەریکی کاری شانۆ بێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەموو هیوای بە ڕۆمانی ژیاننامەکەی خۆی بوو بە ناوی مرۆڤی یەکەم.

کامۆ بە پارەی نووسین و پارەی خەڵاتی نۆبڵ دەوڵەمەند بوو. هەربۆیە کەوتە بیری کڕینی ئاپارتمانێکی گەورە لە پاریس و ماڵێکی ڤیلایی بەردینی جوانیشی بۆ بنەماڵەکەی لە پرووانس کڕی. ( مـی Mi) دەستگیرانە دانیمارکی و گەنجەکەی کامۆ، زۆرتر لە ماڵە کوێستانییەکەی هەمان

دەورووبەر بـــوو). کـــامۆ دوور لە هەراوهۆریـــای پـــاریس، دەرفەتێکی زیاتری هەبوو بۆ نووسینی ڕۆمـانی مرۆڤـی یەکەم؛ پێیوابوو کە ئەمەیان باشترین ڕۆمـانی دەبێت و بە دایکیشـی پێشکەش کرد. پێشکەشینامەکەیشی بەم شێوەیە بوو: "بە تۆ کە هیچکات ناتوانی ئەم کتێبە بخـوێنیتەوە." دەستنووسراوە ١٤٤ لاپەڕەکەی هیچ چەشنە ئاماژەیەکی فەلسـەفی ئاشکرای تێـدا نیـیە، بەڵام دەرخەری تێگەیشـتنی تـازەی کـامۆ لە پەروەردەی ئاکـاری خـۆیەتی. بـۆ وێـنە لە جێیەکـدا کـامۆ دەنووسێت: "لە منداڵیـدا زۆرم هەوڵـدا کە لە جیاوازی نێوان حەق و ناحەق تێبگەم بەڵام کەسێک پێوانەیەکی نەدامەدەست و ئێسـتاش کە هەمـوو شـتێک لە مـن هەڵـدێت، دەزانـم کە پێویستیم بە کەسێکە کە ڕێگەم نیشـان بدات، تەمـێم بکـات، هانم بدات، نەک بە دەسەڵاتێک کە هەیەتی بەڵکو بە توانایەک کە هەیەتی، من باوکم دەوێت."

دەتوانین کارەکـانی کـامۆ ئاوهـا پـۆلێن بکەیـن، کە بـریتین لە ڕۆمانەکان، شانۆییەکان، یاداشت و کارە جۆراوجۆرەکان:

## ڕۆمانەکانی:

- مەرگی بەختەوەر La Mort heureuse ١٩٣٧
- نامۆ L'Étranger- ١٩٤٢
- تاعوون La Peste- ١٩٤٧
- کەوتن La Chute- ١٩٥٦
- مرۆڤی یەکەم Le premier homme١٩٥٩ ڕۆمانێکی تەواو نەکراوە بەهۆی مەرگییەوە.

## شانۆییەکانی:

- کالیگۆلا Caligula- ١٩٣٨
- بەدحاڵیبوون Le Malentendu- ١٩٤٤
- حکومەتی نیزامی L' Etat de Siege- ١٩٤٨
- دادپەروەرەکان- Les Justes ١٩٤٩
- میراتییەک بۆ ڕاهیبە Requiem pour une nonne- ١٩٥٦ وەرگیراو لە ڕۆمانیکی فۆکنەر بەهەمان ناو.

• شەیتانەکان Les Possédés – ١٩٥٩ وەرگێڕاو لە ڕۆمانی شەیتانەکانی دیستۆیفسکی.

## کارە جۆراوجۆرەکانی:

• پاش و پێش– L'envers et l'endroit ١٩٣٧ کۆمەڵە وتار
• ژین– Noces ١٩٣٨
• ئەفسانەی سیزیف Le Mythe de Sisyphe– ١٩٤٢
• مرۆڤی یاخی L'Homme révolté– ١٩٥١
• یاداشتەکان– Carnets ١٩٣٥-١٩٤٢
• یاداشتەکان– Carnets ١٩٤٢-١٩٥١
• یاداشتەکان– Carnets ١٩٥١-١٩٥٩

کامۆ لە ٣ی ژێنوەری ١٩٦٠ لەگەڵ میشێل گالیمار و سەگەکەیان و ئان و ژانین کچی گالیماردا، لە ماڵە هەواریەکەیانەوە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەرەو پاریس وەڕێدەکەون. ڕۆژی دواتر کە میشێل لە پشت سوکانەکەوە دانیشتووەو ماشێنەکە دەئاژوێ، ماشین لە ڕێ لادەدات و خۆی بە دارێکدا دەدات و گرمۆڵە دەبێت. کامۆ هەر هەمان کات گیانی دەردەچێت و میشێلیش چەند ڕۆژ دواتر دەمرێت. ژانین و ئان

شتێکیان لێنایەت. سەگەکەش بزر دەبێت. کامۆ زۆر جاران بە هەڤالانی خۆی گوتبوو کە هیچ شتێک ڕیسوا تر لە مەرگی منداڵێک و هیچ شتێکیش گەوجانەتر لە مردن بەهۆی خۆپێکدادانی ماشین نییە. کاتێک هەواڵی مردنی کامۆ بە دایکی دەگات، ناتوانێت بگری و تەنیا دەڵێت "زۆر لاو بوو".

سیمۆن دۆبۆڤوار لەبارەی مەرگی کامۆوە ئاوها ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە:

پاشنیوەڕۆی ڕۆژێکی مانگی یەک بوو بەتەنها لەماڵی سارتەر بووم کە تەلەفۆنەکە زەنگی لێدا. "لانزمەن" بوو کە هەواڵی دامێ "کامۆ" بەهۆی ڕووداوی ئۆتۆمۆبێلەوە گیانی لەدەستداوە. ئەو کاتێک لەگەڵ هاوڕێیەکیدا لە باشووری فەرەنساوە دەگەڕایەوە خۆی کێشابوو بە درەختێک دا و کامۆ هەرلەجێدا گیانی سپاردبوو. تەلەفۆنەکەم داخست. قورگم گیرا، لێوەکانم هاتە لەرزین بەخۆم گوت، ناگریم ئەو ئیتر بۆ من نەبووبوو.

تەواوی کات هەر لەلای پەنجەرەکەوە مامەوە و تەماشای "سان ژێرمەن"م دەکرد کە شەو باڵی بەسەردا دەکێشا. لەو کاتەدا زۆر لەوە بێهێزتربووم کە بتوانم خۆم ئارام بکەمەوە، زۆریش لەوە بێتواناتربووم کەلە خەفەتێکی قوڵدا خۆم نوقمبکەم.. سارتەریش خەفەتباربوو تەواوی شەو ئێمە لەگەڵ "بۆست"دا دەربارەی کامۆ قسەمان کرد. لەپێش خەوتندا حەبی

"بەلادۆنـاڵ"م خـوارد. مـن لەو کـاتەوەی کە سـارتەر لەژێـر چارەسـەردابوو ئیتـر ئەو دەرمـانەم بەکارنەدەهێنـا. بەڵام ناچاربووم هەرچۆنێـک بێ دەبوایە خەوم لێبکەوتایە، کەچی بێسوودبوو هەرچیم دەکرد چاوەکانم لەسەریەک نەدەنیشتن.. بەناچاری هەستامە سەرپێ، خۆم گۆڕی و لەماڵ چوومە دەرێ، کات نیوەشـەو بـوو کەوتـمە پیاسـەکردن. مـن داخـی پیـاوێکی پەنجا ساڵانەم نەدەخـوارد، مـن داخـی یـار و هـاوەڵی سـاڵانی ئومێدەواریم دەخـوارد کە بەڕوویەکـی بـێ ڕووپۆشـەوە ئەوەنـدە دەم بەخەندە و باش پێدەکەنی. من داخ و پەژارەی نووسەرێکی لاوی کۆششـکارم دەخـوارد کە عاشـقی ژیـان و خۆشـیەکانی، سەرکەوتنەکانی، هاوڕێیەتی، خۆشەویستی، عیشق و شـادمانی بـوو. ئەو ئیتـر دوێنـێ و پێـرێ لەلای وجـودی نەمـابوو. خۆشەویسـتیم بـۆ کـامۆ بەڕادەیەک بـوو لەو نیـوە شـەوەدا بەئاشکرا پێمەوە دیاربوو. یادەکانی یەکبەدوای یەک دەهـاتنەوە یادم و دەگۆڕان بە ئازارێکی سەخت بۆم. هەمیشـە کە پیاوێـک دەمرێ یا منداڵێک یا نەوجەوانێـک، کەسـانی نزیکـی مـردووەکە لەبەر ئەوەی عەزیزێکیان لەدەستداوە بۆی دەگـرین و واهەست دەکەن کە ئیتر گەنجێتیان لەگەڵ ئەودا بەخاک دە سپێرن.

بـاران نـم نـم دەبـاری هەوا سـاردبوو. لەپەنـا و قوشـبنەکاندا، خەڵکـانی بێـنەوا و پەژارەی سەرشـەقامەکان لەبەر سـەرما

هەڵتروشکابوون و خەوبردبوونیەوە. لەو شەوە تارەدا بینینی هەموو شتێک دڵمی شەقار شەقار دەکرد. ئەم بێنەوایانە ئەم نەگبەتیە ئەم شارە دنیا ژیان و مەرگ، بەیانییەکەی کە بێداربوومەوە بیرم لەوە دەکردەوە؛ کە کامۆ ئیتر ئەم بەیانیە نابینێت.

چەند ڕۆژێک دوای مردنی کامۆ، سارتەر پرسەنامەیەکی بەهێز و بەڕێزەوە دەنووسێت و مردنی کامۆ بە کوژانەوەی دەنگێکی بڵیند لە نیوەی دووەمی ژیانێکی پووچ و بێبەزەیی ناو دەنێت و لە پەسنی کامۆدا دەنووسێت: "ئەو میراتگری ئەوڕۆکەی مێژوویەکی باڵابەرزی ئەخلاقگەرایی بوو کە لەوانەیە ڕەسەنترین شتەکان لە وێژە و ئەدەبی فەرەنسادا هی ئەوان بێت."

ئاکارگەرا گوتن بە کامۆ و لە ڕیزی کەسانێکی وەک مونتنیۆ، پاسکاڵ، ڤۆلتێر و دانان تەواو شیاو دێتە بەرچاو. بلیمەتی و ڕەسەنایەتی کامۆ لەوەدا بوو کە دەیتوانی سەرکەوتووانە ڕامانگەلی فەلسەفی برێژێتە نێو چوارچێوە ئەدەبییەکان و بەو شێوەیە هەزری ئەخلاقی خوێنەرانی وەخەبەر بێنێت. ئەم سەرکەوتنە لە سێ ڕۆمانیدا و بەشێک لە وتارەکانیدا بۆ نموونە لە ئەفسانەی سیزیفدا بە ڕوونی دەکەوێت.

بەشێک لە بیرە فەلسەفییەکانی کامۆ لە ئیلهام وەرگرتنی ئەو لەو شتانەی دەوروبەری یان لێزانی لە بەیانی ئەدەبی ئەو شتانە

تێدەپەڕێت. کامۆ زۆرتر حاشای لەوە دەکرد کە فەیلەسوف بێت و زۆربەی ڕەخنەگرانیش ئەو بانگەشەیەی ئەویان بە مانایەک وەرگرتووە. بەڵام نکۆڵی کامۆ دەگەڕێتەوە سەر جیاوازی لە شێوازدا نەک جیاوازی لە بابەتدا. بۆ فرانسین دەنووسێت: "من باوەڕێکم بەو ڕامانانە نییە کە بەدوای دەمەقاڵە و باس و جیاوازی بیروڕا دێنە ئاراوە. من فەیلەسوف نیم و بۆ من ڕامان ڕووداوێکی دەروونییە کە پێدەگات و یان مرۆڤ ئازار دەدات یان سەرخۆشی دەکات." کامۆ پێی خۆش بوو کە فەلسەفەکەی لە دڵی ئەزمونی ژیاو بێتەدەر و بکەوێتە دەست مەحەکی دیتن و هەستێکی ئاکارەکی بۆ ئەوەی کە بەهێز بێت. ئەو بە هزری ڕەها و ئازاد و بێباوەڕ و ڕەشبین بوو. کامۆ بە شوێن فەلسەفاندن لەسەر شێوازێک بوو کە لەگەڵ گفتوگۆی مرۆڤانە سازگار و بە پەیامە ئایینییەکانەوە گرێدرابێت و بتوانرێت بەبێ کەڵک وەرگرتن لە واژەگەلی هونەر، بهێنرێتە ناو زمانەوە.

* بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە سود لە ویکیپیدیای ئینگلیزیی لەگەڵ بابەتێکی ڕیچارد کامبێر بە وەرگێڕانی کاوە ئامەنگەری وەرگیراوە.

سوپاسی زۆر بۆ:

• خـاتوونی ڕۆمـاننووس (بەیـان سـەلمان) کە بە بەراوردکردنـی ئەم کتێبەکە بە دەقە فەرەنسییەکەوە ماندوو بوو.

• هـاوڕێی شـیرینم (جەبـار سابیر) کە نوسـخەی فارسـی ئەم کتێـبەی بەتایبەت لە تارانەوە بۆ هێنام.

• هاوڕێی وەرگێڕم (هەژار عوسمان) کە تێبینییەکانی بەم وەرگێـڕانەوە دیارە.